خەسڵەت و ڕەوشتەکانی فێرخوازانی


زانستە شەرعیەکان

ئامادەکردنی

یونس هیرداود باویانی



هەولێر - چاپی یەکەم ٢٠٠٣



خەسڵەت و بەرەوشتەکانی فێرخوازانی

زانستە شەرعیەکان

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. iqra.ahlamontada.com



خەسلەت و رەوشتەکانی فێرخوازانی

زانستە شەرعیەکان

ئامادەکردنی

یونس پیرداود باویانی

تەفسیر

هەولێر

١٤٢٣ك-٢٠٠٣ز

نــــــاوی کتێـــــــب:	خەسڵەت و رەوشتەکانی فێرخوازانی زانستە شەرعیەکان
ئـامـادەکـــــــــردنی:	یونس پیرداود باویانی
چاپ و بڵاوکردنەوەی:	نوسینگەی تەفسیر
خـــــــــــــەت:	نەوزاد کۆیی
نـۆرە و سـاڵی چـاپ:	یەکەم ١٤٢٣ک ٢٠٠٣ز
چاپکـــــــــــــردن:	چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر
تـــــــــــــیراژ:	١٥٠٠ دانە
ژمـارەی سـپاردن:	٨٤ ساڵی ٢٠٠٣



هەولێر- شەقامی دادگا
ت: ٢٢٢١٦٩٥-٢٢٣٠٩٠٨
tafseeroffice@maktoob.com
AlTafseer@hotmail.com

بسم اله الرحمن الرحيم

پێشکەش بێ:

١- بەو قوتابی و فێرخوازو فەقێ بەرێزانەی، شەیدای زانست وزانیــارین و شەو و ڕۆژ دەخەنەسەر یەک بۆ پەیداکردنی زانیاری و خزمەت بـە پـەیامی شیرینی خواو پاشان بە میللەتە ستەمدیدە و بەش مەینەتی‌یەکەیان .

٢- بەو خوێندکارە ئیسلامخواز و دڵسۆز و بەمشوور و بوێرو بە هەڵوێست و مـرۆڤ دۆسـت و خۆنەویسـت و خۆنـاس و خواناسـانەی، کـە بێجگـە لــە ڕێبازی پیرۆزی ئیسلام بە هیچ ڕێچکەو بیردۆزێکی مرۆڤکرد ڕازی نابن و بە نەشتەری ئیمان و زانست دەیانپووکێننــەوە و وەک بڵقـی سـەرئاو ئاسا تەماشایان دەکەن!

٣-بەهەموو موسڵمانێکی دڵسووتاو و بەپەرۆش بۆ پرۆژەی بووژاندنەوەو گەشەپێدانی زانستە شەرعیەکان و وەرچـەرخاندنی بـاری نالـەباری نـاوەند وسەنتەرەکانی زانستە شەرعیەکان بەرەو ئاسۆیەکی گەشترو بە هـێز و پیرۆزتر و حاڵەتی ئاسایی خۆی .



پێشەکی :

الحمد لله الذي علّم بالقلم ، علّم الانسان مالم يعلـم ، القـائل في محكم كتابـه المبين ﴿فلولا نفر من كل فرقة طائفة ليتفقهوا في الديـــن ﴾ والصـلاة والسـلام على سيدنا محمدﷺ الرسول الأمين قائد غر الميامين القائل : ((من يرد الله بـه خيراً يفقه في الدين))[1] وعلى آله وأصحابه ومن دعا بدعوته إلى يوم الدين.

وبعد :

گەر چاوێکی سادە و بە پەلە بە نێو لاپەڕە زێڕینەکانی مێژوو و فەرهـەنگ و کولتـووری نەتەوەکـەماندا بگـێڕین، دەبینـین بـە شـێوەیەکی زۆر زەق و بـەرچاو؛ ڕۆڵ و هـەوڵ و تێکۆشـان و مـاندوو بـوون و کاریگـەری ئەرێنـەیی خوێندنگاو قوتابخانە ئاینی یە ئەهلیەکان–حوجرە– کانمان بۆ بەرجەستەو دیـار و ئاشـکراو روون دەبـێ، کـەوا ئاسـتێکی یـەکجار بـەرزو مـەزن و پڕشنگداریان تۆمارکردووە لە مێژووی نەتەوەکەماندا پیشانداوە، ئـەویش بـە بینینی دەوری ڕابەرایەتی و چاو ساغی و پێشەنگی زۆربەی هەرە زۆری بوار و لایەنە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵی کوردەواریمان، جابگرە هـەر لـە بەخشـین و پێشکەشکردنی: (هوشیاری ڕۆشـنبیری و زانسـتی و ئـایینی و ڕامیـاری و کۆمەلایـەتی)، تــا ســەر مەشــقیی و ڕابەرایــەتی بــزاف و جولانــەوە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەماندا.

هەروەها دەتوانین بلێین سەنتەرێکی زانستی بەهێز و جۆش و خرۆشبوون لە هەمبەر بوژاندنەوەی پڕۆژە(مشروع)ی ڕۆشـنبیرکردن و هۆشـیارکردنەوەی

---

١ – صحيح البخاري:٢١٢٧٣، مسلم:١٠٣٧

میللیمان و پێگەیاندنی دەیەهاو سەدەها کەسایەتی کارامەو بە تواناو پسپۆڕ لە سەرجەم بوارە جیاجیاکاندا وەکو : (زاناو ڕووناکبیرو شـەرعزان و شـاعیر و مێژوونووس و نووسەر و ئەدیب و پیاوانی ڕەمزی میللی و هتد.هوە.

بـە هەڵـەدا نـەچووین گـەر بڵێـین زۆرینـەی مێـژوو و کولتـوورو فەرهـەنگی گەلەکـەمان لـە حوجرەکـاندا سـەری هـەڵداوە و سـەرچاوەی گرتـووە کـە بەتەنها زەمەن و ساڵانێکی زۆر، تاکە مەڵبەندو سەنتەری زانستی و ئەکادیمی بوون.

حوجرەکـان بـەڵێ حوجرەکـان سـەرچاوەو چاوگـەی یەکـەمی پـیرۆزی یـە ئایینی و نەتەوەییەکەمانن و گشت لایەك قەرزاریانە !.

خوێنەری بەڕێز و سەنگین:

هەڵبەتـە فـەزڵی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆ ئـەم پەیامـە شـکۆدارەی، کـە ناوەندەکانی زانسـتە شـەرعیەکان هـەڵیان گرتـووە و کردوویانـە بـە مەشخەڵی ڕێیـان، کـە بریتییە لـە ئـایینی بـەرزو پـیرۆزی ئیسـلام، ئـەم ئیسلامەی، کە هیچ لایەن و بوارێکی ژیانی مرۆڤایەتی پشت گوێ نەخستووە، بەڵکو یاساو سیستەم و ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ تێکڕای بوارەکـان دەسـت نیشان کردووە..

چونکـە ئایینێکی سەرتاسـەری و هەمەلایـەن و گشـتگیر و واقیـع بینانـەو زانستییە لە گەڵ هەموو چاخ و سـەردەم و کـات و شـوێن و هەلومـەرجێك دا دەگونجێ و کۆکە !..

بۆیە بە تەنها بە کەلەپوور(تراث)ی هیچ نەتەوەیەك لەم جیهانەدا لە قەڵەم نادرێت، ئەم پەیامـە خواییـەی لەوەتـەی دەسـت لـەملان و ئـاوێزانی گـەلانی دونیا بووە جێ پەنجەکەی بەمانگی چـواردە ئـەچێ لـە نێـو تێکڕای گـەلانی دونیاو گەلی بەش مەینەتی کوردمان بە تایبـەت لـە پێشکەشـکردنی خزمـەتی

جۆراو جۆر و هەمەچەشن و حاشا هەڵنەگر، دیسان ئەم توێژە قوتابیانی زانستە شەرعیەکان ڕۆڵێکی پۆزەتیف (إیجابي)یانەو بەرهەمدارو بەرچاویان گێڕاوە لە بونیاتنانی کۆمەڵگای کوردەواریماندا، کە هەردەم دەرچوانی ئەم ناوەندە –حوجرە– زاناو مامۆستایان دەوری پێشەوایەتی و ڕیش سپیاتی نێو کۆمەڵ و کۆمەڵگەکەمانیان بینیوە، لە ڕێی ئەوانەوە بە هۆی ئەوانەوە تێکڕای کێشەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان بنەبڕو چارەسەرکراون..

هەروەها تاکەکانی کۆمەڵیان لە سەر خوو خەسڵەتی بەرزو بێ وێنەی (برایەتی و تەبایی و لێبوردەیی و هاوکاری و دڵسۆزی و...هتد)ەوە، پەروەردە کردووە و ڕاهێناوە و دووریان خستونەتەوە لە ڕەوشت و خەسڵەتی قێزەون و زیانبەخش و نەگریس! واتە هەم مامۆستاو هەم چاو ساغ و پێشەوای دین بوون، هەمیش هی ژین.

ئینجا بەندە وەك قوتابی و فێرخوازێکی ئەم ناوەندە زانستە شەرعیە، زەمەن و ماوەیەکە بیرۆکەی نووسینی نووسراوێکی وای لا گەلاڵە بووە، کە بتواندرێ لە ڕێی ئەوەوە فێرخوازانی ناوەندەکانی– زانستە شەرعیەکان– ڕێنمایی و ئاراستەی پێویست و ڕێك و گونجاو بکرێن و تیایدا مەوقیعیەت و مەحەللی ئیعراب و کەسایەتی و خوو خەسڵەت و ڕەوشتی فێرخوازی نەلەخشاوو ڕەسەنیان بۆ شەرح و پێناس بکرێ بە مەرەمی سەر لە نوێ بونیاتنانەوەی کەسایەتی یان و پێشکەشکردنی خزمەتێکی بچووکیش بەم توێژە ڕەسەن و مەندە..

بەڵام ئەوەی ڕاستیبێ نەمان دەوێرا خۆمان لە قەرەی کارێکی وا سەخت و گەورە بدەین، حەزمان دەکرد و بەئاواتمان دەخواست ڕۆشنبیرێکی دەست ڕۆیشتو و بە توانا و قەڵەم بە دەست و پسپۆڕ لەم بوارەدا، بەم کارە

هەستابوایە، بەڵام دیاربوو پاش چاوەڕوانی زەمەنێك هیچ كامێك، خواستەكەی بەندەیان بەجێ نەهێناو بە مەقسەد نەگەیشتم!..

بۆیە بە ناچاری هەرچەندە خۆم بە شیاوی ئەم مەیدانە لە قەڵەم نادەم- عەزمم جەزم كرد و پێنووسەكەم گرتە دەست و دەستم كرد بە ئامادەكردنی ئەم نووسراوەی بەردەستت، بەو ئومێدەی توانیبێتم خزمەتێكم بەم بوارە كردبێت و خواست و ئارەزووی دۆست و دڵسۆزانیشم هێنابێتە دی و كەمێكیش لە قورسایی بەرپرسیاریەتی و ئەركی سەرشانم سووك كردبێ و بەجێهێنابێ و شتێكم خستبێتە تای تەرازووی كردەوەكانم..

لە كۆتاییدا:

بەو پەڕی ڕاستگۆیی و نیاز پاكی و سینگ فراوانی‌یەوە، داوا لە سەرجەم خوێنەرە دڵسۆزو بە ویژدانەكان دەكەم، كەوا هەر هەڵەو ناتەواوی و كەم و كوڕیەكیان بەرچاو كەوت و هەست پێكرد لە دەمی خوێندنەوەی ئەم نووسراوەدا بەندەی لێ ئاگادار بكەنەوە، چونكە ئەوەی بێ كەم و كوڕی یە تەنها خودای باڵادەست و توانایە.

والله الهادي إلى سواء السبيل وأسأله أن يجعل العمل خالصاً لوجهه، وأن يجعله طريقاً موصلاً إلى رضوانه..

یونس پیرداود

سێشەممە (١٢)ی (جماد الثانیة)ی ١٤٢٣ی كۆچی

بەرامبەر ٢٠ی (ئاب)ی ٢٠٠٢ی زایینی

كۆمەڵگەی باسرمە

ڕێ خۆشکردن:

خوێنەرە ئازیزەکان:

لە سەرەتادا بەندە بەنیازو مەبەستی وەرگێڕانی نامیلکەی (حلیة طالب العلم)ی نوسەرو زانای بەڕێز (بکر بن عبد الله أبو زید)بوو، دەستی پێکرد، بەڵام دوایی بە پێویست و پەسندم زانی کەوا لە دووتوێی کتێبێکی سەربەخۆی ئاوادا بابەت و مەسەلەکان بەشێوازێکی فراوانترو زێدەتر بخەمەڕوو، بۆ نوسین سود لە بەرهەم وسەرچاوەکانی تریش وەربگرم بەمەبەستی بەهێز و پێزتر کردنی بابەتەکە .

ئینجا نێوەڕۆکی ئەم نووسراوەی بەردەستت پێك هاتووە لەم حەوت بەشەی خوارەوە :

بەشی یەکەم : چەند خەسڵەت و ڕەوشتێکی پێویست و پەیوەند دار بەخودی خوێندکار خراونەتە ڕوو، کە لە یازدە خاڵی جیا جیا پێك هاتووە. بەو مەبەستەی خوێندکار خۆیان لەسەر ڕابهێنن و بەرجەستەیان بکات لەخودی خۆی دا وکەسی شیاوی دوا ڕۆژی لێ دەربچێ .

بەشی دووەم : لەم بەشەی دووەمەشدا چەند ڕەوشت و خەسڵەتێکی پەیوەند دار بەژیانە زانستی یەکەی قوتابی ـ زانستە شەرعیەکان ـ باسیان لێوەکراوە، کە نۆ خاڵی تایبەت بەم بوارەی بۆ دەست نیشانکراوە و تێدا باسکراوە.

بەشی سێیەم : لەژێر ناونیشانی : (بەکارهێنان و خۆ ڕازاندنەوە بە زانیاری (التحلی بالعلم)، کە لە پێنج خالْ پێك هاتووە. هەڵبەتە خاڵی

سێیەمی چەند هەڵوێستێکی بوێرانەی هەندێ زاناو پێشەوای بە جەرگ و جوامێری تێدا خراوەتە ڕوو لەژێر ناونیشانی : (عیززەت و سەربەرزی زانایان) –عزة العلماء– .

بەشی چوارەم : لەم بەشەدا چەند ئەدەب و ڕەوشتێکی پەسندو پێویست باس کراون بۆ چاودێری وپاراستنی ڕێزی مامۆستا و فێرکار و چۆنیەتی هەڵسەوکەوت لە گەڵی دا ، دوایش چەند ڕێنماییەکی گرینگ خراونەتە ڕوو .

بەشی پێنجەم : ئەم بەشەش تایبەتە بە بواری چۆنیەتی هەڵسوکەوتی قوتابی ـ زانستە شەرعیەکان ـ لە نێو قوتابخانەدا، کە لە هەشت (٨) خاڵی تێرو تەسەل خۆی دەنوێنێ، کە زۆرێك لە ئاداب و ڕەوشتەکانی وەك : میوانداری و خواردن و خواردنەوە و خەوتن و هەستان لەخەو و ئیزن و مۆڵەت وەرگرتن و پژمین و باوێشك و قسەکردن و ...هتد لە خۆ گرتووە.

بەشی شەشەم : ئەمەشیان تەرخان کراوە بۆ بەراورد کردنێکی زانستی لەنێوان زانست و زانیاری و سامان و دارایی ، کە لە سێزدە (١٣) خاڵی بایەخدار پێك هاتووە .

بەشی حەوتەم : کەدوا هەمین بەشی ئەم نووسراوەی بەردەستتە هەندێ ئاگاداری و وریا کردنەوەی پێویست و گرینگی تێدا خراوەتە ڕوو بەمەبەستی بەرچاو ڕوونی فێرخوازی ـ زانستە شەرعیەکان ـ کە لە حەوت خاڵی پێویست پێك هاتووە و باسی لێوە کراوە .

ئینجا لە پاش خستنە ڕووی ئەم ڕێ خۆشکردنە، داواکارم لە خوای بە بەزەیی و میهرەبان، ئەم نووسراوە بکاتە هۆکارێکی ئیجابی بۆ پێشڤەچوونی ئاستی زانیاری ـ ناوەندەکانی– زانستە شەرعیەکان– و بەرچاو ڕوونی و هۆشیاری بەسودو بەرچاو بۆ فێرخوازانی ئەم نێوەندە و چاکتر و باشتر

حاڵی بوون و لەخۆدا کردە حاڵ و هاتنەوە سەر ڕاستە هێـــڵی خودایی ئـەم توێژە ڕەسەن و بەڕێزە، کە بێگومان ئەمـەش بـە هـەوڵ و تەقـەڵلا و جوهـدو ماندوبوون و شەونخونیەکی زێدە و فرە بەدەست دەهێنـدرێ وەك گوتویانـە: (من جدّ وجد).

هـەروەها دڵسۆزی و دەستبار بۆ یەکگرتنـەوە و برایـەتی و هاوکـاری و تـەواوی نێـوان ئـەهلی زانسـت چ وەك فێرکـارو مامۆسـتا چ وەك فـێرخواز و قوتابی گەرەکە.

بێگومان گەر سەرنجی بەسەرهات و قسە و گوفتـاری زانایـانی پێشـینیش دە دەین دەبینین لەڕێگا و پێناوی پەیدا کردنـی زانیـاری دا جۆرەهـا ئـازار و زەحمەتی و دەردی سەریان بینیوە بۆ نموونە :

(ابـن عبـد الـبر) ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت ـ لـە پێشـەوا (مـالك) رحمـه الله دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: ((إنّ هذا الأمر لن يُـنال حتـى يَذاق فيـه طعـم الفقر ، وذكر مانزل بربيعة من الفقر في طلب العلم حتى باع خشب سقف بيته في طلب العلم ، وحتى كان يأكل ما يُلقي على مزابل المدينة مـن الزبيـب وعصـارة التمر))[1].

واتـە: ئـەم کـارە ـ پـەیدا کردنـی زانیـاری ـ تالـەپێناوی دا تـامی هـەژاری نەچێژی پـێی ناگـەی ، پاشـان باسـی (ڕەبیعـە)ی کـرد، کـە لـەم پێنـاوەدا دووچاری چ هەژارییەك هاتووە، بـە شـێوەیەك ناچـاری فرۆشـتنی دارەکـانی سەربانی خانووەکەی و خواردنی خۆراکە فـڕێ دراوەکـانی سـەر زبڵدانـەکانی شار بووە ! .

بە (شەعبی)یان گوت: من أين لك هذا العلم كله؟ ئـەم هـەموو زانیـارییەت چۆن پـەیدا کردووە؟ لەوەڵامدا گوتـی: ((بنفـي الإعتمـاد ، والسـير في البـلاد ،

١ ـ الجامع في طلب العلم الشريف/ ص ١٥٨من (جامع بيان العلم)ج١/ص٩٧.

وصبر كصبر الحمار ، وبكور كبكـور الغـراب))[1] واتـه: بـەهۆی پاڵنەدانـەوە و گەڕان بەوڵاتان و ئارامگرتن وخۆراگری یەك وەك ئارامگرتن و خۆڕاگـری گـوێ درێژ و ، زووهەستان و وەخۆكەوتنی بەیانیان وەك هی قەڵەڕەشە !.

پێشینانیش زۆر ڕاستیان گوتـووە، کـە دەڵێـن ((العلـم لا يُعطيـك بعضَـهُ ، حتى تعطيه كُلكَ)) .

ربنا تقبل منا إنك أنت السميع العليم ، وتب علينا إنك أنت التواب الرحيم

والله الموفق إنه على كل شيء قدير

---

١ - الرحلة في طلب الحديث/ص١٩٦و (الجامع في طلب العلم الشـريف) ص/١٨٠ بەلام لـە (الجامع) دا لـە جیاتی وشەی (الحمار) وشەی (الجماد) هاتووە.

بەشی یەکەم

چەند خەسڵەت و ڕەوشتێکی پەیوەندی دار بە خودی خوێندکار

لەسەرەتادا بەر لەوەی دەست بکەین بە هەژمارکردنی ئەو خەسڵەت و ڕەوشتانەی، کەپەیوندی دارن بە خودی خوێندکارانی زانستە شەرعیەکان ، پێویستە خوێندکار - فەقێ - ئەم ڕاستی یە چاك بزانێ، کەوا تاکێکی وەکو ئەو، کە ئامانجی بە دەست هێنانی زانستە شەرعیەکانی لا گەلاڵە بووە، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژێکی نزیك دا کۆمەلگەو دەورویەری کەڵکی لیٚ ببینن و گۆڕانکاری بخولقێنێ. هەڵبەتە ئەمە کارێکی واسادە و سانانیە، بەڵکو شەونخونی و شەکەتی ئەوێ، بۆیە کۆمەڵە ڕەوشت و خەسڵەتێکی گرینگ هەن، کە لەواقیعدا وەك بنەماکانی پێگەیشتنی خوێندکار تەماشا دەکرێن و حسابیان بۆ دەکرێ، زەروورە خۆی لە سەریان ڕابهێنێ و جێ بەجێیان بکات ، کەلەخوارەوە ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین وەك :-

١- زانست بەخوا پەرستی دانان:

بەڵێ لە تێگەیشتنی ئیسلامی دا، بەپێی دەقە شەرعیەکان لە قورئان و سوننەتدا ، زانست وزانستخوازی خواپەرستی‌یەو بەمەش لە قەلەم ئەدرێ ، تا ئاستێکی وابەشێك لە زانایان فەرموویانە (العلم صلاة السر وعبادة القلب)[1] واتە: زانیاری نوێژی نهێنی‌یەو خواپەرستی دڵە، جابێگومان لە سەر ئەو ئەساسەی کەوا دەڵێین - زانست خواپەرستی‌یە- پێویستە بزانین، کە خواپەرستی(العبادة)ش مەرجی تایبەتی خۆی هەن، بۆنموونە:-

---

١ -حلية طالب العلم .ص٦

أ- بەس خودا مەبەست بوون (الاخلاص) :

یەکەمین وبنەڕەترین مەرجی خواپەرستی (نیەت پاکی)یە کەواتە دەبێ سەرەتا بەرلەوەی دەست بەکاربی لە بەدەست هێنانی زانست (العلم) پێویستە قوتابی - فەقێ - دڵی خۆی بۆ خوا یەکلا بکاتەوە و تەنها ڕەزامەندی خودای مەبەست بێ، چونکە ئەگەر - خوانەخواستە - بەو شێوەیە نەبێت، وەکو کورد گوتەنی : (دەبێت بە سەپانی پووشێ و لە ماندووبوون بەولاوە هیچی تری پێ نابڕێ) زانستەکەیش لە بری سودگەیاندن زیانبەخش دەبێت - پەنا بەخوا - خوای زاناش لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ فاعبد الله مخلصا له الدین... ﴾[1] واتە : خودا بپەرستە و بەندایەتی خۆتی بۆ یەکلابکەوە.. کەوابێ بەس خودا مەبەست بوون، لە هەر ئیش و کارێك دا، مەرجی بنەڕەتی و دروست بوون و وەرگیرانی ئەو کارەیە. پێغەمبەری پێشەواش ﷺ فەرموویەتی: ((إنما الإعمال بالنیات وإنما لکل إمرء ما نوی))[2] واتە: بێگومان وەرگیران و وەرنەگیرانی، هەموو کردەوەیەکی باش بەس بەگوێرەی نیازو مەبەستە، بێگومان هەموو مرۆڤێکیش بەپێی نیازو مەبەستی حسابی لە گەڵ دەکرێ .

ب - پێکان و بەپێی شەرع بوون (الصواب) :

تاکە خەسڵەتێك، کە چاکەو خێری دونیا و دوارۆژ بەرهەم بهێنێ، بریتیە لە (خۆشویستنی خودا و پێغەمبەر ﷺ، ئەمەشیان تەنها بە شوێن پێ هەڵگرتنی و گرتنی خەت و ڕێبازی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بەدەست دەهێندرێ، وەك لەم بارەیەوە خوای کارزان ئەفەرمووێ: ﴿ قل إن کنتم

---

١ -الزمر /٢

٢ - متفق علیە: البخاری : ١، ٦٦٨٩، مسلم : ١٩٠٧

تحبون الله فاتبعوني يحببكم الله، ويغفر لكم ذنوبكم﴾[1] واته: پێیـان بڵـێ: ئـەی محمد ﷺ ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن خواتان خۆش دەوێـت، شـوێن پـێی مـن هەڵگرن و شوێنم بکەون، ئینجا خوا ﷻ ئێـوەی خـۆش دەوێت و لـە گونـاهو سـەرپێچیەکانتان دەبـوورێ . بـەڵێ بۆیـە پێویسـتە خوێندکـاری زانسـتە شەرعیەکان، سەرەڕای نیازپاکی و بەس خوا مەبەسـت بـوون لـە کارەکـەیدا، مەرجە شـەرعیش بەم زانستە ڕازی بێ وبـەپێی ڕەزامـەندی شـەرع و لـە ژێـر چاودێری ئەودا بێت، لە گەڵ شەرعدا ناکۆکی و تێك گیران ڕوونەدا.

٢-ترسان لە خوا ﷻ :

خوێنەری بەڕێز :

یـەکی دیکـە لـەو خەسـڵەتە بەرزانـەی فـێرخوازی - زانسـتە شـەرعیەکان - بریتیە لە - لەخوا ترسان - واتە : دەبێ بەو پەڕی دڵسـۆزی یـەوە ، هـەوڵدات بۆ ئاوەدان کردنەوەی دەرودەروون - الظاهر و الباطن - ی بە ترسان لە خوای باڵا دەست، چونکە بێگومـان - ترسـان - قـامچی خوایـە بـەندەکانی بـە هـۆی ئەوەوە ئەخاتە سەر ڕێبازی و ڕاستە شەقامی زانیاری و کردار، تاکو ببێت بە هۆکارێکی کاریگەر بۆ لەخوانزیك بوونەوە و وەرچەرخان بەرەو خوا ..

دەتوانیین بڵێین: ترس - الخـوف - بریتیەلـە: سـوتان و ژانـی دڵ بـە هـۆی ئەنجام دانـی کـارێکی ناپەسند و خـراپ، بەرامبـەر زاتـی بـەرز و باڵادەسـتی خواﷻ. هەروەها هۆکارێکی گرینگیشـە بـۆ ڕاهێنـانی سـەرجەم ئەندامـەکانی لەش لەسـەر دوورکەوتنـەوە لـە تـاوان و پەیوەسـت بـوون بـەخوا پەرسـتی و گوێڕایەڵی...

---

١ -آل عمران/٣١

خوای مەزنیش دەفەرمووێ : ﴿ إنما يخشى الله من عبـــاده العلمـــاءُ ﴾[1]
جابێگومان، هەر شتێك گەورەیی زانیاری بگەیێنێ، بەهەمان شێوە گـەورەیی - ترسان لە خواش - دەگەیێنێ ، چونکە - ترسان - بەرهەمی زانستە...

بۆیە پێشەوا (ئەحمد) ڕەحمەتی خـوای لێبێـت - دەفـەرمووێ: بنچینـەو بنەڕەتی زانست لە خوا ترسـانە، کەواتـە پەیوەسـت بـە بـە لەخواترسـان لـە هەردوو حاڵەتی نهێنی و ئاشـکرا، چونکـە باشـترین مـرۆڤ کەسـێکە لـە خـوا بترسێ ، هەڵبەتــە لـە خـواش ناترسـێ مەگـەر زانـا نـەبێت، کەواتـە باشـترین مرۆڤ مرۆڤی زانایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانا بەزانا لەقەڵەم نادرێت، مەگەر کار بەزانستی بکات واتە - عامل - بێت ، زاناش کار بەزانستی ناکات مەگەر لە خوا بترسێ.[2]

خوێندکاری ئازیز :

بەڵام ئەبێ ئەم ڕاستیەش بزانـین، کـە ترسـان لـەخوا(الخـوف مـن الله)ش، پلەو ئاستی خۆی هەن، کە هەرگیز نابێ تێکەڵ بە یەکتر بکرێن، بۆ نموونە:

أ- کورتە ترس . الخوف القاصر .

کـە جۆرێکـە مـرۆڤ دوچـاری بـێ ئاگـایی - الغفلـــة - دەکـات ، دەروونــی سەرکەشیش پێ قەدەغە و ڕێشمە ناکرێ لە تاوان کردن .

ب - زێدە ڕۆیی لەترس - الإفراط في الخوف - :

زێـدە ڕۆیـی کـردن لـە - تـرس - مـرۆڤ ئەخاتـە حالـەتی بێ هیوایـی وبـێ ئومێدی .

---

١ - فاطر/٢٨

٢ - حلية طالب العلم. ص٩

ج –ترسانی مام ناوەندی:

بێگومان ئەم جۆرەیان باشترین و گونجاو ترین پلەو جۆری ترسە.

جابەڕێزان:

تاکی لە خوا ترسیش کەسێکی وا سادەو سەرکێل نیە، کەوا بەشێوەیەك لە چەمکی ـ لەخواترسان ـ حاڵی بێ، کە تەنها بریتیە لە: گریان و فرمێسك سڕین و بەس، بەڵکو چاك بەڵەدەو دەزانێ کەترسانی ڕاستەقینە بریتیە لە دەست هەڵگرتن و پشت کردن لەم کارو کردارانەی، کە مرۆڤ لە سەرئەنجامدانیان دووچاری سزادان دەبێت .

هەندێ لەزانایانیش بەم شێوەیە دەربارەی ـ لەخواترسان ـ دواون، کە دەڵێن ((ئەگەر کەسێك لە شتێك بترسێ لەبەری ڕائەکاو هەڵدێت، بەڵام بە پێچەوانەوە کە کەسێك لە خوا دەترسێ بۆ لای خوا ڕائەکاو بەرەو لای دەگەڕێتەوە))[1] !! .

٣- هەست کردن بەچاودێری خوا ﷻ :

خەسڵەت و ڕەوشتێکی تری ـ قوتابی زانستە شەرعیەکان ـ بریتیە لەوەی، کە هەردەم لە هەموو کات و شوێنێك دا هەست بە چاودێری ـ المراقبة ـ ئاگاداربوونی خوا دەکات و دڵنیایەو دەزانێ، کە هیچ شتێك لێی وون نابێ، شەوی تاریك و ڕۆژی ڕووناك، لای خوا یەکسانە هەست بەسیلەی چاوو خورپەی دڵ دەکات، هیچی لێ نادیار نیە، تەنانەت دەنگی پێی مێرووش، هەروەك لەم بارەیەوە دەفەرمووێ : ﴿ وما يخفى على الله من شيء في الأرض ولا في السماء﴾[2] واتە: هیچ شتێك لە خوا ون نابێ ، نەلەزەوی و نەلە ئاسماندا .

---

١ – البحر الرائق في الزهد والرقائق/ص٢٢٠

٢ –ابراهيم/ ٣٨

هەروەها پێغەمبەری سەروەریشمان ﷺ فەرموویەتی: ((اتـــقِ اللهَ حَيْثُمــا كنتَ))[1] واتە: لە هەر شوێن و کات و حاڵە تێکدا ، لە خوا بترسەو پـارێز لـە خوا بکە .

٤ـ دونیا بەکەم سەیر کردن ـ الزهد ـ :

دونیا کردن بە ئامانج و خۆشویستنی ژیانی دونیـا و هـەڵبژاردنی بـە سـەر ژیانی دوا ڕۆژدا، سیما و خەسڵەتێکە لـەو خەسـڵەتە بـەدو نەگریسانەی، کـە کـافر و خوانـەناس و سـتەم کـاران پێیـەوە دەناسـرێن، بـە درێژایـی مێـژووی مرۆڤایـەتی خەسـڵەتێکی زەقــی ئــەوان بــووە، وەك خــوای کـــار لـــەجێ دەفەرموێت:﴿ ويل للكافرين من عـــذاب شديد الذين يستحبون الحياة الدنيا على الأخرة ﴾[2] واتە: هاوار بۆ بێ باوەڕان لە سزاو ئازارێکی توند، ئەوانەی، کە ژیانی دونیا بەسەردواڕۆژدا هەڵدەبژێرن .

بەڵام بێگومان، خوێندکاری زانستە شەرعیەکان، نەك تەنها ئەم خەسـڵەتە لەخۆی ناوەشێنێتەوە، بـەڵکو هـەوڵی ڕیشـەکێش کـردن و لـە نێـو بردنیشـی دەدات، تاکو کۆمەڵگەو کەسانی گیرۆدە بوو پێی پاك و خاوێن بکاتەوە لـەم جۆرە خەسڵەتە ڤایرۆس ئاساو زیانبەخشانە تێدەکۆشـێ و ڕەنـج دەدات، بـۆ ئەوەی لە شوێنیا خەسڵەتی – دونیا بەکـەم گرتـن ـ بڕوێنـێ و بـەرقرار بکـا، چونکە ژیان وگوزەرانی دونیا لە هزرو تێگەیشتنی ئەو، شتێکی کەمـەو تەنـها وەسیلە وکێڵگەیەکە بۆ دواڕۆژ، چونکە خۆی بـە خوێندکـارو فـێرخوازی ئـەم قوتابخانەیە دەزانێ، کـە مامۆسـتاکەی پێغەمبـەری پێشـەوا ﷺ دەربـارەی ـ ژیانی دونیا ـ بەم شێوەیە دەدوێ و دەفەرمووێ: ((ما الدنيا في الأخـــرة إلا

---

١ - حسن الترمذي: ١٩٧٨

٢ -ابراهيم/٢-٣

مثلُ مايَجعلُ أحَدُكُم أصْبَعَهُ في اليم فَلْيَنْظُر بِمَ يَرْجِعُ!؟)).[1] واتە: وێنەی دونیا لەچاو دواڕۆژ تەنها وەك ئەوە وایە، کەیەکێکتان پەنجەی دەخاتە ناو دەریاوە، جا سەرنج بدات داخوا چ بە پەنجەیەوە دێ .

ئینجا خوێندکار و فەقێی وریا: توخوا ژیانێك ئەمە ماهیەتی بێت چۆن مرۆڤی ژیر ئەیکات بە ئامانج و ڕەنجی بێ سنووری بۆ ئەکێشێ و تەمەنی کورتی لە پێناوی دا خەسار دەکات ؟! بێگومان ـ دونیا بەکەم گرتن ـ یش لە زۆر ڕوو لایەنەوە بە دەردەکەوێ بۆ نموونە :

أـ لایەنی خواردن و خواردنەوە: واتە: لەم لایەنەوە زێدەڕۆیی نەکات و زۆر بەتەنگ وورگەوە نەبێت و نەوسن و ئارەزوو پەرست نەبێت .

ب ـ سەرقاڵ نەبوون و زیاتر لە پێویست خۆخەریك نەکردن بە کۆکردنەوە و خستنە سەریەکی پارەو سامان، واتە: قەناعەتی هەبێ و بەرچاوتێربێ .

ج ـ لایەنی جل و بەرگ وپۆشاك : بەشێوەیەك خەریکی مۆدیلات و پۆشاکی زۆر بە نرخ نەبێت بە جل وبەرگی سادە و کەم نرخیش ڕازی بێت .

د ـ لایەنی ناو و شۆرەت : واتە: گوێ بەمەدح و بەشان و باڵ هەڵگوتنی خەڵکیەوە نەدات و دووربێ لە خەسڵەتی خۆ بەدەرخستن.

هـ ـ شێوەی خوڕەوشت و هەڵس وکەوت لە گەڵ دەوروبەردا : بە جۆرێك کەوا نموونەی مرۆڤێکی نەرم ونیان وبێ فیزو خۆنەویست و گوفتارشیرین ئاکار بەرز بێت لە نێو کۆمەڵدا.

خوێنەری سەنگین وفەقێی لەدڵا شیرین :

خەسڵەتی ـ دونیا بە کەمگرتن ـ بە درێژایی مێژوو دەوری کاریگەر و بێ وێنەی بینیوە، لەپێگەیاندنی دەیەهاو سەدەها زانا و بلیمەتی خواناس و ناودار وبێدار، چونکە وەك هۆکارێکی کاریگەرو بایەخداریان تەماشا کردووە،

---

[1] ـ صحيح: مسلم : ٢٨٥٨

بۆ بڕینی سەرجەم قۆناغ و پلەکانی ساڵح بوون و بەرەو خوا چوون

بۆ نموونە : یەحیای کوڕی یەحیا، کە ئیمامی مالك، وەك ڕێزلێ نانێك نازناوی (عاقل أهل الأندلس)ی لێناوە، کە یەکێك بووە لەو خوێندکارانەی لە تەمەنی منداڵییەوە لە خزمەت ئیمامی خوێندووە، بە هۆی زیرەکی و ژیری ولێهاتووییەوە جێی سەرسوڕمانی. بووە، دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان قوتابی ناوبراو - هاوڕێ لە گەڵ چەند قوتابیەکی ترەوە سەرقاڵی دەرس خوێندن دەبن لە خزمەت ئیمام، یەکێك لە هاوەڵانی دەڵێت: ئا ئەوەیان فیلە، هاوەڵانی بە پەلە خۆیان کردە دەرەوە بۆ تەماشاکردنی فیلەکە، بەتەنها یحیی لە گەڵ ئیمام مایەوەو خۆی تێك نەدا، بۆیە ئیمام پرسیاری لێدەکات لەهۆی نەچوونە دەرەوەی وەك باقی هاوەڵانی، بۆ تەماشا کردنی فیل -، کە لەو کات لە وڵاتی ئەندەلوس نەبوو یان کەم بوو ناوبراو لە وەڵامی ئیمام دا گوتی: مامۆستا من کە لە نیشتمان و وڵاتی خۆم هاتووم بۆ ئێرە ژیانی غەریبیم هەڵبژاردووە بەو نیازەی زانست و زانیاریت لێوە فێربم، نەك بۆ تەماشاکردنی فیل. بۆیە دوای ئەوەی ئیمام ئەم جۆرە هەڵویستانەی لێ بیستن نازناوی عاقل اهل الأندلس ی پێ بەخشی! ؟..

جا بەڕێزان : بێگومان تەماشاکردن و سەیرکردنی گیانلەبەری سەیرو نامۆ کارێکی موباحە.. بەڵام کاتی قوتابی فەقێ زۆر لەوە کەمترە، کە خۆی سەرقاڵ و خەریك بکات بە کارێکی وا، ئەگەر چی لە ڕیزی کارە موباحەکانیش بێت .

٥- خۆ بە کەم گرتن و بێ فیزی :

یەکی دیکە لەو خەسڵەت و ڕەوشتانەی، پێویستە خوێندکاری زانستە شەرعیەکان، خۆی لەگەڵیا ڕا بهێنی و بیکات بە واقعێك لە ژیانیدا، بریتیەلە: (خۆ بە کەمگرتن) و دوورەپەرێز بوون لە لووت بەرزی و فیز و شانازی

کردن بە سەر خەڵکی‌یەوە، چونکە ئەم سیفەت و ڕەوشتانە سەرەڕای ئەوەی تاوانن و مرۆڤ پێیان گوناهبار ئەبێ لە لایەن خواوە، هاوکات کەسایەتی قوتابیش دەشێوێنێ و لەکەدار دەکات، هەڵبەتە کارێکیشە لەگەڵ ڕەوشتی هەڵگرانی - زانستە شەرعیەکان - هەڵ ناکا و تێك ناکاتەوە، چونکە بێگومان هەڵگری ناسنامەی - زانستە شەرعیەکان - دەبێ تابلێی مرۆڤێکی ڕووخۆش و بە پەرۆش و کردارو گوفتار شیرین و ئارامگرو مل کەچ و حەق و ڕاستی قبوڵ کارو ڕاستگۆ و بێ‌فیز بێت لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵ بەتایبەتی هاوەڵ و نزیکانی.

ئینجا خوێندکاری ئازیز :

سەرنج بدەو بزانە، پێشینانی ئەم ئوممەتە ئیسلامیە چۆن چۆنی و بە چ شێوەیەك خۆیان لە خەسڵەتە بەدو خراپەکانی وەك : شانازی و فیز بەسەر خەڵکەوە کردن بەدوور گرتووە ..

بۆ نموونە: پێشەوا -الذهبی- لەباسی -عەمری کوڕی ئەسوەدی عەنسی-دا کە لە سەردەمی خیلافەتی - عبدالملکی کوڕی مەروان - وەفاتی کردووە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێ : عەمر کە لە مزگەوت دەهاتە دەرەوە، دەستی ڕاستی دەخستە سەر دەستی چەپی، جا لەهۆی ئەنجامدانی ئەم کارەیان لێ پرسی؟ لە وەڵامدا فەرمووی: لە ترسی دووڕوویی کردنی دەستەکانم وا دەکەم![1]

بەڵێ خوێنەری بەڕێز :

خوێندکاری زانست و شەرع دۆست، دەبێ بەم شێوە پاکە خۆی ڕابهێنێ، نابێ بە هیچ شێوەیەك تەفرە بە بڕە زانستەکەی -یاخود هەر جۆرە بەهرەیەکی تری خوا پێداو - بخوات و غروری بیگرێت و بەم هۆیەوە لووت

---

١ -حلية طالب العلم/ ص- ١٠

بەرزی و خۆبەگەورەگری (التکبر) بنوێنی لە گەڵ دەورووبەری و کەسانی بەرامبەریدا.

ڕاستییەك:

بێگومان هەرخوێندکار-فەقێ-یەك ڕەوشتی خۆ بەگەورە زانینی هەبوو واتە (متکبر) بێت مەحاڵە بتوانێت بە پێی پێویست زانیاری بە دەست بهێنێ و لێی بەهرەمەند بێت، چونکە لە ناخی خۆیدا کەسایەتی خۆی لە خەڵکی تر بە زاناترو تەواو کامل تر و لێوەشاوەو بە تواناتر تەماشا دەکات و هەڵدەسەنگێنێت، هەڵبەتە ئەمەش کۆسپێکی ڕێگرە لەبەردەم پێشڤەچوونی توانا زانستییەکەی.

پێغەمبەری خواش ﷺ دەربارەی خۆبەگەورەزان و لوت بەرز فەرمویەتی: ((لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كبر..)) کەسێك ناچێتە بەهەشت، کە بە ئەندازەی گەردیلەیەك خۆبەگەورەزانی لەدڵ دا بێت.

٦- بە ئارامی و خۆڕاگری:

ڕەوشت و خەسڵەتێکی تری قوتابی - زانستە شەرعیەکان- کە پێویست وایە خۆی لە سەری پەروەردە بکات و لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی دا ڕەنگ بداتەوە، بریتییە لە (بە ئارامی و خۆڕاگری) دیارە بێگومان ئەم ڕەوشتەش کاریگەریەکی بێ وێنە لەسەر ژیانی قوتابی هەیە، بۆیە هەڵگرتنی وەك خەسڵەتێك و بە ئەنجام گەیاندنی پاداشی بێژمارەی پێوەیە لای خوا ﷻ هەر وەك دەفەرمووێ ﴿ إنما يوفّى الصابرون أجرهم بغير حساب ﴾[1] لەمەش زیاتر پەروەردگار هەواڵی موژدە بەخشی (لە گەڵ بوون) المعية-مان بە گوێدا ئەچرپێنێ و دەفەرمووێ: ﴿ واصبروا إن الله مع الصـٰبرين ﴾[2] ئینجا

---

١ - الزمر: ١٠

٢ - الأنفال: ٤٦

ئارامگرتن و بە ئارامی (الصبر) وەك (راغب الأصفهاني) دەڵێ: بریتییە لە دەرفەت نەدان و جڵەوگیرکردنی دەروون (النفس) لە سەر هەر شتێك، کە پێی ناخۆشە -حبس النفس عما تكره- یاخود بەم شێوەیە پێناس کراوە، کە دەڵێ: قوت دانی تاڵی و سوێرییەکانی ژیانە بەبێ دەربڕینی ڕووگرژی و ناڕەزایی (تجرع المرارة من غير تعبس)[1] ئینجا پێشەوا (عەلی کوڕی ئەبی تالیب- رەزای خوای لێ بێت-) ئارامگرتن دابەش دەکات بۆ ئەم سێ بەشانەی خوارەوە:-

ئارامگرتن لەسەر فەرمانبەری خوا (صبر على الطاعة).

٢-ئارامگرتن لە سەر بەڵاو گیر و گرفت و ناخۆشی (صبر على المصيبة).

٣-ئارامگرتن بەرامبەر ئەنجامدانی خراپەو تاوان(صبر عن المعصية): بەهۆی بەرهەڵستیکردنی دەروون و خۆبەدەستەوەنەدانی.[2]

کەواتە: برای فێرخواز و فەقێی شیرین، هەڵبەتە تۆ بە ئومێدی هەڵگرتن و بەرز ڕاگرتنی بەیداخی زانستە شەرعیەکان و پێشەنگ و سەرقافڵایەتی کردنی خەڵکی و چاکسازی و ڕاستکردنەوەی کۆمەڵ و ئاشناکردنیان بە پەیامی خواو پاشان بەرقەرارکردنی لە واقیعی کۆمەڵگە و سەرجەم بوارەکانی ژیان دا پێت ناوەتە گۆڕەپانی کارو لاف و گەزافی ئەمانەو جاری وایە زیاد لەمانەش لێ دەدەیت! بێگومان دەبێت، تا بڵێی مرۆڤێکی بە ئارام و خۆڕاگر و پشوو درێژ و سەلیقەدار بیت، ئینجا دەتوانیت بە ئامانج بگەیت و سەرکەوتوو بیت چونکە (من ثبت نبت).

پێشەوا (مالك)یش-خوا لێی رازی بێت- بەم شێوەیە ئامۆژگاری قوتابیەکانی دەکرد و پەروەردەی دەکردن، کە دەفەرمووێ: ((حقاً على من

---

١ -البحر الرائق في الزهد والرقائق ص١٩٨

٢ - الخطايا في نظر الإسلام.

طلبَ العِلم ان يكون فيه وقـار وسـكينة ، وأن يكـون متبعـاً لأثـار مـن قضـى و ينبغي لأهل العلم ان يخلوا انفسهم من المذاح وبخاصـةٍ اذا ذكـروا العلـم)) واتـه :پێویسته لەسەر قوتابی زانستخواز وا بە ویقار و بە ئارام و لە خواترس بێت، هەروەها شوێن بەرهەم و شوێنەوارو کەلەپووری پێشـینانی ڕەسـەن بکـەوێ، وە پێویسته زانایان خۆیان بپـارێزن و دوور بگـرن لـە قسـەو گوفتـاری گاڵتـە ئامێز، بە تایبەت لەکاتی باس کردنی زانیاریدا .

٧- نەرم و نیانی (الرفق) :

خەسڵەتی (نـەرم و نیانی) یەکێکــە لــەو ڕەوشــتە پەسـندانەی، کــە خوێندکـاری - زانسـتە شــەرعیەکان - بــە زەرورەتێکــی ژیــانی دەزانـــێ و بەهەندی هەڵدەگرێ، بە هۆکارێکی بنەڕەتی دەزانێ لە بە ئـەنجام گـەیاندن و بەرهـەمداربوونی هـەر کـارێکیدا، چونکە نــەرم و نیــانی و سـینگ فراوانــی ڕەوشت و سیمایەکی زەقی پێغەمبەری پێشەواﷺ وهاوەڵە بەڕێزەکانی بووە، بۆ نموونە: دەبینــین لـە چـەندین فـەرمووده، پێغەمبـەری ئـازیز ﷺ ئامـاژەی پێــداوەو بــە شــێوەی ئامۆژگـاری ئاراسـتەی موسـلمانانی کــردووە، وەك دەفەرمووێ: ((ان هذا الدين متين فأوغِلو فيه برفـق))[1] واتـە : بەڕاسـتی ئـەم ئاینە توندو قایمە، جابە شێوەی نەرم و نیانیـەوە بچنـە نێوی، هـەروەها لـە شوێنێکی تردا دەفەرمووێ : ((ان الرفق لايكون فى شيْ الا زانهُ, ولا ينزع من شيْ إلاّ شـانهُ))[2] واتـە : نـەرم و نیـانی و میـهرەبانی لـە هـەر شـتێك دا بێـت دەیڕازێنێتەوە، بـەڵام لـە هـەر شـێك نەهێشـتراو داماڵێندرا، ئـەوە ناشـیرینی دەکات.

بۆیە دەبینین پەیامی پیرۆزی ئیسلام بایـەخ زۆر بـەم خەسڵەتە پەسندە

---

١ -أخرجه أحمد (١٩٩/٣) عن أنس.

٢٠-رواه مسلم (٢٥٩٤)٢١ — مسلم (٢٥٩٤).

دەدات، بە شێوەیەك نەك بە تەنها داوا لە مرۆڤێك دەكات كـە نـەرم و نیـان و میـهرەبان بێـت بەرامبـەر مرۆڤێكـی تـر، تەنانــەت بەرامبــەر گیانلەبـەرانیش فـەرمانی پێكراوە!؟ بـۆ نموونــە دەڵێـت جارێكیــان عائیشــە-ی دایكــی بـڕواداران-خـوای لێ ڕازی بـێ- سـواری وشـترێك دەبێـت دیـارە هێـواش و لەسەرخۆ بووە لە ڕۆیشتن دا، بۆیە دایكی ئیماندارانیش تەنگـەتاوی دەكات، پێغەمبەری بەسۆزیش ﷺ بەم كارەی ئەو ڕازی نابێ، دەفەرموێ : ((علیــك بالرفق)) واتە: لەگەڵیدا نەرم و نیان و هێواش و میهرەبان بە.[1]

بەڵێ فەقێی نەرم و نیان و بە سۆز :

پەیامە پڕ لە دادوەریەكەی خوای مەزن ، ئاوا داكۆكی لە مافەكانی مـرۆڤ تەنانەت گیانلەبەرانیش دەكات، هانی شوێن كـەوتوانی دەدات – بـە تایبـەت زاناو بانگبەرو پێشەواكانی – ئەوەندە بەسۆزو میهرەبان و سینگ فراوان بـن لەگـەڵ دەورو بـەریاندا، ئەگـەر تەنـها مێشـوولەیەك – بـەڵێ مێشـوولەیەك – كەوتە نێو ئاوێك، پێویستە فریـای بكـەوێ و دەست و پەنجـەت بخەیتـە نێو ئاوەكە بۆ دوور خستنەوەی لە مەترسی و ڕزگار كردنی لە مەرگ. ! !

٨- چاوپۆشی و لێبووردەیی :

ڕەوشت و خەسڵەتێكی تر، كە پێویستە – قوتابی زانستە شــەرعیەكان – بیكـات بـە سـیمای خـۆی بریتیـە لـە (چـاو پۆشـی و لێبووردەیـی) هەڵبەتــە لێبووردەیی (السماحة) بە درێژایی مێـژووی مرۆڤایـەتی بـە گشـتی و مێـژووی ئیسلامی بە تایبەتی ڕەوشتی بەرزی هەڵگرانی پەیامی خوا بووە و لە ژیــان و هەڵسوكەوتی ڕۆژانەیاندا بە زەقی بەرچاو دەكەوێ.

---

١ - المصفى من صفاة الدعاة/ الكتاب الأول ص٤٩

ئازیزان :

بێگومان هەگبەی مێژوو، پڕاوپڕە لە ڕووداو وبەسەرهاتی هەمەچەشن و هەمەجۆر لەم بارەیەوە، لاپەڕە زێڕینەکانی پێ نەخشاندووەو ڕەنگینی کردووە، ئێمە لێرەوە تەنها نموونەیەك لەم بارەیەوە ئەخەینە ڕوو، کە لە یەکێك لە نەوەو بنەماڵە بەڕێزەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی داوەو گێڕدراوەتەوە، کە ئەویش زاناو پێشەوا (علی کوڕی حوسەینی کوڕی علی کوڕی ئەبی تالیب)ە–خوا لە هەموویان ڕازی بێت – کە بە (زین العابدین) ناوزەد کراوەو شۆرەتی دەرکردووە –

جارێکیان کەنیزە (جاریة)یەك بە مەسینە ئاو بەدەستی ئەو بەڕێزەدا دەکات بۆ دەست نوێژ گرتن، بەبێ دەستی کەنیزەکە مەسینەکەی لەدەستی دەکەوێتە خوارەوە ڕووی پێشەوای ناوبراو بریندار دەکات، ئەویش دیارە بە گلەییەکەوە سەرنجێکی دەکاو سەری بۆ لا هەڵدەبڕێ، کەنیزەکەش یەکسەر دەڵێ : خوای مەزن دەفەرمووێ : ﴿والکاظمین الغیظ﴾ واتە: ئەوانەی تووڕەیی خۆیان قووت دەدەنەوە و دان بە خۆیان دا دەگرن. پێشەوا (زین العابدین)یش دەڵێت: ئەوا رق و تووڕەیی خۆم قوت دایەوە، کەنیزەکە دەڵێت: ﴿ والعافین عن الناس ﴾ ئەوانەی چاوپۆشی لە خەڵکی دەکەن و لێیان دەبوورن، ئەویش دەفەرمووێ: خوا لێت ببورێ ئەوا منیش بووراوم، ئەو جارەیان کەنیزەکە دەڵێ: ﴿ واللە یحب المحسنین ﴾ خوا چاکەکارانی خۆش دەوێن، ئەویش دەڵێ: دەبڕۆ لەڕێی خوا ئازاد بە، دەستبەجێ ئازادی دەکات! !

پێشەوا(شافیعی)ش لە شیعرێکیدا دەربارەی بێ دەنگ بوون لە بەرامبەر مرۆڤی نەفام و ئەدەب نزمدا فەرموویەتی:

یُخَاطِبُني السفیهُ بِکُلِّ قُبْحٍ فَأکْرَهُ أنْ أکُونَ لَهُ مُجیبـا

يَزيدُ سَفاهَةً فَأزيدُ حِلمـــاً   كَعُودٍ زادَهُ الإِحْراقُ طيبـــاً

واتە: بابای نەفام و فام کاڵ بەو پەڕی شێوەی ناشیرینی دەمدوێنێ، بەلام من حەز ناکەم و نامەوێ وەلامی بدەمەوە، هەرچەند ئەو نەفامێتی زیاد بکات منیش لە بەرامبەریا هێمنی زیاد دەکەم بە شێوەی بخوور کەوا هەتا بسوتێندرێ بۆنی خۆشی زیاتر دەبێ.

٩- زوو تووڕە نەبوون و بە حەوسەڵەیی:

خەسڵەتێکی تر لەو خەسڵەتە بەرزانەی، قوتابی زانستە شەرعیەکان- پێوەی ناسراوە و دەناسرێ بریتی‌یە لە زوو تووڕە نەبوون و بە حەوسەڵەیی و هێمن و ئارام بوون لە حاڵەتی بینین و بەرچاو کەوتنی کارێك یا هەڵوێست و گوفتارێکی نائاسایی و ناشیاو ونابەجێ، چونکە وەکو خواناسە رووناکبیرو ڕۆشەنفکرە موسڵمانەکان گووتویانە: تووڕەیی(الغضب) رەشەبایەکە چرای عەقڵ دەکوژێنێتەوە، هەڵبەتە مرۆڤیش بە هۆی عەقڵەوە چاکەو خراپەو رەش و سپی و راست و چەوت لێك جیا دەکاتەوە، ئینجا هەر کات مرۆڤ ژیری-عقل-ی لە دەست داو دەسەلات و حوکمی ژیری بەسەرەوە نەماو لە ژێر کۆنترۆلی عەقڵەوە چوەدەر، بێگومان ئەو کات نەك هەر لە ریزی مرۆڤەوە دەشۆرێت و نامێنێت بەڵکو دادەبەزێ و نزم دەبێتەوە بۆ ریزی ماڵات و گیانلەبەران. ! ؟بۆ ئەم مەبەستەش پێغەمبەری چاو ساغی مرۆڤایەتی ﷺ فەرموویەتی: ((ليس الشديد بالصرعة إنما الشديد الذي يملــك نفســه عنــد الغضب))[1] واتە: بابای پاڵەوان ئەو کەسە نی‌یە، کە زۆر خەڵکی لە زەوی بدات بەڵکو ئەو کەسەیە، کە لە حاڵەتی تووڕەیی دا دان بەخۆی دابگرێ و بەسەرخۆیدا زاڵ دەبێت.

١ -متفق عليه : البخاري : ٦١١٤, مسلم : ٢٦٠٩

ئیمامی شافیعی –خوای لێ رازی بێت– لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ((مَنْ أسْتُغضبَ وَلَمْ يَغْضَبْ فهوَ حمارٌ، وَمَنْ اسْتُرضيَ وَلَم يَرْضى فَهوَ شَيْطان))

واتە: هەر کەسێك تووڕە بکرێ و تووڕە نەبێ ئەوە گوێ درێژە، هەرکەس ڕازی بکرێ و عوزری بۆ بهێنرێتەوە ڕازی نەبێ ئەوە شەیتانە .

کەواتە بەپێی ئەم فەرموودەیە موسڵمان پێویستە تووڕەیی هەبێ بەڵام بۆ کات و شوێنی خۆی و لە چوارچێوەی شەرع دەرنەچێت .

١٠- بۆ ئیسلام بە پەرۆش و خەمخۆرو دڵسۆزبوون؛

ئیسلام کە دواهەمین دیاری و پەیامی خوایە بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی؛ هەموو فەردێك لەم ئۆممەتە لە ئاستیدا بەرپرسیارە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ قورسایی ئەم بەرپرسیاریەتە زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی خوازیارانی زانست چ وەك زانا بێ یان قوتابی و زیاتر ڕوو لە وان دەکات، چونکە ئەم توێژە هەم لای خواو هەمیش خەڵکی – تەنانەت خودی خۆشیان – بە چاوساغ و پێشەواو ڕابەری ئەم پەیامە هەژمار دەکرێت و حسابی لەگەڵ دا دەکرێت .

جا مادام وابێ پێویستە قوتابی لەپاڵ ئەهەمیەتدانی بەباری هۆشیاری زانستی بایەخیش بە باری پەرۆشی و بە مشووری و دڵسۆزی و بەرپرسیاریەتی لە ئاست ئەم پەیامەدا بدات، بۆ ئەم مەبەستەش سەرجەم هۆو وەسیلە و تواناکان بخاتە گەڕ لە هەمبەر خزمت کردنی دا.

(شێخ عبدالقادر)ی گەیلانی –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– لە چەند قسەیەکی دا دڵسووتان و پەرۆشی خۆی دەردەبڕێ و دەفەرموێ: ((دينُ محمد ﷺ تَتَواقَعُ حِيطانُه وَيتَناثَرُ أساسُه، هَلُمّوا يا أهلَ الارضِ نُشَيّد ماأنْهَدَمَ وَنَقيمُ ما وقعَ، هذا شيء مايتُم، ياشمسُ ويا قمرُ ويا نهارُ تعالَوا))[1] واتە:

---

١ –(الفتح الرباني)/ص ٦٤٨

ئاینی موحەممەدﷺ دیوارەکانی دەڕوخێن و بناغەکەی پەرش و بڵاو دەبێ، ئەی خەڵکی سەر زەوی وەرن ڕاکەن بائەوەی ڕوخاوەو ڕماوە چاکی بکەینەوە و ئەوەی کەوتووە ڕاستی بکەینەوە، ئەمەکارێکە تەنها بە ئێمە تەواو نابێ،ئەی خۆرو مانگ و ئەی ڕۆژگار ئێوەش وەرن!

شێخ ئەمجەد زهاویش – ڕەحمەتی خوای لێبێت – لە وتەیەکی بەنرخیدا لە بارەی دەعوە و بانگەوازو کاری ئیسلامیدا گوتویەتی: ((لَو أنـي كنـت قاضياً وأتاني شاهدٌ، وعَلِمْتُ أنهُ يَقْطَعُ اللَيلَ والنهارَ بالعبادة وَلا يَعْمَلُ للإسـلام أعدُّه فاسقا وَ أرُدُّ شهادَتَهُ))[1] واتە: ئەگەر بێت و من قازی بم و شایەدێك بێتە لام بۆ شایەدی دان بشزانم بە شەو و ڕۆژ بە خواپەرستی بە سەر دەبات، بەڵام کار بۆ ئیسلام ناکات! ئەوە بە فاسقی دادەنێم و شایەدیەکەشی ڕەت دەکەمەوە!

١١- پابەند بوون بە کیتاب و سوننەتەوە:

ئەدەب و ڕەوشتێکی پەسند و بەرچاوی تری فێرخوازی ناوبراو بریتیە لە پێداگیری کردن و لانەدان و پابەند بوونی بە (قورئان و سوننە)تەوە.

پێغەمبەری پێشەوا ﷺ لەم بارەیەوە فەرموویەتی: ((تركت فيكم أمرين لن تضلوا ماتمسكتم بهما، كتاب الله وسنة رسوله))[2] واتە: دوو شتم لە نێو ئێوەدا بەجێ هێشتووە تا دەستیان پێوە بگرن گومڕاو سەرگەردان نابن، ئەویش کتابی خواو سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ .

ئەمەش هەندێ لە وتە و هەڵوێستی بەشێك لە زانایان لەم بارەیەوە:

١/ پێشەوا شافعی–ڕەحمەتی خوای لێ بێت– فەرموویەتی: ((كل مسألة

١ –الإمام أمجد بن محمد سعيد الزهاوي /ص٢١٩

٢ –صحيح، رواه الحاكم في(المستدرك).

تكلمت فيها بخلاف السنة، فأنا راجع عنها، في حياتي وبعد مماتي))[1]. واته: هەر بابەت و مەسەلەیەك بە پێچەوانەی سووننەتەوە قسەم لێ کردبێت و لێی دوابم من لێی پەشیمانم چ لە ژیان دابم چ دوای مردنم.

٢/ هەروەها (الربيع بن سليمان) گوتویەتی: شافیعی ڕۆژێك فەرموودەیەکی گێڕایەوە، پیاوێك پێی گوت: باوکی عەبدوڵڵا تۆش بەمە بڕیار دەدەی؟ ئەویش لە وەڵام دا گوتی: ((متى ما رويت عن رسول الله ﷺ حديثا صحيحا، فلم آخذ به فأشهدكم أن عقلي قد ذهب)).[2]

٣- (عبدالله بن عمر)-خوای لێ ڕازی بێ - کە توندترین هاوەڵ (الصحابة) بووە لە هەمبەر دژایەتی وئینکاری کردنی بدعە وشوێن کەوتنی سوننەت: جارێك گوێی لە کابرایەك بوو پژمینی هات و گوتی (الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله)، (ابن عمر) پێی گوت: ما هكذا علمنا رسول الله - ﷺ - بل قال: (اذا عطس احدكم فليحمد الله) ولم يقل: ليصل على رسول الله.[3]

٤- هەروەها شێخ عبدالقادری گەیلانیش-ڕەحمەتی خوای لێ بێت- قسەی بەهێز و گرینگی لەم بارەیەوە لێوە نەقل کراون بۆ وێنە: دەفەرموێ: (كل حقيقة لا تشهد لها الشريعة فهي زندقة، طر إلى الحق عزوجل بجناحي الكتاب والسنة، أدخل عليه و يدك في يد الرسول ﷺ)[4] واتە: هەر حەقیقەتێك شەریعەت شایەدی بۆ نەدات ئەوە زەندەقە(بێ دینی)یە، بەرەو خوای شکۆمەند و زاڵ و پایە بەرز بە دووباڵی قورئان و سوننەت بفڕە، بڕۆ لای خواو، دەستت لە نێو دەستی پێغەمبەر ﷺ دابێت.

---

١ - أخرجه الخطيب في (الفقيه والمتفقه) لە (الوجيز في عقيدة السلف الصالح) ص/٢٠١ وەرگیراوە.

٢ -هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣ - أخرجه الترمذي في (سننه) بسند حسن.

٤ -(الفتح الرباني) المجلس الرابع والأربعون.

بەشی دووەم

چەند ڕەوشت و خەسڵەتێکی پەیوەندیدار بە ژیانی زانستیی قوتابی - زانستە شەرعیەکان - دا .

١- هیممەت بەرزی:-

یەکێك لەو ڕەوشتانەی ئاینی ئیسلام داوا لە مرۆڤ بە گشتی و توێژی قوتابی بەتایبەت دەکات، کە خۆیان پێی برازێننەوەو ئارایشدەن، بریتیە لە -هیممەت بەرزی- ئەو هیممەت بەرزیەی، کە مەڵبەندی چاکی و خراپی و سەلبیات و ئیجابیاتی مرۆڤە، کە وەك سانسۆر و چاودێرێك وایە بەسەر ئەندامەکانیەوە و سەرفرازی و خێرو خۆشی‌یەکی نەبڕاوەش بە مرۆڤ ئەبەخشێ، هەروەها هۆکارێکی بەهێزیشە بۆ گەیشتن و بەرزبوونەوەی بە پلەکانی کامل بوون -درجات الکمال - دیسان بوێری و چاونەترس و جوامێری و خۆڕاگری و ماندوونەناسی لە گۆڕەپانی زانست، کردار ئەخاتە نێو دەمارەکانی و خوێن ئاسایانە هامو شۆ دەکەن، وەك چۆن بێ جورئەتی و ڕوکاری و ڕیاکاری و بێ هەڵوێستی و ژێر دەستەیی ڕیشەکیش دەکات .

بێگومان بابای هیممەت بەرز هەردەم وورەبەرز و خۆڕاگرە، هەڵوێستەکان نایترسێنن! کەچی مرۆڤی بێ هیممەت تا بڵێی مرۆڤێکی ترسنۆك و ڕووخاوە، دەمیشی وەك چۆن بڵێی گاڵەدرا بێ ئاوایە، تەنانەت تاکە وتەیەکی ڕەواو بەجێ و لەجێی لێ نابیسترێ، چونکە خۆپەرست و خۆپەسەندە، بۆیە شێخ عبدالقادری گەیلانیش-ڕەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێ: ((کونوا مع الهمم العالیة)) واتە: لەگەڵ هیممەت بەرزانا بن، بەڵام فێرخوازی بەڕێز و وریا با بەهەڵەدا نەچی، هیممەت بەرزی-کبر الهمة - و لوت بەرزی-الکبر-ت لێ

تێکەڵ نەبێت، چونکە ئەم دوانە بەقەد ئاسمان و ڕێسمان لە یەکەوە دوورن، هیممەت بەرزی خەسڵەتی بەرزی میراتگرانی پێغەمبەرانە علیهم السلام- بەڵام خۆ بە گەورە گرتن و لوت بەرزی دەردی ئەمانەیە، بەدرێژایی مێژوو لەوەتەی ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە بەرقرارە گیرۆدەی ڤایرۆسی زۆرداری و ستەم کاری و بەدڕەفتاری بوون[1] !؟

کەوابێ فەقێی دڵسۆزو بە هیممەت:

دەروونت لە سەر ئەم خەسڵەتە بەرز و بەفەڕە ڕا بهێنە، نەکەی پشگوێی بخەیت و بە هەندی هەڵنەگری..

ئینجا بۆ زیاتر زانیاری و چاکتر ناسینی ئەم خەسڵەتەش دەتوانیت سەرنجێکی سەرچاوە فیقهیەکان بدەین، بۆ ئەوەی لەم لایەنەشەوە گرینگی و بایەخی خەسڵەتی ناوبراومان بۆ ڕوون بێتەوە، کە لە چەندین شوێنەوە ئاماژەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی پێ کراوە بە مەبەستی ڕاهێنان و پەروەردە کردنی خوێندکارانی - زانستە شەرعیەکان - لەسەری و بە واقیعی کردنی لە ژیاندا بۆ نموونە:

شەرع ڕێگە بە کەسێکی ئەرکبار(مکلف) دەدات، کە لەکاتی بەدەست نەکەوتنی ئاوی دەستنوێژ تەیەموم بکات. ناچار-مُلزَم-ی نەکردووە ئەگەر کەسێك پارەی ئاوی دەستنوێژی پێ ببەخشێ قبوڵی بکات و ڕەتی ناکاتەوە.. چونکە ئەمە منتەتێکی تێدایەو لە هیممەت بەرزیش کەم دەکاتەوە، عەرەبیش گوتوویانە: ((منة الجبال أثقل من الجبال)) .

هەروەها پێشەوا شافیعی جوامێرو خاوەن عززەت و هیممەتیش فەرموویەتی: ((لو علمت شرب الماء البارد ينقص من مروتي لما شربته))

---

١ - حلية طالب العلم. ص/٣٥

واتە: گەر بزانم خواردنەوەی ئاوی سارد لە پایە و کەسایەتیم کەم دەکاتەوە نایخۆمەوە.!

٢-ئەمانەتی زانستیی:

پێویستە لەسەر خوێندکاری – زانستە شەرعیەکان – بەو پەڕی توانا و لێبڕانیەوە خۆی لەسەر خەسڵەتی (ئەمانەتی زانستی) ڕا بهێنێ لە سەرجەم ئەم بوارانەی خوارەوە ڕەنگ بداتەوە، وەکو زانستخوازی و بانگەواز و ڕاگەیاندن و کردار و گوفتار و جێ بەجێ کردن و...تاد .

چونکە بێگومان بەختەوەری و سەرفرازی گەل لە چاکبوونی کردەوەکانیەتی، چاکبوونی کردەوەکانیشی لە ساغ بوون و بێ خڵتەبوونی زانستەکەیەتی، هەڵبەت ساغبوون و ڕاست بوون و بێ خڵتە بوونی زانستیش لەوەدایە، کەوا هەلگرانی پیاوانێکی ئەمین و دەست و دەم پاك بن لەوەی دەیگێڕنەوە، یاخود باسی لێوە دەکەن، چونکە هەر کەسێك دەربارەی زانست–العلم– بەبێ ڕەچاوکردنی مەرجی –ئەمانەتی زانستی– بدوێ، لە ڕاستیدا زانستەکەی گیرۆدەی حاڵەتێکی نالەبار کردووە، چونکە ئەم جۆرە کارە نەك تەنها خزمەت بە بواری زانست و زانستخوازیەوە ناکات تەنانەت سەرچاوەکەشی لێڵ کردووەو کۆسپ و تەگەرەیەکیشی خستۆتە بەردەم بەختەوەری و سەرفرازی و ڕاستەڕێ بوونی نەتەوەی ئیسلام.[1]

هەڵبەتە هیچێك لەو کۆڕو کۆمەڵانەی، کە لە زانستێك لە زانستەکان دەناسرێن خاڵی و بەدەر نین لە کەسانێکی وا، کە ڕێگای زانست و گەڕان بەدوای زانیاری، یان بە ئامانجێکی پاك و دڵسۆزیەکی خاوێن وەك ڕەزامەندی خوا و خزمەت بە گەل و ڕەوشت و ئاکار بەرزی و هتد.ەوە نەگرتووە،

---

١ –حلية طالب العلم/ص– ٤٢

بەڵكو بازرگانی پێوە دەكەن و بە وەسیلەی ژیانیانی دەزانن، ئینجا نموونەی ئەوانە هەرگیز ئەمانەتی زانستی‌یان لە دەروونیدا بەرقەرار نابێ و جێی خۆی ناگرێ، بۆیە دەبینیین گوێ بەمە نادەن شتێك بگێڕنەوە، كە نەیان بیستوە، یان باس لە بابەت و مەسەلەیەكەوە بكەن، كە نەیانزانیوەو فێری نەبوونە، یاخود وەڵامی پرسیارێك بدەنەوە، كە نایزانن و شارەزاییان دەربارەی نیە ! ؟

خوێنەری بەڕێز:

دەردی لە هەموان گرانتر ئەو دیاردە كوشندەو زیانبەخشەیە، كە ئیمڕۆ زۆرێك لە قوتابی فەقێ- و مامۆستایانی ئایینی دووچاری بوون كەبریتی‌یە لە:

جۆرە كتێب و پەڕتووكی وا دەكەن بە سەرچاوەی وەرگرتن(مصدر التلقي) یان بۆ وتاردان و موحازەرە و كۆڕ و مەجلیس پێ گەرم كردن، بە بێ ئەوەی رەچاوی ئەمە بكەن، كە ئایا ئەم كتێب و پەڕتووكانە ئامارەیان بە پلەی راستیەتی(درجة الصحة)ی فەرموودە و راوی و سەرچاوە متمانە پێكراوەكان(المصادر الموثوقة) كردووە یاخود نا ! ؟

بۆیە زانا پێشووەكان شارەزاییەكی چاكیان هەبووە دەربارەی زانستی- رەخنەگرتن لەپیاوان (نقد الرجال) كە مەبەست پیاوانی راوی یە، هەروەها جیاكردنەوەی كەسێك كەوا لە گێڕانەوەدا موبالەغە و زێدەڕۆیی هەبێت لەگەڵ كەسێكی تر كە بەم شێوەیە نەبێت، تا ئەو ئاستەی وەكو زانستێكی سەربەخۆیان تەماشا كردووە، تاكو قوتابی زانستە شەرعیەكان لە سەر بەرچاو روونی(البصيرة) بن و بڕۆن، بەشێوەیەك بەها و قیمەتی ئەوەی دەیخوێننەوە بزانن، راست و ناراست و بەهێزو بێهێزیان لێ تێكەڵ نەبێت.

٣-راستگۆیی (الصدق):

راستگۆیی ئەم خەسڵەتە بەرزو پەسندەیە هێمایەکە بۆ ژیری و ویقار و بەڕێزی و دەروونپاکی خودی تاك (فرد)ی راستگۆ، هەروەها هەڵگری خۆشەویستی و تەبایی نێوان خەڵکەو بەختەوەری کۆمەڵ و پارێزەری ئایینە!

بۆیە پابەند بوون بەم خەسڵەتە بەپێی دەقە شەرعیەکان، بە (فرض العین) لەقەڵەم ئەدرێ، جا پێویستە یەکە یەکەی ئەندامانی کۆمەڵگای ئیسلامی پێیەوە پابەند بن، چونکە خەسڵەتێکە خێری دونیاو دوارۆژی پێوەیەو پێچەوانەکەشی دواڕۆژیکی رەش بۆ مرۆڤ ئەخوڵقێنێ

پێشەوا ئەوزاعیش رەحمەتی خوای لێ بێت لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ((تعلم الصدق قبل أن تتعلم العلم)) واتە: بەر لەوەی فێری زانیاری بیت، فێری راستگۆیی بە.

هەروەك پێشەوا وەکیعیش دەفەرمووێ: ((هذه الصنعة لایرتفع فیها إلا الصادق))[1] واتە: ئەم پیشەیە هیچ کەس تیایدا بەرز نابێتەوە، مەگەر بابای راستگۆ نەبێ!.

خوێندکاری سەنگین: هەوڵدە پێش ئەوەی خۆت لەقەرەی کاروانی زانست خوازان و کۆکردنەوەی زانیاری بدەی فێری راستگۆیی ببیت و سیمایەکی زەق و بەرچاو بیت لە پێکهاتەی کەسایەتی خۆت لە سەرجەم هەڵس و کەوتەکانت رەنگ بداتەوە، تاکو لە تێکڕای قۆناغەکانی فێرخوازیتا سەرفرازانە هەنگاو بنێیت و بگەیت بە دوا مەنزڵ و نەگلێیت.

---

١ - ئەم دوو وتەیە خەتیبی بەغدادی لە پەرتووکی (الجامع) دا هێناویەتی.

هەڵبەتە راستگۆیش کە بریتی‌یە لە : دەربڕینی وتـەو گوفتـار بەشـێوەیەك کەوا لە گەڵ بیرو باوەڕ و واقیعدا یەك بگرێتەوە و ناکۆکی و دژایەتی نـەبێت، تەنها یەك جۆری هەیە، بەڵام پێچەوانەکەی واتە درۆکاری(الکذب) چـەندەها شێوە و جۆر و مەسەلەکی جۆراوجۆر و هەمەچەشنی هەن وەکو :

١- (کذب المتملق) کە بریتی یە لە گوفتاری پێچەوانەو دژ لە گەڵ واقیع و بیرو باوەڕدا، وەك کەسـێکی دەروون نـزم و دونیـا ویسـت وەسـفی کەسـێکی دوور لە ئایین و خراپەکار، یا نەفام و بیدعەکار کەخودی خۆشی چاك چاك دەیناسێ بکات بە مرۆڤێکی ئایین پەروەر و چاکە کارو زانا و راست و ساغ و تەواو بـۆ مـەرام و مەبەسـتێکی تایبـەت بـە خـۆی کەلـەم سـەردەمەی ئێستادا ئەم جۆرە کەسە بە بابای ماستاوچی ناوزەد دەکرێ.

٢- (کذب المنافق): ئەوەشیان بریتی‌یە لە گوفتارێکی وا کە تـەواو لەگـەڵ بـیرو بـاوەڕدا پێچەوانـەو دژ بێـت، بـەڵام لەگـەڵ واقیعـدا نـاکۆك نی‌یـەو یـەك دەگرێتـەوە، وەك ئـەو جـۆرە کەسـە دوو ڕوو (المنـافق)ەی لـە ژێـر نـاو و شۆرەتی جۆر بە جۆر خۆی حەشـار دەدات وەکـو ئـەهلی سوننەو جەماعـەو تەزکییـەو تەسـەوف و پـەروەردەو بانگـەواز و هتـد.. بـۆ خـۆ مەلاسـدان و نەناسـرانی شـێوەی دوان و هـەڵس و کـەوتیان نیشـان دەدات و دەمـامکی سـاختەکاری ناوەتـە سـەر ڕووی نەگریسـی بەمەبەسـتێك کـورد گوتـەنی (گورگە بەلام خۆی لە پێستی مەڕ نیشان دەدات! ؟)

٣- (کذب الغبی): ئەمەیان وتەو گوفتارێکە لەگەڵ واقیعدا تێك ناکاتـەوەو پێکـڕا هەڵناکـەن، بـەڵام لەگـەڵ بـیرو بـاوەڕدا هیـچ جـۆرە دژایـەتی و ناکۆکی‌یـەکیان نی‌یـە و یـەك دەگرنـەوە، وەك ئـەو موسـڵمانە سـاویلکەو ناحاڵی‌یـەی، کـە ئەگـەر کەسێکی وای کەوتـە بـەر چـاو کـەوا کـەمێك بـە عەقڵی‌یەوە بنووسێت –لە بوارێك لە بوارەکانـەوە– دەست بـەجێ شـایەتی:

(وەلییێتی و زانایەتی و لێهاتوویی و ...هتد)ی بۆ دەدات ئەگەر چی لە واقعیشدا، واقیع راستی‌یەتی ئەم شایەتی‌یەی بۆ ناسەلمێنی و مرۆڤێکی شایستە بەم پلەو پایەو مەقامەیش نیە ! !.

ئینجا خوێنەر و فەقێی راستی ویست:

پەیوەست بە بەڕاستە شەقامی راستگۆیی و دەمت مەجوولێنەو مەیکەرەوە بۆ دەربڕینی هیچ قسەیەك، مەگەر لە سەرچاوەیەکی بێگەرد و هەست و نەستێکی خاوێن و راستگۆیانەوە نەبێت..

واتە: دەم و دەروونت و گوفتار و هەستت یەکسان بێت لە ئان و ساتی دەربڕینی هەر وتەو گوفتارێکدا، وەکو خۆشەویستی و دۆستایەتی و رق لێبوونەوەو دژایەتی و..هتد، چونکە بێگومان مرۆڤی راستگۆ بە کەسێك نالێت من تۆم خۆش دەوێت کەچی واقیعی حاڵیش شایەتی بۆ نەدات و تاکە نیشانەیەکی خۆشەویستیشی لێ بەدی نەکرێت، هەروەها دەربارەی شتێك یان مەسەلەیەك، کە نەیبیستووەو زانیاری دەربارەی نیە، نالێت بیستوومە یانە... هتد.

پێشەوا شافیعی خوا لێی رازی بێت فەرموویەتی: ((ماكذبت قطّ، ولا حلفت بالله لا صادقاً ولا كاذباً)) واتە: هەرگیز درۆم نەکردووە، نەبەڕاست و نە بە درۆش سوێندم بە خوا نەخواردووە !.

کەواتە دەبێ زۆر وریا بیت، نەبادا ناوت بخرێتە فۆرم و لیستی درۆزنان، ئەگەر دەروونی سەرکەشیش وازی نەهێناو هانی دەدای بۆ گوفتارێکی نادروست و درۆ، دەتوانیت بەم هۆیانەی خوارەوە خۆت قورتار بکەیت و بەسەریا زاڵ بیت:-

أ- بیرکردنەوەو سەرنج دان لە ریز و پایەی خەسڵەتی راستگۆیی و راستی پەروەران.

ب- بیرکردنەوەو تێفکرین لە سووکی و بێ نرخی درۆکـردن و شـەرمەزاری و ریسوایی درۆزنان.

ج- هەروەها تێفکرین و دەرککردنی ئەم حەقیقەت و راستی‌یە، کـە پـەتی درۆ کورتە و بـەزوویی دەمـامکی سـەر رووی نەگریسـی والاّ دەبێـت[1]. کـورد گۆتەنی (مەیدانی درۆیێ کورتە!).

د- داواکردنـی کۆمـەك و هاوکـاری لـە خـوای بـە بـەزەیی و میـهرەبان و دەستەو سان نەنواندن.

تێبینی‌یەك:

هەڵبەتە هەر قوتابی فەقێ یەك راستە شەقامی راستگۆیی بەجێهێشت و خۆی دووچاری کەند و کۆسپ و تەگەرەکانی رێچکەی درۆو درۆکـاری کـرد، بـە هـۆی دەردی کێبـەرکێ (منافسـة)ی هـاوەڵ و هاوکـارانی بـە مەبەسـتی دەستەبەرکردنی ناو و شۆرەت و نازناوی زیرەکی زانایـەتی و لێـهاتوویی و تاد، پێویستە ئەم راستی‌یەش بزانێ و چاك دەرکی بکات، کەوا هـەر کەسێك خۆی بگەیێنێ و بگات بە هەر جۆرە پلەو پایەیەك لەسەرووی ئاست و توانای خۆیەوە، دەبێ بزانێ کەوا کەسانێك هەن لە بۆسەو کەمیندان بـۆی، خـاوەنی زانسـت و زانیاریـەکی بـێ وێنـەو قەڵـەم و پێنووسـێکی بـە بڕشـت و ویـژدان پـەروەرو رەخنـەگرن، ئـەم پلـەو پایـەو نـاو و شـۆرەتەی بـە پـێی پـەرێز و شوێنەوار هەڵدەسەنگێنن و وەزن دەکەن، ئیتر دوایی حەتمەن گیرۆدەی ئـەم سێ سەرگەردانیە دەبێت:

١- لەدەست دانی متمانە (الثقة) و بـاوەڕپێکراوی لـە نێـو دڵ و دەروونـی خەڵکی و کۆمەڵ.

---

١ - حلية طالب العلم. ص/٤٤

٢- له دهست چوون و به فیرۆدانی زانستهکهت و باوهڕ پێ نهکردن و وهرنهگرتنی له لایهن دهورووبهرهوه.

٣- سهرهنجام خهڵکی باوهڕت پێ ناکهن ئهگهر چی راستگۆ بیت و راستیش بڵێی.

به کورتی ههر کهسێك درۆکاری و جوانکاری له گوفتار بکات به پیشهی رۆژانهی ئهو کهسه هاوکارو برای جادووگهر(الساحر)ه بێگومانیشین کهوا ﴿ولا يفلح الساحر حيث أتى﴾.[1]

٤- پهنا بردن بۆ لای خوا لهزانست خوازیدا:

برای فێرخواز: بێگومان مرۆڤهکان ههموویان یهکسان نین له ئاست و توانای وهرگرتن و تێگهیشتن و فێربوونی زانستهکان، بهڵکو ئاستی جیاوازو خواست و ئارهزووی جیاجیایان ههیه، بۆیه ههر کاتێك زانستێك له زانستهکانت به لاوه بوو فێربوون و وهرگرتنی ئهستهم و زهحمهت بوو دڵ تهنگ و نارهحهت مهبه و دهستهوسانی و بێ توانایی مهنوێنهو سارد نهبیتهوه، چونکه ئهمه شتێکی سروشتییه و به تهنها لهتۆوه رووی نهداوه، بهڵکو چهندین زانای بهناوبانگ دووچاری ئهم حاڵهته هاتوون، تهنانهت هی وایان ههیه زۆر به راشکاوییهوه ئاماژهی بهم حاڵهته کردووه، ههر وهك چۆن له ژیاننامهکهیاندا بهرچاو دهکهوێ لهوانه:

١- (الأصمعي) له زانستی (العروض) دا.

٢-(السيوطي) له بیرکاری (رياضيات)دا.

٣-(الزهاوي) زانای فهرمووده‌ناس له (خط)دا.

٤- (ابن الصلاح) له (منطق)دا.

---

[1] - حلية طالب العلم/ص- ٤٥

٥- (أبو مسلمي النحوي) له (صرف)دا.

٦- هەروەها (أبـو عبيـدة، محمـد بـن عبدالبـاقي الأنصـاري، أبـو الحسـن القطيعـي، أبوزكريـا يحيـى بـن زيـاد الفـداء ، أبـو حـامد الغـزالي) ئـەم پێنـــج زانايانەش لە زانستی نەحودا.[1]

کەواتە خوێنکاری دڵسۆز:

تۆش ويســت و ئـارەزووت دەربـارەی خوێنـدن و زانسـت خوازیيەکەتـەوە بەهێز بکە و زياترو زياتر بايەخی پێ بدە، هـەنگاو بنـێ بـۆ بـەرەو پێشـەوەو بڕينی قۆناغەکانی خوێندنت بە پشــتيوانی خـوای ميـهرەبان، ئەگـەر لـە هـەر ئاست و قۆناغێکيشدا زەحمەتی و تەگەرەيەکت هاتە بـەردەم دەست بـەجێ پەنا بۆلای خواببەو لێی بپاڕێوەو داوای کۆمەکی لێ بکە و دەسـتی پاڕانـەوەو سکالآت بەرز بکەرەوە بۆلای و لەبەر دەميا بکرووزێوە، تاکو بەفرياتەوە بێت و سەرکەوتوو بيت، وەکو زانـای پايەبـەرز (إبـن تيميـة)-رەحمـەتی خـوای لێ بێـت زۆرجـار ئەگـەر راڤـەو لێکدانـەوەی ئايــەتێکی قورئــانی پــيرۆزی بــۆ نەدەهات و لێی دەوەستا، لەخوا دەپاڕايــەوە لـە پاڕانەوەکـەيدا دەيفـەرموو: ((اللهم يامعلم آدم وابراهيم علّمـني، ويـا مفـهم سـليمان فـهّمني))، دەگێڕنـەوە دەڵێن پاش ئەم دوعايە دەست بەجێ ماناکەی بۆ دەهات و راڤەی ئايەتەکەی دەکرد.[2]

٥-گەشتی زانستيی:

گەشت و گەڕان بەدوای زانست و زانيـاری سـيمايەکی زەقـی خوێندکـارانی زانسـتە شـەرعيەکان بـووە بـە درێژايـی مێــژوو، بێگومــان دەتوانـين بڵێــين

---

١ –حلية طالب العلم/ص- ٤٢

٢ – هەمان سەرچاوەی پێشوو، وە (فتاوى ابن تيمية) ٤/ ٣٨

گەشتەکەش سنووردارو بەر تەسك نەبووە، بەڵکو بەرفراوان بووە و زۆربەی شارو دێهاتەکانی گرتۆتەوە، تەنانەت جاری واش هەبووە سنووری وڵاتەکەشیان بڕیوە، بۆ خوێندن و فەقێیاتی چوونەتە وڵاتە دراوسێکانیان..

هەڵبەتە ئەمەش بەکارێکی گرینگ و بایەخدار لە ژیان و مێژووی خوێندکارانی زانستییە شەرعیەکان دەژمێردرێ و بە خاڵێکی ئیجابی و بەرهەمداریش لە قەڵەم ئەدرێ، چونکە گوتراوە: (من لم يكن رُحلة لـن يكـون رحلة) ..

بەڵێ بێگومان کەسێك گەر بەدوای زانیاری نەگەڕێ و گەشت نەکات و نەچێتە خزمەت مامۆستایانی پسپۆڕو بەهرەدار تاکو زانستیان لێوە فێر بێ، دوورە ببێ بە کەسێکی شیاو تاکو خەڵکی هاموشۆی بکەن و بێنە لای و زانست و زانیاری لێیەوە فێربن، چونکە ئەم زانا بەڕێزانە بەشێکی زۆری تەمەنیان لە خوێندن و دەرس وتنەوە سەرف کردووەو شەونخونیو تەجاروبی زۆریان بینیوە و نوکتە و بەهرەی زانستی و ڕاو سەرنجی ناوازەیان لا دەست دەکەوێ .

ئیمامی شافیعیش خوالیٰ ی ڕازیبێ دەربارەی گەڕانی بەدوای زانیاریدا لە شیعرێکیدا ئاوا دەفەرموویێت:

سأضْرِبُ في طول البلادِ وعُرضها أنـالُ مُرادي أو أموتُ غريبـا

فإن تَلِفَتْ نَفســي فَللّهِ دُرّهـا   وإنْ سَلِمت كانَ الرجوعُ قَريبا

واتە: بەدرێژی وپانایی وڵاتاندا دەڕۆم و دەگەڕێم، یان بە ئاوات و ئامانجم دەگەم یاخود لە غەریبیدا سەر دەنێمەوەو دەمرم، ئینجا ئەگەر فەوتام و مەرگ میوانم بوو ئەوە کارێکی پەسندم ئەنجام داوە، ئەگەر سەلامەتیش دەرچووم گەڕانەوە نزیکە .

تێبینی‌یه‌كی گرینگ:

هه‌ڵبه‌ته گه‌شت و گه‌ڕان به مه‌به‌ستی په‌یداكردنی عیلم و زانست كارێكی تابڵێی پیرۆزو پێویست و له‌باره، به‌ڵام برای فێرخواز و فه‌قێی وریا ئاگاداربه بێگومان ئه‌م گه‌شت و گه‌ڕانه ئه‌گه‌ر له حاڵه‌تی ئاسایی خۆیدا ده‌رچوو كاریگه‌ریه‌كی خراپی ئه‌بێ و ئاكامێكی سه‌لبی لێ ئه‌كه‌وێته‌وه، وه‌ك ئه‌وه‌ی له‌هیچ شوێنان مه‌دار نه‌كه‌ی و قه‌رار نه‌گری، له وه‌رزێكدا یه‌ك دوو شوێنان بگۆڕی و بگه‌ڕێی به‌بێ بیانو و هه‌ده‌ف و ئامانجێكی به‌رهه‌مدار و به‌جێ، چونكه ئه‌م كاره نه‌ك خزمه‌ت به پرۆسه‌ی خوێندن ناكات، به‌ڵكو له زیان به‌م لاوه كه‌ڵكی تری لێ چاوه‌ڕوان ناكرێ.

٦- پاراستن و پارێزگاری كردنی زانیاری:

ئه‌مه‌شیان به سه‌رف كردنی ئه‌و په‌ڕی جوهد و تێكۆشان و هه‌وڵ و ته‌قه‌لَّلا به مه‌به‌ستی پاراستن و چاودێری و پارێزكردنی زانیاری به شوێن كه‌وتن و كارپێكردنی ده‌سته‌به‌ر ئه‌بێ.

خه‌تیبی به‌غدادیش ره‌حمه‌تی خوای لێبێت ده‌فه‌رمووێ: ((یجب علی طالب الحدیث آن یخلص نیته في طلبه، ویكون قصده وجه الله سبحانه))[١] واته: پێویسته له‌سه‌ر قوتابی فه‌رمووده (الحدیث) نیه‌تی خۆی یه‌كلا بكاته‌وه له داواكردنی‌دا، مه‌به‌ست و نیازی ته‌نها خوای به‌رز بێت‌ﷻ.

كه‌واته نابێ و ناگونجێ خوێندكاری - زانسته شه‌رعیه‌كان گۆڕه‌پانی زانست خوازیه‌كه‌ی بكات به بازاڕێكی بازرگانی وه‌ك وه‌سیله‌و ئامرازی گه‌یشتن به خۆزگه و ئاواته‌كانی دونیایی و ڕێگایه‌ك بۆ به‌ده‌ست هێنانی

---

١ - حلیة طالب العلم/ص- ٣٨

پارووی چەورو سامان و دەست خۆشانەو ئافەرینی زۆردارو دونیاپەرستانە بەکاری بهێنێ، چونکە چەندین دەقی شەرعی لە قورئان سوننەت دا هەڕەشەی جۆراوجۆر لەم جۆرە دونیا پەرست و دونیا ویستانە دەکەن و دوارۆژێکی ڕەش و پڕ لە داماوی و سزاو ئازار و ئەشکەنجە و مەینەتیان بۆ وەسف دەکەن .

بۆیە پێویستە قوتابی زانستە شەرعیەکان خۆی دوور بگرێ لە کەشخەلێدان و فیز و خۆ بە گەورەگرتن بەسەر خەڵکی و تێکۆشان بۆ پلەو پایەی دونیایی و کەسب کردن و ڕاکێشانی جەماوەر گردکردنەوە لە دەوری خۆی لە بری بانگ کردن و گردکردنەوەی لە دەوری پەیامی ئیسلام و خزمەت بە ئیسلام چونکە زۆربەی ئەو دەرد و بەڵا و مەینەتیانەی گیرۆدەی زانایان بوون لەم لایەنانەی سەرەوە سەریان هەڵداوەو سەرچاوەیان گرتووە!

ئینجا فێرخوازی ئازیز و هیوای دوارۆژی گەلی ئیسلام:

قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵماڵە و بە شێوەیەکی جیددی و دڵسۆزانە تێ بکۆشە و ڕەنج بدە بۆ پاراستن و پارێزگاریکردن لە – زانستە شەرعیەکان مشوور لە پرۆسەکە بخۆ و پەرەی پێ بدە و خزمەتی بکە، بە تێگەیشتن ولێ حاڵی بوون و لەخۆدا کردن بە حاڵ و ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ڕۆژانەتدا، نەك بەتەنها بەدەرخ و ئەزبەرکردن و گوتنەوە وازبێنی و واش بزانی بەوەندە ئەرکی سەر شانت ئەنجام داوە و ئیتر پالی لێ بدەیتەوە. هەڵبەتە ئەوانەی بانگێشەی زانینی زانستە شەرعیەکان دەکەن و باسی جیاجیا دەربارەیان تەرح دەکەن کەسانێکی زۆرن و لە ژمار نایەن،بەڵام پارێزەری ڕاستەقینە و مشوور خۆری دڵسۆز یان کەمە، چونکە با دەیەهاو سەدەها زانای شەرع زان و هەڵکەوتوو و بلیمەت هەبن،کەڵکی چی هەیە ئەگەر ئەم زانیاریەیان

بەكاريان نەهێناو لەخۆياندا ڕەنگ نەداتەوەو نەيان كرد بە واقعی كۆمەڵگايان لەڕاستی دا حسابی نەبوونيان بۆ دەكرێ ئەگەرچی لە ژيانيش دابن چونكە بە شێوەيەكی كردەيی بوونی خۆيان نەسەلماندووە !

وەك پێشينان دەڵێن : (رب حاضر كالغائب) ياخود (رب عالم كالجاهل)[1].

كەواتە خوێنەری بەڕێز:

فێرخواز فەقێ ی ڕەسەن ئەو فێرخوازەيە كەوا تابڵێی پابەند بوونی بە سوننەت و ڕەوشتە بەرزەكانی پێغەمبەری پێشەوای ﷺ پێوە ديار بێت لە سەرجەم بوارەكانی ژياندا، هەروەها تاكە مامۆستاو پێشەنگ و رابەری بۆ هەڵس و كەوت و جمو جۆڵ و چالاكيەكانی ژيانی تەنها و بە تەنيا پێغەمبەری رابەری مرۆڤايەتی ﷺ و شوێنكەوتووە بليمەت و هەڵكەوتووەكانی خەت و ڕێبازی ئەون، وەك خوای زانا و كاربەجێ لەم بوارەيەوە دەفەرمووێ ﴿ لقد كان لكم في رسول الله أسوة حسنة...﴾[2] زانای پايە بەرز (عبدالرحمن السعدي) لە تەفسير و راڤەی ئەم ئايەتە پيرۆزەدا ئەفەرمووێ: ((الأسوة نوعان: اسوة حسنة ، اسوة سيئة، فاسوة حسنة في الرسول ﷺ وأما الأسوة لغيره إذا خالفه فهو الأسوة السيئة، كقول المشركين حين دعتهم الرسل للتأسي بهم: ﴿إنا وجدنا آباءنا على امة وإنا على آثارهم مهتدون.﴾))[3] واتە: سەرمەشقی (الأسوة) دوو جۆری هەيە كە بريتين لە أ- سەرمەشقی چاك. ب- سەرمەشقی خراپ. ئينجا بێگومان سەرمەشقی و پێشەنگی چاك و ڕەوا لە پێغەمبەری خودا ﷺ هەيە، بەڵام سەرمەشقی بە پێشەنگ گرتنی غەيری

---

١ -حلية طالب العلم/ص- ٣٨

٢ - الأحزاب/ ٢١

٣ - المصفى من صفات الدعاة، الكتاب الأول/ ١٨

پێغەمبەر ﷺ لە کاتێك دا پێچەوانەی ئەو بێ، ئەم جۆرەیان سەرمەشقی خراپ و ناڕەوایە، وەکو گوتەی هاوبەش بڕیاردەر(مشرك)ەکان کاتێك پێغەمبەران -علیهم الصلاة والسلام- بانگەوازیان دەکردن، تاکو شوێنیان بکەون و دەسبەرداری رێبازی نەفامی بۆماوەیان بن، دەیان گوت : باب و باپیرانمان بەم شێوە گوزەراندویانەو ئێمەش بەهەمان شێوەو بە هەمان رێگە دەگوزەرێنین.

برای فێرخواز و خوێنەری بەڕێز:

ئەوەی پێناسمان کرد خوێندکاری رەسەن و دڵسۆزە، نەك ئەم جۆرە خوێندکارەی، کە لە ئێستاوە خەریکە لەسەر حیسابی ئایینەکەی لە هەوڵی خۆگونجاندایە لە گەڵ واقیع.

کورد گوتەنی: ((لە گەڵ عامێ دەچیتە شامێ!؟)) .

٧-زانیاری پاراستن بە نووسینەوە:

لە راستیدا نووسینەوەو پەیوەست بوون بە سیستەمی نووسینەوەی دەرس و وانە زانستیەکان و دەرهێنان و نەقڵکردنی هەندێ بابەت و مەسائیلی دەگمەن و پێویست، کارێکی ئێجگار گرینگ و بەرهەمدارە، چونکە زانیاریەکان لە فەوتان و بە زایە چوون رزگار دەکات و ئاسانکاریەکی چاکیشە بۆ کاتی پێویست، شەکەتی و بە دوا گەڕان کەم دەکاتەوە، بەتایبەت بۆ کاتی بە ساڵاچوون و بێ هێزی و پرکاری کەرەستە (مادة) ەیەکی تابڵێی بە کەڵك و ماندوو بوون و پێوە خەریك بوون و سەرقاڵبوونی زۆری گەرەك نیە..

بۆیە تۆش فەقێی بەڕێز:

کۆنووسێکی تایبەت و گونجاو دەست نیشان بکە بۆ تیا نووسینەوەو تۆمارکردنی سەرجەم ئەو بابەت و مەسەلە وردو بە کەڵك و زەروورانەی، کە لە ئەنجامی خوێندن و موتالاّ کردن و گوێ بیست بوون و . هتد دەوە بەدەستیان دێنی، هاوکات لە گەڵ ڕەچاو کردنی ئەم چەند خالاّنەی خوارەوە:

١- نووسینی سەرەباسەکە.

٢- ناوی ئەو پەڕتووك و سەرچاوانەی کە لێتەوە وەرگرتووە.

٣- نووسینی ژمارەی لاپەڕەی سەرچاوەکە.

٤- ژمارەی بەرگ (المجلد)ەکەی- ئەگەر لەبەرگێك زیاتر بێت.

٥- ئەگەر نەقلکردنی تێدابێت ئاماژەی بۆ بکە، نەبادا لە گەڵ نەقڵ نەکراو تێکەڵ بێت.

٦- هەر وەك چۆن ئەگەر پەرتووکێك موتالاّ بکەیت و بیخوێنیتەوە پێویستە ژمارەی ئەو لاپەڕەیە بنووسیت کە ڕۆژانە لە سەری دەوەستی تاکو بازدانی تێنەکەوێ[1].

چونکە بێگومان مرۆڤ سروشتی وایە دووچاری بێهێزی زاکیرەو لە بیرچوون دێت، بۆیە (شعبی) دەفەرمووێت: ((اذا سمعت شيئاً فاكتبه ولو في الحائط)) واتە: ئەگەر گوێ بیستی شتێك بوویت بینووسەوە، ئەگەر چی لەسەر دیواریش بێت.

بەڵێ بەڕاستی ئەم کۆنووسە لە تەنگانەترین و ناخۆشترین کاتەکان بە هاناتەوە دێت، دەگات بە فریات لەم ئان و ساتانەی تاکی خۆڕاگر و بە توانا دەستەوسان دەمینێت چ جای مرۆڤی بیرکۆڵ و بێ هێز.

---

١ - حلية طالب العلم. ص/٣٧

٨- پێداچوونەوەو بەسەرکردنەوەی دەرخکراو (المحفوظات) ەکان:

خەسڵەتێکی تری – قوتابی زانستە شەرعیەکان– بریتی‌یە لـە گرینگـی و ئەهمیەت دان بە دەرخکردن و ئەزبەرکردن، بەڵام گرینگـتر ئەوەیـە، کـە ئـەو مـەتن و بابـەت و باسـە گرینگانـەی دەرخ و ئەزبـەری کـردوون، پشـتگوێیان نەخات ماوە ماوە پێیان دابچێتەوەو بەسەریان کاتەوە، بەگوتنەوەو دووبـارە سەرنجدانەوەیان، تاوەکو لە هزرو بیریا بین بە مەلەکەیـەك هـەرگیز لـە یـادی نەچنـەوە. چونکـە ئاگـادار نـەبوونیان و نەپاراسـتنیان بـە بەسـەرکردنەوەو دووبارە گوتنەوە، هێمـای لـەبیرچوون و لـە دەسـت دان و بەزایەدانیانـە، جـا مرۆڤ لە هەر ئاستێك بێت.

ئیبن و عومەریش خوای لیٚ رازی بێت– دەگێڕێتەوە لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: ((انما مثل صاحب القرآن كمثل الإبل المعلقة, ان عاهد عليـها أمسكها وإن أطلقها ذهبت)).[1]

(الحافظ ابن عبدالبر)–رەحمەتـی خوای لیٚ بێت– دەڵـێ: ئـەم فەرموودەیـە بەڵگەیە لەسەر ئەو جۆرە کەسەی، کە زانستەکەی بەسـەر نەکاتـەوەو پشـت گوێی بخات، تا لەدەستی دەچێت و زەرەرمەند دەبێت..

چونکە بێگومان زانستی هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەر ﷺ لەو سـەردەمەدا تەنها بریتی‌بوو لە قورئان وبەس، ئینجا ئەگـەر قورئـانێك کـەوا خوێندنـەوە و ئەزبەرکردنی لەوپەڕی ئاسانی دابێت، بەبەسەر نەکردنـەوە وریـا نـەبوونی لـە کیـس بچێـت، ئـەدی چ دەڵـێی دەربـارەی ئـەو زانسـتە جـۆراو جـۆرو ئەسـتەمانەی ئێسـتا کـە لـەئارادان کـە بێگومـان وەکـو قورئـانیش نـین لـە سانایی‌دا..

---

١ – رواه الشيخان ومالك في الموطأ. البخاري: ٥٠٣١، مسلم: ٧٨٩

ئایەتی: ﴿ ولقد یسرنا القرآن للذکر فـهل... ﴾[1] ئامـاژە بـەم راسـتییە دەکات، هەڵبەتە باشترین و بەرهەمدارترین زانستیش ئەو زانستەیە، کە مەتن و ئەسڵ و بنچینـەکانی دەرخ بکرێـت و بـیر لـە لـق و پۆپـەکانی بکرێتـەوەو سەرنجیان بدرێ، هـەروەها مـرۆڤ پـەلکێش بکـات بـۆ لای خـواو رەزامـەندی خوای تێدا بەدی بکرێ و دەستە بەر ببێ.[2]

٩-بە فیڕۆنەدانی کات و پارێزگاری کردنی ساتەکانی تەمەن:

کات (الوقت) گرینگیەکی بـێ وێنـەی هەیـە لـە ژیـانی تێکـڕای مرۆڤـەکان، بەتایبـەتی مرۆڤـی فـێرخواز و قوتـابی.. بۆیـە زەروور وایـە قوتـابی–زانسـتە شەرعیەکان– زۆر بە بایەخەوە بڕوانێتـە سـاتە وەختـەکانی تەمـەنی(سـاعات عمـره) بەباشـترین و بەسـوودترین سـەرمایەو دەسـتکەوتی ژیـانی بزانـێ و هەرگیز تاکە ساتێکی بێ سوود لۆەرگرتن بەڕێ نەکاو بە زایە نەدات..

بێگومان پەیامی پیرۆزی ئیسلامیش زۆر بە ڕێز و بایەخەوە ئەڕوانێتە کات و باسی لێوە دەکات، تا ئاستێکی وا پەروەردیگارﷻ سوێندی پێئەخوا وەك دەفەرمووێ: ﴿والعصر إن الإنسان لفي خسر..﴾.[3] هـەروەها پێشـەوا (علـی کـوڕی ئـەبی تـالیب) خـوا لێی رازی بێـت– بـەم شـێوەیە پێناسـەی کات(الوقت) دەکات، کە دەفەرمووێ: ((الوقت کالسیف إن لم تقطعه یقطعك)) واتە: (کات وەکو شمشیر وایە گەر نەیبڕی دەتبڕی).

جارێکیان پیاوێك بە زانایەکی گوت: (قف أکلمك) واتـە: راوەسـتە هـەندێك قسەت لەگەڵدا بکەم، زاناکەش لە وەڵامدا فـەرمووی: (أوَقِـفَ الشـمس) واتـە:

---

١ - القمر/١٧

٢ - حلیة طالب العلم. ص /٣٩

٣ - العصر / ١-٢

ئایا خۆر وەستاوە- ئامن بوەستم - بەڵێ کات لەسەر مرۆڤ ناوەستێ و هەردەم لەوەرزی بەسەرچوون دایەو سات لەدوای سات تەمەنی مرۆڤ لە کورتی دەدات و بەپیر تەواو بوونەوە دەچێت!

کەواتە خویندکاری دڵسۆز و بە مشور:

هەردەم دۆست و هاوەڵ و هۆگری کات الوقت بە وریابە گیرۆدەی دەردی کات بە فیرۆدان و وبێکاری نەبیت، بەڵکو هەوڵدە بەپێی نەخشەو سیستەمی دابەش کردنی کاتەکان (توزیع الأوقات) وە دابەش کردنی کارەکان (توزیع الاعمال) هەڵس و کەوت بکەو کارو پیشەی شیاو و گونجاو و بەکەڵك دەست نیشان بکە بۆ پرکردنەوەی ساتەوەختەکانی تەمەنت، هەروەها تۆ وەکو فێرخواز و خوێندکارێکی لاوی زانستە شەرعیەکان زەرورە تێبکۆشی و رەنج بدەی و بەرنامەیەکی تۆکمە و رێك و پێك دابرێژی بۆ خۆرۆشنبیرکردن و دەستخستنی زانیاری (العلم) بەهەموو رێگەو شێوەو جۆرەکانی وەك خوێندن و خوێندنەوەی پەرتووك و سەرچاوەی جۆراوجۆر و نایەب و بابەت (موضوع) گرینگ و بەسود و ئەزبەرکردن و سەرنج دان و تاد.

پێشەوا (علی کوری ئەبی تالیب)ش لەبارەی هزر و بیر دەوڵەمەند کردن و هاندان و پێشڤە چوون بەرەو ئاستێکی بەرزی زانستی دەفەرموێ : (هەموو دەفرێك بە تێکردن تەسك دەبێتەوە تەنها عەقڵ نەبێت؛ پێی فراوان دەبێت).

تێبینیەکی گرینگ:

قوتابی بەڕێز:

مەرج نیە کردو کۆش و ڕەنجدان و زەحمەتکێشان بۆ دەستخستنی زانیاری (العلم) تەنهاو تەنیا پەیوەنداربێ بە پرۆگرام (منهج)ی قوتابخانەکانی –زانستە شەرعیەکان (مدارس العلوم الشرعیه) و لە چوارچێوەی ئەوانەوە دەرنەچێ و نەترازێ، بەڵکو زەرورەو پێویستە کەوا چۆن خوێندکار لە بوارەکانی (تەفسیر و فەرموودەو بیرو باوەڕ (العقیدة) و فیقە نحو و صرف و زمانەوانی بەلاغە و باقی زانست و وانە شەرعیەکانی تر شارەزاو بە ئاگایە، بە هەمان شێوە لە بوارەکانی (مێژو و پەروەردە و فەلسەفە و ڕامیاری و کۆمەڵناسی و تەندروستی و دەروون ناسی گەردوون ناسی و تاد، نابێ بێ ئاگا بێ و کەم تا زۆر لێیان نەزانێ و سەرەدەریان لێ دەرنەکات، چونکە زانایانی پێشوو لەم بوارانەش هاوکات لەگەڵ بوارەکانی تر ئەسپی خۆیان تاو داوەو جێ پەنجەیان دیارە و مێژووش شایەتیان بۆ ئەدا. بۆ نموونە:

یەك: پزشکیەتی –الطبابة–:

ئەو زانایانەی دەستی بالآیان هەبووە لەم بوارەوە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

١– ڕازی: کە ناوی ڕاستەقینەی خۆی (ئەبو بەکر کوڕی محمد زەکەریا)یە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی زایینیدا لە دەورو بەری شاری تەهرانەوە چاوی بە دونیا هەڵێناوە.. تەنها لە (طب)دا ((٢٢) پەرتووکی نووسیوە، کە بۆ چەندەها زمان و وەرگێڕدراون.

٢– ئیبن سینا: کەناوی (ئەبوعلی حوسەین کوڕی عبدوڵلای کوڕی سینا)یە، ناوبانگی بە(ڕەئیس) دەرکردبوو، ئەم کەڵە زانایەش زیاتر لە (١٠٠)

سەد پەرتووکی لە پزیشکی‌دا داناوە.

دوو: زانستی سروشت ناسی:

لەم بوارەشدا زانا موسڵمانەکان پشکی شێریان بەرکەوتووە و دەوری باڵایان بینیوە وەك:

١- (ئیبنول هەیسەم): کە لە (٣٥٤) کۆچی‌دا لەدایك بووە و (٢٠٠) کتێبی داناوە، ئینجا لەم دووسەد کتێبە (٤٧) دەربارەی بیرکاری (ریاضیات) و (سروشت ناسی) و (طبیعة) بوون و (٥٨) شیان ئەندازیاری.

٢- (کەمالەددینی فارسی) کە لەم بارەوە رۆلی بەرچاوی گێڕاوە.

سێ: جوگرافیا:

١- (شەریفی ئیدریسی) : ئەم زانا بلیمەتە لە سەدەی یازدەهەمی زاینی‌دا لە دایك بووە..(جوتیە) لە وەسفی ئەم بەڕێزە دا ئەڵێت (مامۆستای هەموو ئەوروپا بوو لە جوگرافیادا..) هەروەها (ئیدریسی) کتێبیکی نووسی لە بابەت جوگرافیاوە لەبەر گرینگیەکەی وەرگێڕدرا سەر ئەم زمانانەی خوارەوە:

١- ئیسپان لە ساڵی (١٧٩٣) ز دا.

٢- ئەڵمانی ساڵی(١٨٢٢) ز دا.

٣- فەرەنسی ساڵی(١٨٣٩) ز دا.

٤- ئیتاڵی ساڵی (١٨٨٥) ز دا.

٢- ئەبو رەیحانی بیرونی: ئەم زانایەش لەساڵی (٣٦٢) ك هاتۆتە دونیا (٧٥) ساڵ تەمەنی بووە، دەستی باڵای هەبووە لە (بیرکاری و گەردونناسی و دەروون ناسی و زمانی بێگانە) هەر وەك چۆن لەبواری: (مێژوو و جوگرافیا)شدا ناوبانگی دەرکردبوو لە جیهاندا[1].

---

١ - کەمێك بە دەستکاری‌یەوە لە (سەربەستی لە ئیسلامدا) وەرگیراوە لاپەڕە/٤٠، ٤٢

به تایبەت ئەو تەرزە ئایدۆلۆژیا و بیرو ڕا و ڕێبازە دەستکرد و خواستراوە بە ناو ڕامیاری و هاوچەرخ و پێشکەوتن خوازانەی، کە دژایەتی ناکۆکی (تناقض) یەکیان هەیە لەگەڵ ئیسلامدا، چونکە گەر ماهیەتی شتێك یان فکرەیەك نەزانێت و نەناسێت، چۆن و بەچ کلۆجێك بەر پەچی بدەیتەوە و بە خەڵکی بناسێنیت؟ بێگومان ناتوانیت.

وەك شاعیریش دەڵێت

عرفت الشرَّ لا للشر لكن لأتقيه   فمن لم يعرف الشر من الناس يقع فيه

چونکە ناکرێ و ناگونجێ مرۆڤ لە واقیع و ڕۆژگاری خۆی بێ ئاگاو نەشارەزابێت و دۆست و دوژمنی نەناسێت!؟.

بەشی سێیەم

بەكار هێنان و بەكرداری كردنی زانست

ئەوەشیان بە ڕەچاوكردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەستەبەر دەبێ..

١-دەرك كردنی نیشانەكانی زانستی بەسود:

فێرخواز و فەقێی ئازیز: سەرنج بدەو پرسیار لە دەروونتدا بكە دەربارەی ئەوەی ئاخۆ تۆ تا چەند نیشانەكانی زانستی بە سودت بەدەست هێناون و هەتا چ ئاستێك توانیوتە زانستەكەت بخەیتە قالبی عەمەلی و لە گۆڕەپانی كاردا ڕۆڵی كاریگەری خۆت ببینی گۆڕانكاریی بەر چاو و بێ وێنە لە نێو جەرگەی كۆمەڵگادا بخولقێنی، كە ئەمانەی خوارەوە بەشێكن لە نیشانەكانی، بۆ وێنە:

یەك: كارپێكردن و جێبەجێكرنی زانیاری بە شێوەیەكی عەمەلی (العمل به).

دوو: ڕقبوونەوە و حەز نەكردن لە خەسڵەتەكانی: خۆپەسندی و مەدح و بە شان و باڵ هەڵا گۆتن و خۆبەگەورە گرتن (التكبر على الخلق):

سێ: تا ئاستی هۆشیاری و زانستیت زیاتر و بەرزتر بچێ، زیاتر و چاكتر بێ فیزی و ملكەچی بنوێنی و خۆ هەڵكێشانت نەبێ.

چوار: دوورەپەرێزی و دوور كەوتنەوە لە خۆشەویستی خۆدەرخستن (حب الظهور) و زەعامەت و مەسئولیەت و شورەت و ناودەنگی دونیا.

پێنج: بانگێشە (ادعاء) نەکردنی زانایی خۆت و خۆ بە زاناو لێهاتوو نەژماردن.

شەش: بەد گومانی و گومانی خراپ (سوء الظن) بە خۆبردن، هاوکات لەگەڵ گومانی چاك (حسن الظن) بە خەڵکی بردن، تاکو پارێزراو بێت لە بە خراپ باسکردنیان و گومانی خراپ پێ بردنیان.[1].

٢- زەکاتی زانستەکەت بدە:

زانست ئەو نیعمەتە پیرۆزەو بەفەڕەیە، کە خوای گەورە بە فەزل و بەخششی خۆی ئەیبەخشێ بەو مرۆڤەی ویستی لە سەر بێت، بۆیە پێویستە قوتابی موسڵمان لە هەمبەر ئەو نیعمەتە بەرز و گران بەهایەدا وەکو دەربڕینی سوپاس و نواندنی شوکرانەبژێری بۆ خوا زەکاتی زانستەکەی دەر بکات..

بە شێوەکانی ڕاگەیاندنی حەق و ڕەوا و بانگەوازی بۆ پەیامی خواو فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگرتن و پەرچ خستنە بەردەم خراپە و گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەو خزمەت بە زانیاری و سوود گەیاندن بە خەڵکی و پشتیوانی و بەرگری کردن لە ئیسلام و موسڵمانان و بەرپەچدانەوەی ناحەزان لە کاتی پێویستی دا.

ئەبو(هریرە) خوا لێی ڕازی بێ لە پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((إذا مات الإنسان انقطع عمله الا من ثلاث, صدقة جارية، أو علم ينتفع به, أو ولد صالح يدعوا له))[2]..

---

١ - عبدالله ی کوڕی مبارك، گەر کەسێك باسی زانایەکی پێشینی (سلف)ی لەلا کردبوایە ئەیفەرموو: (لاتعرضن بذكرهم مع ذكرنا ليس الصحيح إذا مشى كالمقعد) حلية طالب العلم. ص/ ٥١

٢ صحيح مسلم : ١٦٣١

بەشێك لە زانایان فەرموویانە: ئەم سێ یانــە – بە دەستە جەمعی لـە هیچ کەس کۆ نابنەوە، مەگەر بۆ زانایەکی وا کـە زانیاریەکـەی دەبەخشـێ چروکـی پـێ ناکـات هەڵبەتـە بەخشـینی زانسـتیش چاکـە (صدقــة) یەکـە سوودی لێ نەبیندرێ، هــەروەها ئـەو قوتـابی و فـێرخوازەش کـە زانستەکەی لێوەردەگرێـت و فـێردەبێت، بـە ڕۆڵـەی (ولـد)ی زاناکـە لـە قەڵــەم دەدرێ– مەبەست ڕۆڵەی زانستی‌یە–.

جا کەوایە فێرخوازی فەقێی ژیرو مەند:

سوور بە لەسەر ئەم خەسڵەتە بەرزەو پێیەوە پابـەند بە، کـە پاراستن و بەرهەمدار بوونی زانستی لێوە بە بەرهەمدێت، چونکە زانیـاری تـا بیبەخشـی زیاتر گەشە دەکـات و زیـاتر دەبێـت، بـەڵام بـە پێچەوانـەوە بڵاونەکردنـەوەو کپکردنـی زیانبەخشـترین دەردو کاریگــەرترین میکــرۆب و ڤایرۆســێکە، کـە دووچاری زانست دەبێت و بەرەو کەمکردنەوەو بە فەتارەتچوونی دەبات.

خوێندکاری زانست پەروەر:

وریا بە ئەم جۆرە قسەو قسەلۆکانەی خەڵکی دۆڕاو و ورە داتەپیو و دونیا ویسـت کـارت تـێ نەکـەن، کـە دەڵێـن: ئاخـێر زەمانـەو سـەردەمێکە خراپــە دەستی سەندووە و بێدین و خراپەکار و زۆرداران زاڵ و دەست ڕۆیشتوون و ئامۆژگاری کەڵکی نەماوە، بە تەنها ڕاگـەیاندنێکی سـەرپێیی ئـەوێ و هتد.

تۆش نەیانکەیت بە پاساو و بیانوو بۆ پاڵدانەوەو مشوور نـەخواردن و خـۆ بـە بەرپرسـیار نـەزانین، چونکـە ئەگـەر وا بکـەیت خـوا نەخواسـتە– ئــەوا دوژمن و پیلانگێڕ و قین لە دڵانی بەرامبـەر ئـەم ئاییـنـە مەزنـە لـە پێنـاو ئـەو کـارەی تـۆ زێـڕی سـوور ئەبەخشـن و بـازاڕی پێئەدەن، تـاکو تـەواو تــەواو

خەڵکی موسڵمان دەسبەرداری ئەم پەیامە خواییــە دەبن و پیلان و نەخشە گـڵاو و شــەڕانگێزەکەی ئــەوانیش ســەردەگرێ و بــەردەگرێ، ســەرەنجام بەیداخی زانست ئایین پەروەری ئەخرێتە زەوی و ئاڵای بەدڕەوشتی و خراپــە و ریسواکاری بەناوی پێشکەوتن و دوانەکەوتن لە پێشڤەچوونی رەوڕەوەی مێـژوو و دەیـەها دروشمـی تـری فریـودەرو بـێ نـاوەڕۆك و فابریقـەداری لــەم شێوەیە- بشەکێتەوە[1]!!

٣- عیززەت و سەربەرزی زانایان:

خۆڕازاندنـەوە و خــۆ چــەکدارکردن بــە خەســڵەت و چــەکی عــیززەت و سەربەرزی گونجاوترین و لەبارترین کارێکــە بـۆ پاراسـتن و بەگـەورە و بـەڕێز راگرتنی زانیاری و باشـترین پارێزەریشـە بـۆ قـەدرو رێـز و شـکۆیی زانسـت و زانایـان، بـە ئـەندازەی نوانــدن و بــەجێهێنانی ئــەم رەوشــتە، عــیززەت و شکۆمەندیش دەستەبەر ئەبێ و بەدەست دەهێندرێ .

بۆیە دەبێ فێرخواز فەقێی زانستە شـەرعیەکان- زۆر بـە ئاگـاو وشـیار بێ لە ئاقار زۆردار و خۆبەگەورەگر و خۆبەخوازانان، نەبادا بیکەن بە ئامراز و وەسیلەی دەستخستنی ئاوات و ئامانج و بەرژەوەندییــە شەخسـی و مـەرام و ئارەزووە ناشـەرعیەکانیان، تـاکو شـەرعیەت بـە کـارە دزێوەکانیـان بـدەن و دەورو بەریش فریو بدەن!

یاخود نـەفام و دونیـا پەرسـتان بیخەنـە داوی تـەفرەو پـێلادان، دوایـش بکەویتە ژێر کاریگـەری ئـەوان و نـەرمی بنوێنـی لـە:(فتـواو بڕیـاردان و یـان هەڵوێست دەربڕین ووتـاردان و . هتد.

---

١ - حلية طالب العلم: ص/ ٥١

قوتابی بەرێز: ڕەزامەندی و ڕازیکردنـــی خـــەڵکی و دەورو بـــەرو دونیـــا ویستانت مەبەست نەبێ و هەوڵی بۆ مەدە، چونکە مرۆڤی موسڵمان بە تـەنیا حساب بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خـوای باڵادەست دەکات و ئەمـە بـە ئامانجێکی بنەڕەتی دەزانێ، گوێ نادات بـە گلـەیی و گـازاندەی ئـەم و ئـەو، چونکە چاك لـەم ئایەتـە پـیرۆزە گەیشـتووەو پـێی گـۆش کـراوە، کـە دەفەرمووێ: ﴿... والله ورسوله أحق أن يرضوه إن كانوا مؤمنـــين.﴾.[1] بـە پێی ئەم ئایەتە پیرۆزە هەڵس و کەوت دەکات و لە گۆڕەپانی ژیـاندا دەسـت بەکار دەبێـت بێگومـان ڕازی کردنـی هـەموو خـەڵکیش کـارێکی تـا بڵـێی ئەستەم و مەحاڵە، چونکە هەریەکەی بەشێوەیەك بیر دەکاتەوە و هەڵوێسـت دەردەبڕێـت، چونکـە سروشـتیان لـە یـەکتر جیایـە، بۆیـە ئـەبینین مێـژووی مرۆڤایـەتی بـە گشـتی و مێـژووی ئیسـلامی بەتایبـــەتی سەرگوزوشـــتەو بەسەرهاتی کەڵەپیاوانێکی لە خوا ترس و بوێر و بە هەڵوێستی تۆمار کردووە و ڕووە ڕەنگینەکانی خۆی پێ نەخشاندووە، کەوا دڵە گەورەکەیان پڕبووە لە ئیمـان، هـەرگیز گوێیـان بـە پلـەو پایـە و خۆشـگوزەرانی نـەداوە و سـەری بەرزیان بۆ هیچ زۆردارو تاغوتێك دانەنواندووە، لـە گـەڵ ئـەوەی زۆردارانیـش لەوپـەڕی هـێزو دەسـەڵات بـوون، بـەردەوامیش هەڵوێسـتی مەردانـەو جوامێرانـەیان هـەبووە، دژ بـە سـتەم و زۆرییـان وەسـتاون و بـەرەنگاریان بوونەتەوە.. کەچی بێجگە لەچەکی بیروباوەڕ– زۆربەی جاران– چیتریان شك نەبردووە، بێگومان مرۆڤی باوەڕداریش هەر بەم چەکە ناوازەیە، باڵادەست و دەسـت ڕۆیشـتوو زاڵ دەبێـت بەسـەر تێکـڕای چـەك و هـێزە هەمـە چەشـن و جۆراو جۆرەکانی تر.. هەڵبەتە ئەم پێشـەوا فیداکـار و بەجەرگانـەش – وەك

---

[1] – التوبة/ ٦٢

خەڵکانی تر– دەیانتوانی بە جۆرێك لە گەڵ فەرمانڕەوا و کاربەدەستە زۆردار و لاسارەکانی سەردەمی خۆیان هەڵبکەن و مەدار بکەن و خۆ بگونجێنن، بەڵام چاویان نەبڕیوەتە خۆشگوزەرانی و ماڵ و سامانی زۆرو ئافەرین و دەستخۆشی ئەم و ئەو هتد.

لە خولیای ئەمەدا نەبوون و تەنانەت دەتوانین بڵێین– بیریشیان لەمە نەکردۆتەوە– چونکە بە کارێکی ڕەواو شەرعیان نەزانیوە وەك بە ناو زاناو پێشەوا خراپەکار و دونیا ویست و ئارەزوو پەرستەکان– لەسەر حیسابی دین بۆ پەیداکردنی پارووی چەوری ئافەرینی ژین خۆیان بکەن بە مەقاشی دەستی زۆردار و خۆ بەزاڵ زانانی بێدین!!. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەمانە تەواو تەواو خۆیان بۆ خواو خزمەت بە ئایینی خوا یەکلا کردبووەوە، تەنانەت کاریان بە بنەمای روخسەت– یش نەکردووە بەڵکو بە پێی بنەمای عەزیمەت– هەڵس وکەوتیان کردووە، چونکە بە خۆیان ڕەوا نەبینیوە مادام لە پلەی پێشەواو پێشەنگیەتی دابن کار بە روخسەت بکەن. بۆیە کارێکی ئەستەمە کەوا دونیا و فاك وفیکی زۆرداران فریویان بدات و بیانخەڵەتێنێ پاشانیش بە فیتی ئەوانەوە بجووڵێن..

جا بەڕێزەکانم:

هەڵوێستی زانا بەجەرگ و جوامێر و دڵسۆز و بە پەرۆش و خوا ویست و مەیدان ویستەکان، هێندە زۆرن ڕەنگە نەتواندرێ لە دەرفەتێکی ئاوا کەمدا بخرێنە روو و باسیان لێوە بکرێ، بۆ یە تەنها بە چەند نموونەیەك وەك گوڵبژێرێك– واز دێنین و ئیکتیفا دەکەین کورد گوتەنی: (مشتێك نموونەی خەروارێکە) جا فەرموون ئێوەو هەندێ لەم هەڵوێستە بوێرو بەرز و شکۆدارانە:

یەکەم: تاکە هەڵوێستێکی جوامێرانەی پێشەوا (ئەبو حەنیفە)خوا لێی ڕازی بێ:-

لە سەردەمی -ئەبو جەعفەری مەنسور- بە بڕیارێکی -ئەبو جەعفەر- جارێکیان ئەبو حەنیفە دەسگیرکراو زیندانی کرا پاش بینین و چەشتنی جۆرەها ئازار و ئەشکەنجەی بێ ڕەحمانە، کە بە بڕیاری خودی فەرمانڕەوای ناوبراو بینی بووی، دایکی هاتە سەردانی لە زیندان بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن لە گەڵیا: ((یا نعمان ان علماً ما أفادك غير الضرب و الحبس لحقيق بك لتنفر عنه)) واتە: ئەی نوعمان عیلم و زانستێك، کە بێجگە لە لێدان و تێهەڵدان و زیندانی کردن بەم لاوە بۆتۆ کەڵکی تری نەبووبێ مافی خۆیەتی بەم لاوەی بنێی و وازی لێبێنی.. پێشەوا ئەبو حەنیفەش لە وەڵامدا بە دایکی گوت: (يا أماه لو أردت الدنيا لوصلت إليها، ولكن أردت أن يعلم الله إني صنت العلم ولم أعرض نفسي فيه للهلكة) واتە: دایە گیان ئەگەر من مەبەستم دونیا بوایە ئەوا بێگومان دەگەیشتم بە مەبەستەکەم، بەڵام تاکە مەبەست و ئاواتم ئەوە بووە .. کە خوای زانا پێ ئاگادار بێ کەوا عیلم و زانیاریم پاراستووە، بەبێ گوێدانە نەفسی خۆم، کە ئایا دووچاری زیان و هەلاکەت دەبێ یاخود نا. ! ؟.

دووەم: پێشەوا (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) خوای لێ ڕازی بێت -:

ئەم پێشەوا بەرزو بە جەرگەو بە هەڵویستە کاتێك کەوا مەئمون ی فەرمانڕەواو پشتگیری تاقمی موعتەزیلە کانی دەکرد دژی ئەهلی سوننەت و جەماعەت دەربارەی دانان بە بیرۆکەی خەڵقی قورئان لەو کاتە ناسکەدا ئیمامی دڵسۆزو خەمخۆری سوننەت و دوژمنی سەرسەختی بیدعە هەروەك شاخێکی بەهێز و سەرکەش،بێ گوێدانە جۆرێك لە ترس و

تۆقـاندنی فـەرمانڕەوا و زەبـر بەدەسـتان، لـە شـێوەی مرۆڤێکـی خۆڕاگـرو هەڵوێست بەرز لە بەرامبەریاندا وەستاو بەرەنگاریان بوویەوە، بە شێوەیەك بەشێك لـە قوتـابی و دۆسـت و هۆگـرو نزیکـانی خـەمیان بـۆ دەخـوارد و هەڵوێستەکەیان بە مەترسیدار بۆ خـودی پێشـەوا لـە قەڵـەم دەدا، ئـەوەبوو جیارێکیان ئیسحاقی مامی هاتە سەردانی و پێی گـوت: (یـا أبـا عبـدالله قد أجاب أصحابك، وقد أعذرت فیمـا بینـك و بـین الله، وبقیـت أنـت في الحبس والضیق) واتە: باوکی عبداللـە: ئـەوا هـەموو هاوەڵـەکانت لـەم شـتە بێدەنـگ بوون و هەڵویستیان نیە، تۆش عوزرت بۆ نێوان خۆت و خودا هەیە، بەڵام تـۆ بەتەنها لە تەسکی و ناڕەحەتی زینداندا ماویتەوە!.

–ئیمامی جوامێریش لە وەڵامی مامیدا فەرمووی: (یاعم إذا أجاب العالم تقیة، والجاهل یجهل فمتی یتبین الحق) واتـە: مامـەگیان: جـا ئەگـەر زانـا بـە شێوەی (تقیە)[1] وەڵامی دایەوەو نەزانیش نەزانێ، چۆن و کەی حـەق و ڕەوا دەر دەکەوێ و ڕوون دەبێتەوە؟!.

سێیەم: (ئەبو عباسی بەغدادی) کە پێیان دەگـوت شـافیعی گچکـە –(الشافعی الصغیر):

لە ژیاننامەکەیدا هاتووە کەوا فەرمانڕەواو کاربەدەستانی سـەردەمی ئـەو، زۆر گرینگیان پێ دەدا.. چونکە تا بڵێی بابایەکی زاناو مەردو مەند بـوو، تـا ئەوە بوو دەستنیشانیان کرد بۆ وەرگرتنی پلەی (قاضي) یەتی

بەڵام ئەویشـیان وەك هـەر داعـی و بانگبـەرێکی خواویسـت و خۆنەویسـت بەرەنگاری ئەم بڕیارە بوویەوە و ئامادە نەبوو ئەم ئەرك و پلەیە لـەو سوڵتە و دەسەڵاتە ناشەرعیە وەر بگرێ..

---

١ – وشەی (تقیة) شێوە دەربڕینێکی ناڕاشکاوی و بە پێچ و پەنایە وشاردنەوەی مەبەستی تیایە.

بۆیە زەبر بەدەست و کار بەدەستێکی ئەوکات پـێی گـوت: گوێڕایـەلیمان دەکەیت و بەر پرسیاریەتەکە وەردەگری بێ زۆری لێ کـردن، ئـەگینا ناچـارت دەکەین بەزۆری بەسەرتا ئەسەپێنین.. لە وەڵامیدا زانای پایەبەرز فیداکـار (ئەبو عەبباس)– فەرمووی: (إفعل ما بدا لـك) واتـە: چیت لـە لەدەسـت دێت بیکە! هەر ئـەوەی دووبـارە دەکـردەوە تـا دەرگـای لەسـەر گاڵـەدا.. ئینجا لەسـەر ئـەم هەڵوێسـتە خـەڵکی گلـەیی و گازاندەیـان لێ کـرد و ڕەخنـەیان لێ گرت، زانای ناوبراویش لە وەڵامی یان دا ئەی فـەرموو: تەنـها ویسـتم خـەڵکی بزانن وگوێ بیست بن، کە پیاوێك لە هاوەڵانی (شـافعی) ئـاواو ئـاوای لەگـەڵ کرا لەسەر ئەوەی پلەی قازیێتی (القضاء) وەر بگرێ کـەچی ئـەو هـەر مکـور بوو لە سەر وەرنەگرتنی پلەکە بەهۆی دونیا بەکەمگرتنی (زهدی)یەوە[1].

چوارەم: خەتیبی بەغدادی (الخطيب البغدادي):

لـە ژیاننامـەی ئـەو پێشـەوا بـەڕێزەش هـاتووە، کـەوا جارێکیـان چـەند عەلەوییەك دێنە خزمەتی و یەکێکیان کە هەندێك پارەی لەدەست گرتبوو بە خەتیبی گوت: فلان کەس سڵاوو ڕێزی هەبوو بۆ جـەنابت و گوتیشـی بـا ئـەم برە پارەیە لە پێویستییەکانی خەرج بکا!؟.

خەتیبیش فەرمووی بەسەر بلّندییەکەوە (پێویستیم پێی نییە)

عەلەویەکـەش وازی نـەهێناو گوتـی: چـۆن پێویسـتیت پـێ نیـە، دەسـت بەجێش پارەکە ناو دەستی کـردە سـەر بەرماڵـەکـەی بـەردەمی و دینارەکـان کەوتنە سەری و گوتی: فەرموو ئەوە (٣٠٠) دینارە بۆ خۆتی خەرج بکە، ئـەم جارەیان بەم کارە هەندەی تر خەتیب قەڵس و تووڕە بوو و سـوور هەڵگـەڕا، هەڵسا بەرماڵەکەی گرت و هەڵی تەنکاندە سـەر زەوی و– بـە تووڕەییـەوە

---

١ – المصفى من صفات الدعاة، الكتاب الأول،ص/٤٢

له مزگەوت چووه دەر

بێگومـان ئـەم كـارەی خـەتیب هەڵتـەنكاندنی بەرماڵەكە كـه تەنـها خولەكێكی نەخاياند، كەچی شوێنكەوتەو قوتابيانی خەتيب، كە ئەو سات لـە مزگـەوت ئامـادە بـوون بـەچاوی خۆيـان هەڵوێسـتە بـەرز و بـێ وێنەكـەی خـەتيبيان بينـی، دەسـت بـەجێ كـاری كـردە سـەريان و رای هێنـان و پەروەردەی كردن لەسەر مانا پيرۆزەكانی رەوشتی عيززەت و بەپووچ و بێ نرخ تەماشاكردنی بەندايەتی بـۆ غـەيری خـوا، ئەمـەش لـە وتـەی يـەكێكياندا دەردەكەوێ، كە دەڵێ: (ماأنسى عـز خـروج الخطيـب وذل ذلـك العلـوى وهـو قاعد على الأرض يلتقط الدنانير من شقوق الحصير ويجمعها)[1] واتـە: هـەرگيز سـەربەرزی و عـيززەتی خـەتيب كاتـێ لـە مزگـەوت بـە سـەربلندیيەوە چـووە دەرەوە، لـەياد ناكـەم و بـيرم ناچێتـەوە، هـەروەها ريسـوايی و زەليلـی ئـەو عەلەوی‌يە كاتێك دانيشتبوو لەسەر زەوی يەكە يەكە دينارەكانی لەنێو كون و كەلەبەرەكانی رايەخ و حەسيرەكە هەڵ دەگرتەوە.

پێنجەم: عيززی كوڕی عەبدولسەلام:

ئەم زانابەرزە پاش ئـەوەی شـا ئـەيوبی سـاڵح داوەتـی كـرد و شـێخ بووە ميوانی لە وەڵاتی (ميسر) پاش ئـەوەی لـە(شـام) دەركرابـوو لەبـەر بـە هەڵوێستی و حەق ويستی و بوێری‌يەوە

رۆژێكيان (ئەيوب شا) لـە كـۆڕ مجلـس ێك دابـوو كـەوا چـوار دەوری چنرابوو بە فـەرمانڕەوا و ئـەمێر و كاربەدەستەكان، خـەڵكيش كۆمـەڵ كۆمـەڵ دەهاتنە لای دەستيان ماچ دەكردوو سەريان بۆ دادەنواند، جا لەم كاتـەو لـە نێو ئەم هەموو حەشامەتە و كەين و بەينەدا پێشەوای فيداكار و دلێر (عيززی

---

١ - المصفى من صفاة الدعاة ، الكتاب الأول ، ص/٤٠

کوڕی عبدالسلام) ریزەکانی بڕی و هاتە پێش و بەو پەڕی هێزی باوەڕەوە بە ڕووی پادشای ناوبراو هاواری کردوو فەرمووی: بۆچی مەی (خمر) لە سەردەمی تۆدا بە ئازادی دەفرۆشرێ و تۆش لە نێو ئەو هەموو نازو نیعمەتەدا خافڵاوی؟!..

(شا ئەییوب)یش لەوە زیاتری بەدەست نەما، کە بەو پەڕی نەرم ونیانییەوە داوای لێبوردنی لێ بکات! پێی گوت: من بەمەم نەزانیوە.. ڕەنگە لە سەردەمی باوکم دابووبێ، بەڵام پێشەوای ناوبراو بەوەندە وازی نەهێناو تەنانەت ئەم جارەیان بە شێوەیەکی توندتریش دووبارەی کردەوە و فەرمووی: لەوانە کەمترت نەگوتووە کە دەڵێن: ﴿ إنا وجدنا آباءنا على أمــة وإنا على آثـــارهم مقتـــدون ﴾،[1] جا پاش ئەمە پاشا بڕیاری داخستنی مەیخانەکەی دەرکرد، لە دواییدا یەکێك لە نزیك و دەست و پەیوەندەکانی پاشا لێی ئەپرسێ: ئەرێ تۆ لێی نەترسای؟ شێخ لە وەڵامیدا فەرمووی: ڕۆڵە سوێند بە خوا کاتێ کە بیرم لە هەیبەتی خوای باڵا دەست کردەوە، پاشام لە پێش چاو بە شێوەی پشیلەیەك بچووك بوویەوە!.

شەشەم: مامۆستاو قارەمانی کورد (سەعیدی نورسی) کە ناسراوە بە (بدیع الزمان):

مامۆستا (سعید نورسی) لە ساڵی (١٢٩٣)ك بەرامبەر (١٨٧٣)ز لە دێیەکی سەر بە قەزای (هیرات) لە ناوچەی (بتلیس) ی کوردستانی تورکیا لەدایك بووە، هەڵبەتە دایك و باوکیشی کوردن و گەورەبووی ناوچەی ناوبراون..

مامۆستا هەر لەزووەوە ئاشنایەتی پەیداکردووە لە گەڵ ڕێبازی زانست و

---

١ - الزخرف/ ٢٣

زانست پەروەریدا، لە تەمەنی (٩) ساڵیدا، ڕووی کردۆتە خوێندن، لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیاری (مەلا عبدالله)ی برای مامۆستا تا بلێی زیرەك و لێهاتوو و هۆشیار بوو، بۆیە لە ماوەیەکی زۆرکەم لە تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی دا لە سەرانسەری تورکیادا ناوبانگ و شۆرەتی دەرکرد، لە ڕیزی زانا وشیار و بە توانا و بلیمەتەکان لە قەڵەم درا، هەروەها تا ئەو قۆناغەی تەمەنی هەموو زانستەکاتی (نحو، صرف، بلاغە، فلسفە، زانیاری، (أصول الفقە)، زانست (علوم)ەکانی قورئان (فقە)یشی هەموو خوێندبوو، بە شێوەیەکی وا کە هەموو بابەتە گرینگەکانی ئەزبەر کردبوو، بۆ نموونە (قاموس المحیط) ی تاپیتی (س) لەبەر کردبوو، پەرتووکی بەناوبانگی (جمع الجوامع)ی لە زانستی (أصول الفقە) دا تەنها بەڵێ تەنها بەیەك تاکەمانگ لەبەر کرد.

ئینجا فەقێی ئازیز: پاش پێشکەش کردنی ئەو پێشەکییە کەمەی سەرەوە، کە بە مەبستی پێناساندنێکی کەمی مامۆستا (نورسی) خستمانەروو، فەرموون ئێوەو هەڵوێستێکی ئەو پێشەوایە، کە بریتیە لە هەڵوێستێکی جوامێرانەی لەگەڵ (ئەتاتورك)دا:

لە ساڵی (١٩٢٠)ز مامۆستا نورسی بانگ کرا بۆ ئەنقەرە بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگێکی گەورە، کە دام و دەزگانی ئەتاتورك سازیان کردبوو ، ئیجا لە میانەی ئاهەنگەکە مامۆستا بۆی دەرکەت، سازدەرانی ئەم ئاهەنگە گشتیان نەیاری ئیسلامن و خەریکی نەخشە و پیلانی گڵاون دژی گەلانی موسڵمان، بۆیە شێر ئاسایانە لەنێو گەرمەی ئاهەنگەکەدا هەستا و چووە دەرەوە، پاش ئەمە بەیاننامەیەکی چڕو پڕی هەڕەشە ئامێزی بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتەجێی (أعضاء المجلس النیابي) ڕەوانە کرد، کە لە لایەن خودی (کمال

ئەتاتورك)ە وە سەركردايەتيان دەكرا، شايەنى باسە بە بەياننامەكەش چەند ئامۆژگاريەكى لە نێوان خۆ گرتبوو، كە بريتى بوو لە (١٠) برگە، سەردێرەكەشى بەم رستەيە دەست پێ كردبوو:– (إعلموا أيها المبعوثون إنكم مبعوثون ليومٍ عظيم).[1] ئينجا بەياننامەكە بۆ ئەندامان خوێندرايەوە لەلايەن (كاظم قرەبكرە) ديارە بێگومان كاريگەريەكى سەرسوورهێنەرى هەبوو، ئەوە بوو سەرەنجام شەست ٦٠ كەس لە ئەندامانى ئەنجوومەنى ناوبراو پاشە كشەيان كرد و بوونە موسڵمانێكى ڕاست و ڕێك و تەواو و شاگردێتى قوتابخانەكەى مامۆستايان قبوڵ كرد[2]!؟.

٤- لە هەوڵى پارستنى زانستدا بوون نەك پارێز لە پلە و پايە:

فێرخوازى ئازيز: ئەگەر لە ژيانتدا دەستت گير بوو لە هەر جۆرە پلەو پايە(المنصب) ێك غرورى نەتگرێ و دڵنيا بە تاكە هۆ و ئامرازێك كە تۆى بەم ئاستە گەياندبێت بە فەزڵى خوا پاشان بە هۆى زانست و زانستخوازيەكەتەوەيە، لەشان و باڵى خۆت مەزانە جا چ پلەى فێركارى (التعليم) يان فەتوادان و يان هتد ، ئينجا قەدرو ريزى زانستەكەت بزانە و بيپارێزە بەكار پێ كردنى. هەروەها بيكە بە ئامرازيك بۆ دەستخستنى رەزامەندى خودا، لە هەوڵى پاراستن و پارێزلێكردنى زانياريەكەت بە، نەك پارێز لە پلە و پايە بكەى بە ئاوات و ئامانجێكى بنەڕەتى و ئەمە بەكارى سەرەكى خۆت بزانى و ئەولەويەتى پێ بدەى وەك ئەو جۆرە بەناو زانايانەى كە هەموو ئامانج و خەون و خەياڵێكيان پاراستنى مەنسەب و پلەو پايەيانە بە شێوەيەك هەميشە زمانيان گاڵەداوە و تاكە وتەيەكى ڕەوا (حق)

---

١ – وشەى (مبعوث) بە عەرەبى لە توركيادا لە جياتى وشەى (نائب) بەكاردەهێنرێت.

٢ – سەرچاوە پەرتووكى (مامۆستا سەعيد نورسى) لە نووسينى هێمن عەزيزى.

و هەڵوێستێکی مەردانەیان لێ نابیسترێ و چاوەڕوان ناکرێ، چونکە خۆشەویستی دونیا بە شێوەیەك بەرچاوی لێڵ و تاریك کردوون و زاڵ بووە بەسەر دڵ و دەروون و ئەندێشەیان، تەنانەت ئامادەن لە پێناویدا هەموو شتێکی پیرۆز بکەن بە قوربانی، خوا پەنامان بدا ئەگەر ئاین و باوەڕیشیان بێت..

خوێندکاری بەرێز و فێرخوازی شیرین:

کەواتە بەپەرۆش بە و مشوور لەپاراستنی رێز و قیمەتی خۆت بخۆ چاك چاك بیپارێزە، واتە ئاین و بیر و باوەڕ و زانیاری و شەرەف و رێز و بەهای خۆت لەدەست مەدە و بەنرخێکی هەرزان و کەم مەزاتی مەکە و سەوداو مامەڵەی پێ مەکە، بە وریایی و لێزان و ژیرانە،بەم مەبدەئە پیرۆزە هەڵس و کەوت بکە، کە رابەری مرۆڤایەتی محمد ﷺ دایڕشتووەو نەخشەی کێشاوە کە دەفەرموێ: ((أحفظ الله يحفظك, أحفظ الله في الرخاء يحفظك في الشدة...)).

ئینجا ئەگەر بەهۆی ئەم هەڵوێستەشتەوە دوچاری گرفتی دابەزاندن و دوورخستنەوە بووی لە پایەکەت چونکە حەتمەن ئەمە سەرەنجامی خۆبەدەستەوەنەدان بە هەڵوێستیە دڵتەنگ مەبە و گوێی پێ مەدە، چونکە ئەمە سەربەرزی و شکۆمەندیە بۆ تۆ نەك زەبوونی و ناتەواوی و شەرمەزاری!.

٥- پەڕتوکخانەکەت:

خەسڵەتێکی تری قوتابی زانستە شەرعیەکان دەستنیشان کردنی پەڕتووکخانەیە، پەڕتووکخانەیەکی وا، کە سەرجەم بابەت و باسە زانستیەکان بگرێتە خۆ، واتە هەمەلایەن بێت..

چونکە بێگومان مرۆڤ چەند پێویستی بە هەناسەدان هەیە هێندەش بە زانست، هەڵبەتە ڕێز و بەهای زانستیش بە هۆی هەبوونی سوود و کەڵکی بێ سنوورییەتی بۆ کۆمەڵ، کاتێکیش سوودو کەڵکی دەستەبەر ئەبێ، کە مرۆڤ ڕێگاکانی پەیداکردنی بگرێتەبەر و گرینگی پێ بدات، ئینجا بێگومان ڕێگەیەك لە ڕێگاکانی دەستخستنی زانیاری هەبوونی پەرتوکخانەیەکی هەمەلایەن و دەوڵەمەندی وایە،کەوا لەکاتی تینوەتی و ئاتاجی مرۆڤ بۆ هەر بابەتێك فریای مرۆڤ بکەوێ و تینوەتی‌یەکە بشکێنێ و ئاتاجیەکە جێ بەجێ بکات

بۆیە ئەگەر سەرنجێکی مێژووی فێرخوازانی ڕەسەن لە کۆن و نوێ وە بدەین دەبینین لەگەڵ گەورەبوون و هەست وناستی زانستیان، ڕۆژ بەڕۆژ بیرۆکەی پەیداکردن ودامەزراندنی پەڕتووکخانەیان لا گەلاڵە بووە و لە پێناویدا هەوڵ و ماندوبوونی زۆریان داوە، بە کۆکردنەوەی پەڕتووك و دەوڵەمەند کردنی مەکتەبەکەیان بە سەرچاوەی جۆراوجۆر و هەمەڕەنگ

ئینجا چونکە زەرورە سەرچاوەی زانستی سەرچاوەیەکی پاك و بێگەرد و متمانە پێکراو بێ، بۆیە پێویستە پەڕتووکی متمانە پێکراو (موثوق) و بەکەڵك و پێویست نەبێ مەکتەبەکەتی پێ مەگرەو قەرەباڵغی مەکە و هزرو بیرت بە جۆرە پەڕتووکی ئاخنراو بە ووتە و بابەتی پووچ و بێ مانا و بێ بەڵگە و دوور لە واقیع سەرقاڵ مەکە و کاتە پیرۆزەکانی تەمەنیشت بەم شێوە کتێبانە مەفەوتێنە.

جا فەقێی بەڕێز:

تاکو بتوانیت سەرچاوەی خاوێن و لەبارو گونجاو بەدەست بهێنیت ئەم چەند ڕێنماییانەت دەخەینە ڕوو بە ئومێدی کەڵك لێ وەرگرتنیان:—

یەك: پەرتووكەكان بە نووسەرەكانیان هەڵ بسەنگێنە:

واتە: پێوستە بەر لەوەی بیر لە پەیداكردنی پەرتووكێك بكەیتەوە بتەوێ هەڵیبژێری و بیكەیت بە ئەندامێكی خێزانی مەكتەبەكەت، شارەزاییەكی تەواوت دەربارەی نووسەرەكە هەبێت و چاك هەڵیسەنگێنیت ئینجا مافی خۆتە سوود لە بەرهەمەكانی‌یەوە وەرگریت و لە لیستی رێنمویكاران و مامۆستایانی خۆت هەژماری بكەیت، بۆ نموونە وەك ئەو زانا بەرێز و روناكبیرو پایە بەرزانەی خوارەوە:-

پێشەوا (نووي)، إبن قدامە، إبن كثير، إبن حجر، الشوكاني، إبن تيميە، إبن القيم الجوزي، سيد قطب، محمد قطب، صلاح عبالفتاح الخالدی.. هتد خوا لە هەموویان رازی بێ پلەیان لای خوا بەرزتر بێت.

دوو: هیچ پەرتووكیك مەخەرە نێو مەكتەبەكەت تاوەكو چاوێكی پێدا نەخشێنیت و سەرنجێكی نەدەیت، ئەوەشیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەكرێ:

أ- خوێندنەوەی پێشەكی‌یەكەی (مقدمە).

ب- خوێندنەوەی ناوەرۆك (فهرست)ەكەی.

ج- هەروەها هەندێ بابەت و شوێنی جیاجیای پەرتووكەكە.[1]

پاشكۆ:

خوێندكاری سەنگین:

زەرورە قوتابی زیاتر لە هەموو خەڵكی تر لە مەیدان و گۆرەپانی كاردا ئەسپی خۆی تاوداو زانستەكەی بە شێوەیەكی عەمەلی و ئەرێنی وێنە بكا و نیشانی بدات، چونكە زانست و زانیاری گەر كاری پێ نەكرێ و نەخرێتە

---

١ - حلية طالب العلم. لا/ ٥٤-٥٥

قالبێکی عەمەلی خێری پێوە نیە و کەلکیشی نیە، چونکە کردەوە (العمل) بەرهەمێکە لە بەرهەمەدیار و بەرچاوەکانی زانیاری..

بۆیە پێویستە خوێنکاری زانستە شەرعیەکان کەسایەتیێکی جیای هەبێ لەگەڵ خەڵکی تر لە دوورو نزیکەوە لە شێوەی خاڵ (الشامة)ی سەر ڕوو بەرچاو بکەوێ و هەستی پێ بکرێ، جا جیاوازی کەسایەتی‌یەکەی دەخوازێ ئەم بوارانە بگرێتەخۆ و لەخۆ بگرێ..

یەك: بیرو باوەڕ (العقیدة):

هەڵبەتە بوارو لایەنی عەقیدە و بیرو باوەڕ گرینگترینی ئەو لایەنانەیە کە مافی خۆیەتی زیاد لە هەر بوارێکی تر قوتابی ئەهەمیەتی پێ بدات و بە شێوەیەکی دروست و لە سەرچاوەیەکی ساغ و ساف بەدەستی بهێنێ و بەرجەستەی بکات لە هزرو بیریا، چونکە مرۆڤی موسڵمان یان موسڵمانێکی ڕاست و ڕاستگۆیە یانە ناڕاست و سەختەکارە، جا هەندی موسڵمانی ڕاستگۆ بە عەقیدە و بیروباوەڕی لە سەرچاوەی بێگەردی قورئان وسوننەت وەردەگرێ و هەڵدەهێنجێ، بێجگە لەمە هیچی‌تر بەسەرچاوەی عەقیدەی خۆی نازانێ و هەروەها تەواو تەواو پابەندە بە بڕگەو بابەتەکانی عەقیدە و سەرتاپای ژیان و گوزەرانی لە ژێر سایە و سێبەر و کۆنترۆڵی عەقیدەیە..

دوو: بواری خواپەرستی (العبادة) و بەندایەتی خوا:

ئەم بوارەشیان لە دوو لایەنەوە تێبینی دەکرێ..

١- لایەنی زانستی شێوەیی.

٢-لایەنی کرداری پراکتیزەیی (التطبیقي).

بابای زانستخواز (طالب العلم) پێویسە زانیاریەکی تەواو و تۆکمەی هەبێ دەربارەی بواری خواپەرستی و بەندایەتی، بە شێوەیەکی وا تێکڕای ئەو

خواپەرستیانەی، کە ڕۆژانە مومارەسەو جـێ بەجێیان دەکات گشت پایە (الركن) و فەرزو سوننەت و ئادابەکانیان چـاك چـاك بزانـێ و بناسـێ و لێکیـان بکاتەوەو چەندیەتی و چۆنیەتی‌یان دەرك بکات..

فێرخوازی ئازیز:

بێگومـان ئامـانج و مەبەسـت لـە بەدەسـتهێنانی زانسـتە شـەرعیەکان بریتی‌یـە لـە بەندایـەتی کـردن بـۆ خـوا و لیٚ نزیـك بوونـەوەی، جـا پێویســتە هـەڵگرانی ناسـنامەی قوتابیـەتی -زانسـتە شـەرعیەکان بـە خواپەرسـتی و بەندایەتی چاك و ساغ بێ‌خڵتەکردنیان بۆ خوا بناسرێن و لـە خـەڵکی تریـش جیا بکرێنەوە، هەروەها سەرەڕای ئەنجامدان و بەجێ هێنانی‌خوا پەرسـتی‌یە واجبەکان مافی خۆیـەتی سـوننەتەکانی ڕەواتـب و غـەیرە ڕەواتـب سیواك و تـەواوی ئـەو سـوننەت و زیکـر ویردانـەی، کـە لـە سـەرچاوە متمانـە پێکــراو (موثوقـة)کـان ئامـاژەیـان پـێ کـراوە گرنگیـان پـێ بـدرێ و لـە خـۆدا بــەدی بهێدندرێن.

سێ: بواری خووڕەوشت (الاخلاق):

بواری خووڕەوشت (ألاخلاق)یش یەکێکی ترە لەم بوارانەی، کـە زەروورەو خوێندکاری ناوەندەکانی -زانستە شەرعیەکان بیکات بە گۆڕەپـانی کـاری و ئەسپی خۆی تیا تاودا وپشکی شێری تیـا بەدەسـت بـهێنێ، بـە شـێوەیەك بەر لەوەی بە زمانی زانیاری و گوفتار خەڵکی و دەورو بـەر بانگـەواز بکـات و بدوێنـێ، خووڕەوشـتی بـەرزی بکـا بـە هـۆ و ئـامرازی بانگـەوازی، چونکـە خووڕەوشتی بەرز کاریگەری زیاترە لەسەر خەڵکی و دەروونیان لە زانیـاری و گوفتار بۆ دەرخستنی ڕووی حەقیقەت و ڕاستیەتی، ئەمەش گەر سـەرنجێکی زێڕینی مێژووی ئیسلامی بدەین دەبینین زۆربــەی هـەرەزۆری گـەلانی جیـهان

هۆی موسڵمان بوونیان دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ڕاستەوخۆی خـوو ڕەوشـت و ئەخلاقی ڕەسەنی موسڵمانان ، چونکە موسڵمانان کـاتێك کـە دەچـوون بـۆ فەتح و ڕزگاری وڵاتانی جیهان هەرچی ڕەوشت خوو ئەخلاقی بەرزو ڕەسـەنی ئیسلامی بوو تیایاندا هەبوو بـەردیدی گـەلانی دونیـا دەکـەوت، بۆیـە دەسـت بەجێ باوەڕیان دەهێناو دەست لە ملانـی ئیسـلام دەبـوون بـەر لـەوەی هیـچ شتێك لە پرانسیپ و مەبادیئە مرۆڤ دۆستەکانی بزانـن و شـارەزابن، چونکـە بنەماکانی وەك سیمایەکی گەش لە یەکە یەکەی تاکەکانی دەدرەوشانەوە..

جا کەوابێ فێرخوازی ڕەوشت بەرز:

تۆش هەوڵدە بۆ بەدەست هێنان و بەرجەستەکردنی تێکڕای ئـەو ڕەوشـت و خوانـەی کـە زەروور و گرینگـن بـۆ کەسـایەتی خـۆت وەکـو: هێمنـی و بـە ویقـاری و پیـاوەتی (المروٶة) و شـەهامەت و دەسـت دەم و داوێـن پـاکی و خۆبەکەم گری و نەرم و نیانی و بە ئارامی و ڕاستگۆیی و بوێری و تاد.

دوور بە لە هەر چی خووڕەوشتێکی سووك و بەد و نەگونجاوە، کەوا چ بـە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ کـار لـە کەسـایەتیت دەکـەن، جـا وریابە هەرزەکارانە ڕەفتار نەکەی و بـیر نەکەیتـەوە، نـەبادا بـە هـۆی چـوون بەپیر داخوازیـەکانی دەروون دووچـاری لەکـەدار بوونـی کەسـایەتیت ببـی و گرفتی دابەزین و بێ متمانەیی ڕووت تێ بکات..

وەك چۆن پێشینانمان کە لە لوتکەی خووڕەوشتی بەرزدا بوون، تەنانـەت هەرگیز ڕازی نەبوون بە کۆڕ و مەجلیسێك، کـە قسـەی سـووك و پـووچ و بـێ مەنا (اللغو)ی تێدا هەبێ و پەردەی ئەدەب و حـەیا و حەشمـەتی تێـدا هـەتك بکرێ بۆ وێنە: (الاحنف بن قیس) گوتوویەتی: (جنبوا مجالسنا ذکر النسـاء والطعـام، فـأنی أبغـض الرجـل یکون وصافـا لفرجـه وبطنـه) واتـە: کـۆڕو

مەجلیسەکانمان دوور بگرن و بپارێزن لە باس و خواسی ئافرەتـان و خـواردن و خۆراك، من زۆر ڕقم لەو کەسەیە کە باسی داوێن و زگی دەکات.

چونکە تەواو پابەند بوون بە دەقە شەرعیەکان (النصوص الشـرعية) وەك خوای کار لەجێ لە بارەی هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ ئەم تەرزە کۆڕو مەجلیسانە، دەفەرموویێ: ﴿ إذا سمعوا اللغو أعرضوا عنه, قالوا لنـــا أعمالنــا ولكم أعمالكم سلام عليكم لا نبتغي الجاهلين﴾[1].

چوار: لایەنی شێوەو دیمەن ڕواڵەت:

هـەروەها ئیسـلام گرنگـی و بایەخی زۆری بـــە بـواری دیمـــەن و ڕواڵــەت (المظهر)یش داوە، تا ئەو دەرەجەی لە هەر تاکێکی موسـڵمان دەخـوازێ کـە پێچەوانە و جیاوازی لەگەڵ (أهل الكتاب) لە هەر دیمەنێکدا بەکار بهێنێ.

بۆیە زانستخوازان ئەم بوارەشیان پشتگوێ نەخستووە و بەلاوەیان نەناوە بە شـێوەیەك هـی وایـان هـەبووە بـەبێ خـۆ بـۆن خۆشـکردن (التطيـب) بـۆ دەرسەکەی نەچووە بۆیە: لەم بارەیەوە گوتراوە: (الحلية في الظـاهر تـدل على ميل في الباطل).

ئینجا هەندێ لەم دیمەنانەو ڕواڵەتانـەی، کـە ئیسـلام پـێی لەسـەر پێـوە پابەندبوونیان داگرتووە جەختی لەسەر کردووە، بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ڕیشداری و هێشتنەوەی ڕیش (أعفاء اللحية).

٢- پاك و خاوێنی سەر و سیماو دیمەن و ڕواڵەت.

٣- خۆ نەچواندن بە خاوەن نامەکان (أهل الكتاب) لە شکل و شێوەو جل و بەرگ.

٤- خۆ نەچواندن بە ئافرەتان.

---

١ - القصص/ ٥٥

٥- پۆشینی بەرگ و پۆشاکی شەرعی[1].

کەواتە: قوتابیانی خۆشەویست:

ئێمەمانان چاوەڕوانی هەنگاوە بە فەڕەکانتانین، ئازیزان! هەنگاو بنێن ئیسلام و موسڵمانان بە ئێوە سەربەرز و شکۆمەند دەبن، جا ئومێدەوارین ئاوات و ئومێدەکانمان لە بار نەبەن و نەیان خەنە گۆڕو بێ هیوامان نەکەن، هەوڵدەن هیچ تاوێك ماندووبوون و خەم ساردیتان پێوە دیار نەبێ و بوێر و ماندونەناسانە هەنگاو بنێن، هەم بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بەسود، هەمیش بۆ بەکرداری کردنی و خزمەت پێکردنی ئەم زانیاریە، سەیرکەن چۆن پێشینانمان باس و خواسی سەیرو سەرسوڕهێنەریان لێ دەگێڕدرێتەوە، بە وێنە: وەك دەڵێن هی وایان هەبووە لەڕێگای گەڕان بەدوای زانست ئاوی لێ بڕاوە ناچاری میز خواردنەوە هاتووە، یانە یەکێکیان دووری و سەختی ڕێگا ئەوەندە کاری تێکردووە و ئەزیەتی داوە تا وەکو میزی بۆ خوێن گۆڕاوە!!

لە مەیدانی کارو خزمەت بە پرۆسەی زانست و زانستخوازیشدا سەدەها بەڵگە و نموونەی هەمە چەشن هەن و لەبەر دەستدان، کە لەم دەرفەتەوە ناتوانین زۆر لەم بارەیەوە بدوێین و باسەکە قوڵتر بکەینەوە، تەنها بۆ نموونە:

أ- پێشەوا: (النووی) کە بە تەنیا (٤٥) ساڵ تەمەنی بووە سەرەڕای ئەوەی ڕۆژانە دوانزە (١٢) دەرسی گوتوونەتەوە، کەچی خاوەنی (المجموع): (شرح المهذب) و (شرح صحیح مسلم)ە، کە هەر یەکیان (١٠-١٥) بەرگن. هەروەها خاوەنی پەرتوکگەلێکی گەورەو گچکەیە وەکو: (تهذیب الأسماء

---

١ - توجیهات ضروریة لطالب العلم / ص-٥٦

واللغات) و (روضة الطالبين) و (رياض الصالحين) و (الأربعين) و (التبيان في آداب حملة القرآن) و...تاد.

ب– ئەدی یەکێکی وەکو: (ابو وفاو ابن عقیل الحنبلی) کە کتێبی (الفنون) کەهەشت سەد (٨٠٠) بەرگە، نووسیوە، کتابێکی بچووکیشی بە قەبارەی (٢٠) بەرگی نووسیوە.

کەواتە ڕێك وەك زانایان گوتوویانە: (العلم لا يُعطيك بعضه حتى تعطيهُ كلك) یان وەك ئیمامی علی خوای لێ ڕازیبێ فەرموویەتی: (يهتف العلم بالعمل فإن أجابه ولا أرتحل).

بەشی چوارەم

چاودێری کردن و ڕاگرتنی ڕێزو حورمەتی مامۆستا لەگەڵ چەند ڕێنمایەکی پێویست

بێگومان زانست و زانیاری لە سەرەتاوە بە تەنها لە سەرچاوەو پەرتووك وەرناگیرێ، بەڵکو پێویستە لەلایەن مامۆستایەکەوە بخوێندرێ و شێوە و چۆنیەتی خوێندن و فێربوون، هەروەها بڕینی قۆناغەکانی خوێندن بەپێی ڕێنماییەکانی مامۆستا و لەژێر چاودێری و بە ئاگاداری ئەوەوە بێت..

بۆ ئەوەی نەبادا فێرخواز دووچاری خلیسکان و ترازان بێت کورد گوتەنی: (شەلم کوێرم ئاپارێزم) نەکەوێتە نێو دونیای سەرچاوەو پەرتووکە زانستیەکانەوە بە هۆی نەزانین و ناشارەزایەوە نەیانشێوێنێ. شاعیریش لەم بارەیەوە گوتوویەتی:

ألا لا تنــال العلم إلا بســـــتة: سـأنبئك عن مجموعها ببيان:
ذكاءٌ وحرضٌ و إصطبارٌ و بلغةٌ وإرشاد أستاذٍ وطول زمانٍ[1]

فێرخوازی ڕێزدار:

مادام مامۆستا ئەوەندە ئەهمیەت و کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ژیان و فێربوونی قوتابی هەبێ و بێ ئەو قوتابی چی بۆ نەکرێ و کاری لەسەربوونی ئەو بوەستێ، زەرورە خوێندکاری زانستە شەرعیەکان– هەرچی ڕەوشت و ئەدەب و ڕێزو حورمەتێکە لە بەرامبەر مامۆستاکەیدا ڕەچاوی بکات و بەچاوی ڕێزەوە سەیری بکات، چونکە ئەم جۆرە خەسڵەت و هەڵس و کەوتە

---

١ - الجامع في طلب العلم الشريف/ ص-١٨١

به هێمای سەرکەوتن و فێربوون و ڕەوشت بەرزی خوێندکاریش دەژمـێردرێ، کەواتە دەبـا مامۆسـتاکەت جێگـای ڕێـز و تـەقدیر و بـەرز ڕاگرتـن بـێ لەهـەر شوێن و کاتێکدا بێت بەپێی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

١- بە ئەدەبەوە لەگەڵیدا دانیشەو چاودێری ڕەوشتەکانی دانیشتن بکە.

٢- بەوپەڕی ڕێزو ئەدەبەوە قسەی لەگەڵ بکەو ڕەفتارو گوفتار جوان بە.

٣- بە شێوەیەکی ڕێك و گونجاو پرسیاری لێ بکـە و وریـا بـە پرسـیارەکە بەجێ و لەجێ بێت.

٤- لەکاتی قسەکردنیدا جوان گوێ بگرە و سەیری ئەم لاو ئەو لا مەکە.

٥- لەکاتی دەرس خوێندن دا بەڕێزەوە کیتابی لەبەردەم بکەوە.

٦- لەهەردوو حاڵەتی قسەکردن و ڕۆیشتنیدا پێشی مەکـەوەو قسەیشـی مەبڕەو لەبەر دەمیدا زۆر مەڵێ و زۆر بڵێ مەبە.

٧- لەکاتی پرسیارلێکردن، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانت زۆری لێمەکە.

٨- زۆر پرسـیاری لێ مەکـە، بەتایبـەت لـەو کاتانـەی مامۆسـتایانی تـــر و هاورێیـانی ئامـادەن، چونکـە ئەمـە بۆتـۆ غروریـەو ئەزیـەتدانی مامۆستاشــی تێدایە.

٩- بەناوی تایبەتی خۆی بانگی مەکە و ناوی مەهێنە، بـەڵکو بـە وشـەی: (مامۆستاگیان، یان مامۆستای بەڕێز یاخود مامۆستا) بانگی بکـە و بیدوێنـە، هەروەها لەدوورەوە ئەگەر وا پێویست بێ ئەگینا بانگی مەکە.

١٠- لە ئان و ساتی دەرس خوێندن دا، هەوڵدە کەیف و تامـەزرۆیی و بـە تەنگەوەبوونی دەرسەکەت نیشان بدە، بەشێوەیەك ماناى کەڵك لێ وەرگرتنی لێ بفامرێتەوە.

١١- ئەگـەر هەڵەیەکت لـە لایـەن مامۆسـتاوە هەسـت پـێکردو بـەر دیـد

کەوت، با لە دەم و چاوتدا ڕەنگ نەداتەوە و لای خەڵك باسی مەکە، چونکە کەسی بێ هەڵە تەنها خوایە، کەس لە هەڵە بێبەش نیە.[1]

١٢- خۆت بپارێزە لە هەر کارێك، کە دەبێتە هۆی تووڕەکردنی مامۆستاکەت، بەتایبەت بە مومارەسەکردنی تاقیکردنەوەی لەسەر ئاست و توانا و بەهرەی زانستیی، چونکە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ هەست و نەست بریندارکردنی، کە هەندێ لە زانایان بە (حرب الأعصاب)ی ناو دەبەن.

١٣- هەر کاتێك نیازی گۆڕینی مامۆستا و ڕۆیشتن لە خوێندنگا(مدرسة)ت لا گەلاڵەبوو، بۆ ڕۆیشتن مۆڵەتی لێ بخوازە، چونکە هەم بۆ ڕێز و حورمەت گرتنی مامۆستا چاکترە، هەمیش هۆ کارێکە بۆ بەردەوام بوونی سۆزو خۆشەویستی مامۆستا و لەدەست نەدانی ئەم خۆشەویستی و پەیوەندییەی کە لە نێوانتاندا هەبووە.

١٤- هەروەها پێویست وایە کاتێك قوتابی دەچێتە خزمەت مامۆستا بەو پەڕی ڕێك و پێکی و خۆ ئامادەکردنەوە بچیت .. واتە پاك و خاوێن بێ لە بەرگ و پۆشاکی، دڵی لە هەرچی کارێکی سەرقاڵ کارە خاڵی و بەتاڵ بێت، هەروەك چۆن مامۆستا ئەگەر لە شوێنێکی وابوو، کە مۆڵەت وەرگرتنی گەرەك بوو، بەبەبێ مۆڵەت وەرگرتن وەژوور نەکەوێ، هەر کە چووە ژوورەوەش سلاو لە ئامادەبوان بکات بە گشتی و بە تایبەت مامۆستا و چاك و چۆنیشی بکات و لە هەواڵیشی بپرسێ، بەسەر خەڵکەوە پاز نەدات و لە کۆتایی مەجلیسەکە دابنیشێ، مەگەر مامۆستا داوای لێ بکات بچێتە سەرەوە، یاخود ئامادەبوان و دانیشتوان ڕیزی بگرن و جەخت لەسەر چوونە سەرەوەی بکەن، هەروەها هیچ کەس لە شوێنی خۆی هەڵ نەستێنێ، تاکو

---

١ - وەك شاعیریش دەڵێ: (من الذي ما ساء قط   ومن له الحسنى فقط)

له شوێنیا دابنیشێ، له ناوەڕاستی مەجلیس و له نێوان دوو برادەر و هاوەڵان بەبێ ئیزن دا نەنیشێ، مەگەر بە ئارەزووی خۆیان شوێنیان بۆ کردەوە ئەو کات قەیناکات، بەڵام بە ڕێکی دانیشێ و شوێنیان لێ تەنگ و ناخۆش ناکات و ڕەچاوی هەست و شعوری ئامادەبوان دەکات، لەکاتی قسەکردنیدا دەنگی بەبێ پێویست بەرزو بڵند ناکات و پێ ناکەنێ و یاری بە دەستەکانیەوە ناکات.

١٥- پێشەوا: (علی کوڕی ئەبی تالیب)یش خوای لێ ڕازی بێ لەم چەند ڕستانەی خوارەوە ئاماژە بە کۆمەڵە مافێکی مامۆستا و فێرکار بەسەر قوتابیەوە دەکات، کە دەفەرمووێ: ((من حق المعلم علیك أن تسلم علی الناس عامة وتخصه بتحیه، وأن تجلس أمامه، ولا تشیرن عنده بیدیك، ولاتغمزن بعینیك ولاتقولن قال فلان خلاف ماتقول، ولاتغتابن عنده أحدا، ولا تشاور جلیسك في مجلسه، ولا تأخذ بثوبه إذا قام، ولا تلح علیه إذا كسل، ولاتعرض-أی لاتشبع- من طول صحبته)). كە بریتین لەمانە:

مافێکی فێرکار (المعلم) بەسەر خوێندکار ئەوەیە کە سەلام کردنی لەخەڵکی بەشێوەی گشتی بێ، بەڵام هی مامۆستا تایبەت بێت وزیاتر ڕێز و حورمەتی تێدا ڕەچاو بکات، هەروەها پێویستە فێرخواز فەقێ بەو پەڕی ڕێزەوە لە بەرامبەریدا دابنیشێ وگەمە بە دەست و چاویەوە نەکات، هەروەها نابێ بڵێت فلانە مامۆستا دەربارەی ئەم مەسەلەیە پێچەوانەی تۆ دەڵێ، لەلای مامۆستا نابێ غەیبەت و بەخراپ باسی هیچ کەس بکات و گفت وگۆ و قسە و پستەپست لەگەڵ هاوەڵ و هاوڕێکانی لە مەجلیسی مامۆستادا ناکات، هەروەها لەکاتی هەستانی دەست بە جلەکانیەوە ناگرێت و لەکاتی بێتاقەتی و ماندوویی‌دا زۆری و ئیلحاحی لێ ناکات و هەرگیز لە مەجلیس و هاوڕێیاتی تێر نابێ و وەڕسی و بێتاقەتی دەر نابڕێ).

هەڵس و کەوتی پێشینانمان لە ئاقار ماموستایان دا:

پێشینانمان ئەم ڕاستییەیان چاك دەرك كردبوو، كە پاراستن و پابەندبوون بە خەسڵەتی بەرز ڕاگرتنی ماموستاو ڕێز و حورمەت نواندن بەرامبەری فاكتەرێكی تابڵۆی كاریگەرە لەژیانی فێرخواز و مایەی زیاتر كەڵك لێ وەرگرتنە، بۆیە دەبینین ئەهمیەتی زۆریان بەم خەسڵەتە داوە، بۆ نموونە:

أ- هەندێکیان نەریتیان وا بووە بەر لەوەی بچن بۆ خزمەت ماموستاكەیان سەرەتا خێر (صدقة) یکیان دەكرد ئینجا دەچوون بۆ خزمەتی..

ب- هەروەها بەم شێوەیەش لەخوا دەپاڕانەوە: (اللهم أستر عيب معلمي عني، ولا تذهب بركه علمه مني).

ج. (ڕەبیع) كە قوتابی و هاوەڵێكی پێشەوا شافیعی بوو ڕەحمەتی خوا لە هەردووكیان بێت دەفەرمووێ: ((ما إجترأت أن أشرب الماء والشافعي ينظر إلي، هيبة له)) واتە: قەت جورئەتم نەكردووە، لەبەردەم شافیعی دا ئاو بخۆمەوە لەبەر ڕێزو هەیبەتێك بۆی.

د- پێشەوا شافیعی- ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەفەرمووێ: (كنت اصفح الورقة بين يدي مالك صفحاً رقيقاً هيبة له لئلا يسمع وقعها) واتە: لاپەڕەی كتێبەكەم لە خزمەت ئیمام- مالك زۆر بە هێواشی و نەرمی و لەسەر خۆیەوە هەڵدەدایەوە نەبادا گوێی لێ بێت.

چەند ڕێنمایەکی پێویست:

یەکەم: هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنی کەسێکی شیاو بۆ خۆی بە سیفەتی ماموستایەتی:

بەڵێ بە ڕاستی كارێكی تابڵۆی پێویستە كە قوتابی زانستە شەرعیەكان- كەسێكی وا هەڵبژێرێ و بیكات بە ماموستاو چاو ساغی خۆی و

زانیاری لێوە فێر بێت، کە زاناو بە تواناو لە خوا ترس و پارێزگـار (متقـي) و پەرێز پاك بێت، چونکە وەك موحەممەدی ئیبن سیرین و مالکی کوڕی ئەنەس و زۆرێکیش لە پێشینان (السلف) فەرموویانە: ((إن هذا العلم ديـن، فـانظروا عمن تأخذوا دينكم)) واتە: بە راستی ئەم زانستە ئایینە، کەواتە سەرنج بدەن و بزانن ئایینەکەتان لە چ کەسێکەوە وەردەگرن.

دووەم: فـێرخواز نابـێ خۆبەگـەورەگر بـێ لـە هەمبـەر وەرگرتنـی زانستدا:

بەڵێ بێگومان پێویستە- فێرخواز، فەقێ ئەو پەڕی مل کەچی و نەرمی و بێفیزی بنوێنێ بۆ فێرکار (معلم)ەکەی و جڵەوی کاری تەواو بداتە دەست، هەروا مل کەچ و گوێ رایەڵ و نەرم و نیـان بێـت لـە بەرامبـەریدا بـە شـێوەی نەخۆشـێکی نـەزان و کۆلـەوار بـۆ دکتۆرێکـی وشـیار و ژیـر و میـهرەبان، بـا هەرچەندە فێرکار و مامۆستاکەشی بە تەمەن لـەوی بچووکـتر بێـت و خـۆی و بنەماڵەکەیشی بەقەد وی ناوبانگ و شۆرەتیان نەبێت، چونکە بێگومان مرۆڤ بە نواندنی مل کەچی و ئارامگرتن لەسەر بینینی زەلیلی بـۆ دەسـت خسـتنی زانیاری، دەگات بە زانست و پلەی زانایی، لەم بارەشەوە گوتراوە:

ومن لم يذق طعم المذلةِ ساعةً   قطع الزمان بأسره مذلولاً

هەروەها ئیبن و عەباسیش خـوا لێـان رازی بێـت فەرموویـەتی: (ذللـت طالباً فعززت مطلوباً).

سێیەم: مامۆستاکەت چاکترین و لـەبارترین پێشـەنگ (قدوە)یەکـە بۆتۆ:

بەڵێ خوێندکاری دڵسۆز: باشترین و چاکترین و لە بارترین کەسێك کـە تـۆ بیکەی بە پێشەواو پێشەنگ بـۆ خـۆت، تـاکو لێی بەهرەمـەند بـی و سـوود و کەڵکی لێوە ببینی بێجگە لەفێربوون و زانیـاری لێوەرگرتـن خەسـڵەت و

خورەوشــتە بــەرز و رەســەنەكانی و بــەهرەو تواناكــانی لێیــەوە فــێرببێت مامۆستاكەتە، كە بە باوكی ئایینی (الأبوة الدينية) یاخود وەك لـە قـانونی ئێرلـەندی بە (الرضاع الأدبي) هـاتووەو ناوزەد كـراو[1]، بــەڵام وریـا بــە خۆشەویستی مامۆستاكەت وات لێ نەكات لـە چوارچێـوەی یاسـایی خـۆی دەربچێت و دووچاری كاری سلبی ناشیاو ببیت، بە بیانووی شوێن پێهەڵگرتن و شوێن كـەوتنی كە لەخۆتـەوە دیار نییەو هەستی پـێ ناكـەیت، بـەڵام خەڵكی تر هەستی پێ دەكەن و تەواو لێی ئاگادارن– كەواتە هەوڵ مـەدە لـە دەنگ و نەغمەو ئاوازو شێوەی هەستان و دانیشتن و هەڵس و كەوتی رۆژانەی

تاد چاوی لێ بكەیت و تەقلیدی بكەیتەوە، چونكە ئەمانە بەشێكی گرنگن لە پێكهاتەی كەسایەتی مامۆستا بەمانـە لـە خـەڵكی تـر جیا دەكرێتـەوە و تایبـەتن بـە كەسایەتی خۆی، حـەق وا نیـە تـۆ لەمانـە چـاوی لێ بكـەیت و كەسایەتی خۆشت بشێوێنی.

چـوارەم: بـە دەسـت هێنـانی بـە تەنگـەوە بـوون و بـە مشـووری مامۆستا لە دەرسەكاندا:

هەڵبەتە قوتابی چەندە بە رێكـی گـوێ بگـرێ بـۆ دەرس و هـزر و بـیری و هەست و نەستی چـەندە لـە گـەڵ مامۆسـتادا بێت، هێنـدەش بگـرە لەمـەش زیاتر مامۆستا گرنگی پێدان و بە پەرۆشەوە بوونـی لـە دەرس ووتنەوەكـەیدا هەست پێ دەكرێ..

بۆیە پێویسـتە قوتـابی فـەقێ– نەبێتـە ئـامرازێكی سـەلبی بۆ زانیـاری مامۆستاكەی، بە نواندنی شێوەی تەمبەڵی و سستی و كەمتەرخـەمی و گـوێ نەدانە دەرس و وانە زانستیەكانی، چونكـە ئـەم تـەرزە خەسـڵەت و هـەڵس و كەوتانە سروشت و میزاجی مامۆستا تێك دەدەن و دەشێوێنن .

---

١ – ئەوەی راستی بێت باوكی ئایینی یان باوكی زانستی گونجاوترە.

لەم بارەیەوە خەتیبی بەغدادی دەفەرمووێ: ((حق الفائدة أن لاتساق إلا الى مبتغيها، ولا تعرض إلا الراغب فيها، فإذا رأى المحدث بعض الفتور من المستمع فليسكت، فإن بعض الأدباء قال: نشاط القائل على قدر فهم المستمع))[1] واتە: حەق وایە شتی بە شوود(الفائدة) بۆ کەسێکی ئارەزووی نەبێت نەگوترێ و باس نەکرێ، هەرکاتێك قسەبێژ هەستی بە سستیو کەمتەرخەمی گوێگر کرد پێویستە بێدەنگی لێوە بکات و واز بێنێ، هەروەها هەندێ لە ئەدیب و رووناکبیران گووتویانە: گرنگی پێدانی قسەبێژ بە گوێرەی تێگەیشتنی گوێگرە.

پێنجەم: تۆمارکردن و نووسینەوەی هەندێ بابەت و شتی پێویست لە کاتی دەرس خوێندن دا.

خوێندکاری بە مشوور: نووسینەوەی هەندێ شتی زەروورو گرنگ لە کاتی دەرس خوێندن دا کارێکی تابڵۆی بەرهەمدار و بەسوودە بۆ لە یاد نەکردن و پارێزگاری لێکردنیان، جا بزانە ئەم کارە لە خزمەت مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی تر جیاوازەو فەرق دەکات، بۆیە ئەنجامدانی ئەم کارە ئەدەب و مەرجێکی گەرەکە: -

أ- رەوشتەکە: بریتییە لە ئاگادارکرنەوەی مامۆستاکەت، لە ئەنجامدانی ئەم کارە، کە بە راشکاوی پێی بڵێی تۆ هەڵدەستی بە نووسینەوەی ئەم شتانە بۆ لە یاد نەکردن و لەیادنەچوون.

ب- مەرجەکەش : بریتییە لەمە، کە ئاماژە بەو راستییە بدەی کە تۆ ئەم شتانەت نووسیوەتەوە کە لە دەرسەکانتا گوێ بیست بوویت لە مامۆستا.

١- حلية طالب العلم/ ص-٢٧

بەشی پێنجەم

چۆنیەتی هەڵس و کەوتی قوتابی زانستیەشەرعیەکان لە نێو قوتابخانەدا

قوتابخانە کەوا ماڵی دووەمی قوتابی‌یە، کۆمەڵە ڕەوشت و یاساو ڕێسایەکی تایبەتی هەیە و لەخۆ گرتووە، زەرووره‌و ڕەوشەکە وا دەخوازێ کەوا ئەو ڕەوشت و یاسا و ڕێسایانە چاودێریان بکرێت و پشتگوێ نەخرێن و لە لایەن قوتابی‌یەوە بەهەند هەڵ بگیرێن..

ئینجا دەتوانیت شێوە و چۆنیەتی هەستان و دانیشتنی قوتابی لە نێو مەدرەسەدا، لە چەند خاڵێکدا بە کورتی ڕوون بکەینەوە و بیخەینە ڕوو:

یەك: گوێڕایەڵی براگەورە (الأمیر):

لە ئیسلام دا دەستنیشان کردن و هەبوونی برا گەورە (الأمیر) مەرجی بنەڕەتی هەر کارێکە، جا چ جای لە ناوەندێکی زانستیدا، کە دەتوانین بە کارگەی بەرهەمهێنانی ڕابەر و چاوساغ و پێشەوا و برا گەورەکانی گەل و کۆمەڵی دابنێین و ناوزەدی بکەین..

بێگومان گوێڕایەڵی و فەرمانبەری (السمع والطاعة)ی براگەورەش لە دید و بۆچوونی ئیسلامی‌دا پێویستە و فەرزە.. بۆیە قوتابی زانستە شەرعیەکان بڕوا و قەناعەتی وایە و بە ئەرکی سەرشانی و فەرزیشی دەزانێ، کە گوێڕایەلی براگەورەکەی بکات و قسەی نەشکێنێ و لە فەرمان و بڕیارەکانی دەرنەچێت، قەناعەتیشی وایە، بێ فەرمانی کردن و قسە شکاندنی تاوانێکە و ئەنجامی داوە، بەمەش خۆی مستەحەقی تووڕەیی خوا کردووە، چونکە پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ دەفەرموێ: ((من أطاعني فقد أطاع الله, ومن عصلني

فقد عصي الله, ومن يطع الأمير فقد أطاعني, ومن عصى الأمير فقد عصى))[1]
واتە: هەر کەسێك فەرمانبەریم بکات ئەوا فەرمانبەری خوای کردووە، هەرکەس سەرپێچی و بێ فەرمانیم بکات، بێگومان سەرپێچی خوای کردووە، هەرکەسێك فەرمانبەری براگەورە بکات و فەرمانی نەشکێنێ، ئەوە فەرمانبەری منی کردووە، هەرکەس سەرپێچی براگەورە بکات سەرپێچی منی کردووە.

ئینجا ڕاستییەکیش ماوە ئاماژەی پێ بدەین، کە گوێڕایەڵی وجێبەجێ کردنی فەرمانی براگەورە لە هەردوو حاڵەتی خۆشی و ناخۆشییەوە پێویستە و گەرەکە، بەڵام دەبێ وریا بیت کە ئەو فەرمانبەریەش بەندە بە سنووری شەرعی خۆی و چوارچێوەی تایبەتی خۆی هەیە و ڕەها(مطلق) نیە، کەواتە هەرکات فەرمان و بڕیارێك لەهەر ئاستێکەوە بێت نەك بەتەنها لە لایەن براگەورەوە لە سنوور و چوارچێوەی شەرعی خۆی لایدا و ترازا، ئەوا ئەو کاتە نەك هەر فەرمانبەری و بە گوێ کردن دروست نیە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا ئەنجامدانی تاوانێکی زلیشە، وەك سەروەرمان ﷺ دەفەرموێت: ((لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق))[2] لە کۆتایی ئەم خاڵەدا دەڵێم:

حەقی خۆیەتی ئەگەر هەر مەدرەسەیەکیش ، تائێستا حسابی بۆ دەست نیشانکردن و دانانی براگەورە (الأمير)ی حوجرە کەی نەکردبێ و بەهەندی هەڵنەگرتبێ، پێویستە لەمەو دوا ئەم مەسەلەیە چی تر فەرامۆش نەکرێ یا خەمی لێ بوخرێ.

هەروەها لەکاتی هەڵبژاردن و دانانی براگەورە، پێویستە ڕەچاوی ئاستەکانی زانستی و ژیری و ڕەوشتی و پارێزگاری و پابەندی و تەمەن و

---

١ - متفق عليه. البخاري: ٧١٣٧, مسلم: ١٨٣٥

٢ - متفق عليه.

متدی هەڵبژێردراو و دەست نیشان کراو بکرێت.

پێویستە بابای هەڵبژێردراو(براگەورە) ڕەچاوی ئەرکەکانی بـرا گەورایـەتی بکات و بەچاوی ڕێز وسۆ زو ئینسافەوە، سەیری هاوەڵ و ئـەندامانی خـێزانی مەدرەسەکەی بکات و غروری و لووت بەرزی و خۆپەسەندی نەیگرێ.

دوو: ڕەچاوکردنی گەورە و بچووکیی:

قوتـابی زانستەشـەرعیەکان هەرچـەندە، ئـەو حەقیقەتـە چـاك دەرك دەکا و دەزانێ، کە مرۆڤەکان بە گشتی یەکسانن، هیچ کەس لە بەندایـەتی و ڕەگەزەوە ئیمتیازی بەسەر کەسێکی ترەوە نیە، بەڵکو هەموویان بە شێوەی دەنکەکانی شانەی سەر یەکسانن، وەك پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: ((النـــاس مستوون كأسنان المشط))[1]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕواو قەناعەتی وایە کە لە هەندێك لایەنەوە جۆرە بەرزی و نزمی و گەورە و بچوکی‌یـەك هەیـە لـە نێـوان مرۆڤەکان، بۆ نموونە:

١- لایەنی زانیاری:

هەڵبەتە مرۆڤەکان بە گشتی و توێـژی قوتـابیش بـە تایبـەتی، مـەرج نیـە ئاستی زانستیان یەکسان بێت و لە ئاسـتێك دابێـت، بـەڵکو جیـاوازی بـەرچاو هەستپێ دەکرێ، ئاست و قۆناغی زانستی کەسێك یانە قوتابیەك بۆ یـەکێکی تر جیاوازە،وەك پەروەدیگاریش دەفەرمووێ: ﴿وفوق كل ذى علـــم عليـــم﴾[2] بۆیە قوتابی ڕەچاوی ئەم لایەنەوە دەکات، هەر کەسێك یا هەر فێرخواز و قوتابی‌یەك، کە ئاست و قۆناغی زانیاری لە خـۆی بـەرزتر و لەپێشـتر بێـت، ئەو پەڕی ڕێزو حورمەتی دەبێت لە بەرامبەریدا.

---

١ - أخرجه الديلمي.

٢ - يوسف/ ٧٦

٢- بارو لایەنی تەقوا و پاریزکاری:

بێگومان جیاوازی لە نێوان بەندەکان، لە گۆڕەپانی بەجێگەیاندنی بەندایەتی و پارێزگاری و تەقواداریش دا هەیە وەك دەفەرموویێت: ﴿ إن أكرمكم عند الله أتقاكم ﴾[1].

ئینجا مادام بەڕێزترینمان لای خوا پارێزکارترینمان بێت، پێویستە لە لایەن قوتابیانیش هەر وا بێت و ڕێز و ئەدەب و حورمەتێکی تایبەتیش بۆ کەسێکی لەم شێوەیە دابندرێ.

٣- باری ژیریی و هۆشمەندی:

قوتابی بەڕێز: باری ژیری و هۆشمەندیش یەکێکە لەو لایەنانەی کە مرۆڤ ڕێزدارتر دەکات و زیاتر بەرزی دەکاتەوەو ڕێز و پلە و حورمەتیشی مسۆگەر دەکات، ڕابەریشمان ﷺ دەفەرمووێ: ((ليليني منكم أولو الأحلام والنهى, ثم الذين يلونهم, ثم الذين يلونهم))[2] واتە: با ئەوان هۆشمەند و ژیر و عەقل مەندن لە ئێوە بالێمەوە نزیك بن، ئینجا ئەوانەی لە دوای ئەوانەوە دێن، پاشان ئەوانەی کەوا لە دوای ئەوانەوە دێن.

٤- ڕەوشت و ئاکار بەرزی:

لە ئیسلامدا ڕەوشت و ئاکار بەرزیش هۆیەکە بۆ زیاتر ڕێزدار کردنی بابای ڕەوشت بەرز و بەرزو بڵندڕاگرتنی، وەکو پێغەمبەری ڕەوشت و ئاکار بەرزیش ﷺ دەفەرمووێ: ((إن من أحبكم الي وأقربكم مني مجلسا يوم القيامة,أحاسنكم أخلاقا))[3] واتە: بەڕاستی خۆشەویسترین تان بەلای منەوە و نزیکترینتان لە

---

١ - الحجرات / ١٣

٢ - رواه مسلم: ٣٤٢

٣ - رواه الترمذي حديث صحيح: ٢٠١٨

من له پلـه و پایه جێگـه‌دا لـه ڕۆژی دوایـی، ئه‌وانـه‌ن، كـه ڕه‌وشـت جوانـترو به‌رزتره.

٥- ته‌مه‌نداریی:

لایه‌نێكی تر له‌و لایه‌نانه‌ی، كه به‌رزی و نزمـی و گـه‌وره و بچوكـی لـه نێـو ڕیزی مرۆڤه‌كان به گشتی و چینی قوتابی به‌تایبـه‌تی ده‌خولقێنـێ و دروسـت ده‌كات ته‌مه‌ن زۆری و ته‌مه‌نداری یه، پێغه‌مبه‌ری به‌رز و به‌ڕێزیشمان ﷺ لـه‌م باره‌یه‌وه ده‌فه‌رموێ: ((ليس منا من لم يرحم صغيرنا ويعرفْ شرفَ كَبيرِنـا))[1] واتـه: لـه ئێمـه نی‌یـه كه‌سێك بۆ بچوكمـان سـۆز نـه‌نوێنێ و بـه‌زه‌یی پێـدا نه‌یه‌ته‌وه، هه‌روه‌ها ڕێزی گه‌وره‌مان نه‌گرێ، ئینجا چونكه قوتـابی زانسـته شه‌رعیه‌كان په‌روه‌رده و گۆشكراوی ئایینه پیرۆزه‌كه‌یه‌تی و له‌سه‌ر بنـه‌ماو پره‌نسـیپه‌كانی ڕاهێنـدراوه، كـه به‌رنامه‌كـه‌ی فـه‌رمانی پـێ ده‌كـات، هـه‌ر كه‌سێكك له و لایـه‌ن و ئیمتیازانـه‌ی سـه‌ره‌وه‌ی تێـدا هـه‌بن، ڕێـز و ئـه‌ده‌ب و حورمه‌تێكی تایبه‌تی و شایسته بـه كه‌سایه‌تی ئـه‌و بۆ داده‌نـێ و پـتر ڕیـزی ده‌گرێ.

سێ: بایه‌خدان به پاك و خاوێنی:

خوڕه‌وشتێكی تر له‌و خوڕه‌وشته‌په‌سه‌ند و زه‌ق و به‌رچاوانـه‌ی قوتـابی زانسته شه‌رعیه‌كان كه‌وا له ژیانی فه‌قێیاتی و له نێو قوتابخانه گرنگی پـێ ده‌دات بریتی‌یـه لـه - پـاك و خـاوێنی چونكـه بـه به‌شـێك لـه ئـاین و به‌رنامه‌كه‌ی ده‌زانێ، پێغه‌مبه‌ری ڕه‌وشت به‌رزیش ﷺ ده‌فه‌رمووێ: ((الطـهور شطر الإيمان))[2]، واته: پاك و خاوێنی نیوه‌ی بڕوایه.

---

١ - رواه أبو داود بسند صحيح: ٤٩٤٣

٢ - رواه مسلم:٢٢٣

بێگومان پاك و خاوێنیش ئەو خەسڵەتە پەسەندەیە، کە پەیوەندیدارە بە زۆر لایەنەوە، جا پێویستە لە هەموو لایەنێکەوە گرینگی پێ بدرێ و ڕەچاو بکرێ بەتایبەت قوتابی، حەق وایە لە هەر لایەنێك لەو لایەنانەی خوارەوە ڕۆڵی بەرچاو بگێڕێ وجێ پەنجەی دیار بێت:-

١- لایەنی دڵ ودەروونی:

بەڵێ دەبێ لە سەرەتاوە ، قوتابی -زانستە شەرعیەکان- هەوڵدا هەرچی زووە دڵ و دەروونی پاك بکاتەوە تەواو تەواو گەسکی بدات و بژاری بکات لە هەرچی خەسڵەتی پیس و نەگریسی دەروونیی، وەکو گومانی خراپ(سوء الظن) و ئێرەیی(الحسد) و چروکی و ڕەزیلی(البخل) و خۆبە گەورەگرتن(الکبر) و خۆ پەسندی حەز لە خۆدەرخستن (حب الظهور) و...تاد وەك لەم بارەیەوە گوتراوە: ((یُطیبُ القلبُ للعلم، کما تطیب الأرضُ للزراعة)) واتە: دڵ پاك دەکرێتەوەو بژار دەکرێت بۆ زانیاری، هەر وەك چۆن زەوی پاك دەکرێتەوە بۆ کشتوکاڵ. چونکە زانیاری بەندایەتی و خواپەرستی دڵ و نوێژی نهێنیە و هۆیەکی گرنگیشە بۆ نزیك کردنەوەی دەروون لە خوای باڵا دەست، ئینجا هەروەك چۆن نوێژ ئەرکی ئەندامە دیارو بەرچاوەکانی لاشەبە و بەوانەوە ڕا ئەپەڕێندرێ و جێ بەجێ دەکرێ، قبوڵ و دروست نابێت، مەگەر بە پاك کردنەوەی دەرەوە (الظاهر)ی ئەندامەکان و لاشە نەبێت لە هەر پیسی و بێ دەستنوێژیێ، بە هەمان شێوەش پەرستن (عبادة)ی دەروون و ئاوەدان کردنەوەی دڵ بە زانیاری ڕاست و دروست نابێت، مەگەر لەپاش پاك کردنەوەی دەروون و خاوێن و بژارکردنی نەبێت لە سیفەت و ڕەوشتی ناشیرین و نابووت و خراپ و زیانبەخش.

٢- پاك ڕاگرتنی زمانی:

هەڵبەتە زمان ئەو پارچە گۆشتەیە كە سەنتەر (مركز) ێكە چاكەو خراپەی پێ دەكرێ و لێیەوە هەڵدەقووڵێ، بۆیە زەروور وایە قوتابی وریای زمانی بێت لەكاری چاكەوە نەبێت بەكاری نەهێنێ، هەروەها بیپارێزێ لەو جۆرە قسەو گوفتارانەی كە لەڕیزی تاوانەكان هەژمار دەكرێن، لە زیان و تووڕەیی خوا خوا پەنامان بدات بەم لاوە هیچی تریان لێ ناكەوێتەوە و چاوەڕوان ناكرێ وەكو غەیبەت و بوختان و توانج و پلار و جنێو فرۆشی و دەم شڕی، قسەچنی و هێنان و بردنی، سوێند خواردنی درۆ بەخوا، سوێند خواردن بە غەیری خواو ..... تاد.

پێغەمبەری ئازیزیشمان ﷺ فەرموویەتی:((من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليقل خيرا أو ليصمت))[1] واتە: هەر كەسێ باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە؛ با قسەی چاك بكات، یا بێدەنگ بێت. بۆیە گوتراوە: (ئەگەر قسەكردن زیو بێت، نەكردنی زێڕە).

هەروەها (عبدالله ی كوڕی مەسعودیش خوالێی ڕازیبێ فەرموویەتی: ((والله الذي لا إله إلا هو ليس شيء احوج الى طول سجن من لساني)) واتە: سوێند بەو خوایەی كە بێجگە لە و پەرستراوێكی ڕاستەقینە نییە، هیچ شتێك ئەوەندەی زمانم پێویستی بە زیندانیكردنی زۆر نیە.

٣- دەم:

دەم یەكێكە لەو ئەندامانەی، كە پێویستە بە پاك و خاوێنی ڕا بگیرێ و بپارێزرێ لەهەرچی شتێكی بۆن ناخۆشە و خەڵكی ئازار دەدات، وەكو: (سیر و پیاز و توور و جگەرە)، ڕابەریشمان ﷺ دەفەرمووێت: ((من أكل البصل

---

١ - رواه مسلم بهذا اللفظ والبخاري بعضه.مسلم: ٤٨ .

والثوم والكراث فلا يقربن مسجدنا)).[1] بێگومـان بۆنـی جگـەرەش لـە خـوار بۆنـی ئـەوانی تـرەوە نییـە و بگـرە رەنگــە ناخۆشـتریش بێـت، سـەرەرای هـەبوونی فـەتوای بەلگـەداری چـەندین زانـای بـەتواناو ڕێزداریـش لەسـەر حەرامیەتی جگەرە.

هەڵبەتە ئیسلامی پیرۆز، کە بەکارهێنانی سیواکی بە سوننەتێکی گـەورەو گرینگ داناوە، هەر بەمەبەستی پاك وخاوێنی دەم بووە، وەك لـەم بارەیـەوە خۆشەویست ﷺ دەفەرمووێ: ((السواك مطهرة للفم مرضاة للـرب))[2] واتـە: سیواك پاك کەرەوەیە بۆ دەم و رازیکەرە بۆ پەروەردیگار.

٤- جەستە (الجسد):

خـاوێن و پـاك راگرتنـی لاشـەش، بـەم چـەند شـتانەی خـوارەوە ئـەنجام دەدرێت..

أ- شووشتنی: وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((حق على كل مسـلم أن يغتسل في كل سبعة أيام يوما))[3] واتە: مافێکە لەسەر هەموو موسـڵمانێك، کـە لە هەموو حەوت رۆژێك، رۆژێك خۆی بشوات.

ب- خـاوێن ڕاگرتنـی بـەرگ پۆشــاکی: لـەم بارەشـەوە پێشـەوامان ﷺ دەفەرمووێ: ((من إتخذ ثوباً فلينظفه))[4] واتـە: کـە جـل و بـەرگێکی پۆشـی و دەبەری کرد، با پاکی بکاتەوە.

ج- بۆن بەکار هێنان و خۆ بۆن خۆشکردن: وەك دەفەرموێت: ((غسـل الجمعة واجب على كل مُحْتَلِم والسواك و أن يمس مـن الطيـب مـا يقـدر

---

١ - رواه مسلم: ٥٦٤

٢ - رواه البخاري تعليقا بصيغة الجزم فقال: وقالت عائشة - رضي الله عنها - والنسائي(١/١٠).

٣ - رواه البخاري (٨٥) ومسلم (٨٤٩) عن أبي هريرة رضي الله عنه.

٤ - رواه الطحاوي.

علیه))[1] واتە: خۆشوردنی ڕۆژی جومعە پێویستە لەسەر هەموو بالغ بوێك، هەروەها سیواك كردن و خۆبۆنخۆش كردنیش بەپێی توانا[2].

٥- قوتابخانە:

قوتابخانە حوجرە كە شوێنی نیشتەجێبونی قوتابی فەقێ-یە، پێویستە زۆر بەچاكی پاك و خاوێن را بگیرێ و بپارێزرێ، چونكە پاك و خاوێن راگرتنی شوێنی تیانیشتەجێ بوون و ژینگە، هەم مەرجی تەندروستی مرۆڤە، هەمیش هێما و نیشانەی هۆشیاریيەتی، چاو ساغیشمان ﷺ لەم بارەیەوە دەفەرمووێ: ((فنظفوا أفنيتكم، ولاتشبهوا باليهود))[3] واتە: پێش دەرگاتان پاك رابگرن و لاسایی جولەكەكان مەكەنەوە واتە لە پیسی و پۆخڵی و بێ سەرو بەریدا.

چوار: دوانەكەوتن لەكاتی دیاریكراوی ئەنجام دانی نوێژەكان و دەرس خوێندن و سەعی كردن، نان خواردن هەروەها تێكڕای ئەركەكانی سەرشانی:

سیفەت و رەوشتێكی تری قوتابی زانستە شەرعیەكان لە نێو قوتابخانەدا بریتیە لە دوانەكەوتن لە كات و ساتە دیاریكراوەكانی: نوێژەكان و دەرس خوێندن و سەعی كردن و هەروەها بە ئەنجام گەیاندن و جێبەجێ كردنی سەرجەم ئەو ئیش و كارانەی نێو قوتابخانە ، كەوا بە گوێرەی خشتەیەكی یەكسان و رێك و پێك، دابەش دەكرێت بە سەر قوتابیان، وەكو چای لێنان و چێشت ئامادەكردن وگەسك لێدان و شووشتنی قاپ و پیاڵە و تاد، چونكە مرۆڤی باوەڕدار لە سەرجەم ئەو كارو ئەركانەی ئەنجامیان

---

١ - رواه البخاري: ٨٧٩ و مسلم: (٦/ ١٣٠).

٢ - مەبەستیش لەم وجوبە داكۆكی و تەئكید كردنی زۆر بە خێری (مستحب)ەیاتی كارەكەیە.

٣ - رواه الترمذي.

دەدات، رەچـاوی ڕێـك و پێكـی دەكـات چونكـە پێغەمبـەری پێشـەوا ﷺ فەرموویەتی: ((إن الله يحب إذا عمل أحدكـــم عمـــلا أن يتقنـــه))[1] واتـە: بێگومان خوای مەزن حەز دەكاو پێی خۆشە، ئەگـەر یـەكێك لـە ئێـوە كـارو ئیشێكی ئەنجامدا بە ڕێك و پێكی ئەنجامی بدات..

هەڵبەتە ڕێك و پێكیش لەهەر ئیشێكدا بـەوە بەرهـەم دێت، كـە لـە كـاتی دیاری كراوی خۆیدا دوانەكەوێ و ئەنجام بدرێت.

بۆیە قوتابی زانستە شەرعیەكان بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە خۆ نـادات و لــە خــۆی ناوەشــێنێتەوە، كــە سســـتی و تەمبــەڵی و قــالب گرانـــی و دەستەوەستانی، كەسایەتی لەكەدار و ناشـیرین بكـەن و دوای بخـەن لـە ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی ئەركەكانی سەر شانی..

پێنج: پاراستنی كتێب و خراپ و بێسەر و بەر نەكردنی:

پـەڕتووك ئـەو سـەرچاوە زانسـتیـیە گرینـگ و بەپێزەیـە، كـەوا مـرۆ لــە هــەڵدێرەوە ڕزگــار دەكـات و ڕاســتەڕێی دەكـات و وشـیاری و زانـــایی و سەرفرازی بە مرۆڤ ئەبەخشێ، بۆیە نابێ و نـەگونجاوە، كـەوا كەمتەرخـەمی لە هەمبەر بكرێ و خزمەتی نەكرێ و پاك ڕانەگیرێ ..

بێگومان پاراستن و خزمەت كردنی پەڕتووكیش بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دەكرێت:-

أ- شوێنی دیاریكراوی هەبێت: واتە پێویســتە پەڕتووكخانەیـەك یـان هـەر شوێنێكی كەشیاو و گونجاو بێت دیـاری بكرێـت، بـۆ پاراسـتن و تێـدا دانـانی پەڕتووك.

ب- هـەروەها ئەگـەر پێویسـت بـوو بــەرگ بكـرێ و لــەكاتی خوێنــدن و

---

١ - رواه أبو يعلى والعسكري.

خوێندنـەوەدا پارێزگـاری لـە پـەڕەکانی و بەرگەکـەی بکـرێ، بــە شـێوەیەك پەڕپووت نەکرێ و بە هێواشی و وریایی‌یەوە ئەم دیو و ئەو دیویان پێ بکـرێ بەتایبەت پەرتووکی کۆن و ناسك –.

ج– بێجگە لە ناوی خاوەنی و هــەندێ شـتی تـری پێویسـت نـەبێ چیـتری لەسەر نەنووسرێ و پیس نـەکرێ، ئـەوەی دەشنووسـرێ پێویسـتە ڕەچاوی خەت خۆشی تێدا بکرێ.

د– ئەگـەر قوتابخانـە حوجـرە پــەرتووکخانەی تایبــەتی بـۆ موتــاڵاو کۆکردنەوەی زانیـاری گشـتی هـەبوو، پێویسـتە یـەکێك لـە قوتابیـان دەسـت نیشان بکرێ بۆ سەرپەرشتی‌کردنی، بۆ ئـەوەی کـەوا هـەر کەسـێك بیـەوێ پـەرتووکیك وەر بگرێـت بـۆ خوێندنـەوە لـە سەرپەرشـتیاری پەرتووکخانـەوە وەری بگرێـت و بـە ئاگـاداری ئـەوەوە بێـت، هــەروەها چاکــتر وایــە بابــای سەرپەرشتیکار فۆرم و تێنووسێکی تایبەتی لەبەر دەست دابێت بۆ مەبەستی تۆمارکردنی ناوی کتێبەکان لەگەڵ وەرگرەکانیان، هــەروەها مێـژووی بـردن و هێنانەوەیان و تاد .

شەش: چۆنیەتی هەڵس وکەوت و رەفتارکردن لەگەڵ میواندا:

هەڵبەتە قوتابخانەیش یەکێکە لـەو شـوێنانەی کـەوا خـەڵکی و میـوان زۆر رووی تـێ دەکـەن و هاموشـۆی دەکـەن، چونکـە پێگـەو نـاوەندێکی ئـاینی و زانسـتی و کۆمەڵایـەتی و تـاد یـە. بەشـێکی گرینگیشـە لـە پێکهاتــەی کۆمەڵگەکـەمان، جـا بێگومـان پاراسـتنی حورمـەتی میــوان و بــەرزو بــەڕێز راگرتنی مافێکی شەرعیە وەك دەقە شەرعیەکانیش ئاماژەی پێ دەدەن، بـۆ وێنە پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکیدا دەفەرمووێ: ((من كان يؤمـــن بـــالله

واليوم الأخر فليكرم ضيفـــــه...))[1] واتـه: کەسـێك بـاوەڕی بـەخوا و دواڕۆژ هەیە، با ڕێزی میوانەکەی بگرێ.

بۆیـە پێویسـتە کـەوا قوتابیـانی ئـەم نـاوەندە زانسـتی‌یە ڕەچـاوی ئـەم ڕەوشتانەی خوارەوە بکەن.

١- پێشوازی کردن:

ڕەوشت و خووێکی تری قوتابی زانستە شەرعیەکان بریتی‌یـە لـەوەی هـەرکات هەسـت بکـات کـەوا کەسـێك، یـان کەسـانێك بـەڕێوەن و بـەرەو قوتابخانەوە دێـن دەسـتبەجێ بە پیریانـەوە دەچـێ و پێشـوازیان دەکـات و بەپێی لێوەشاوەیی ڕێزیان دەگرێت.

چونکـە ئەمـە بـە سـوننەتێکی پێغەمبـەری پێشـەوای خـۆی ﷺ دەزانـێ و بەشێوەیەکی عەمەلی پراکتیزە (تطبیق)ی دەکات، بۆ نموونە: ((عن عائشة – رضي الله عنها – قالت: (قدِمَ زيدُ بنُ حارثةَ المدينةَ و رسولُ الله ﷺ – في بيـتي فأتاهُ فقرع البابَ, فقام إليه النبيُّ ﷺ يَجُرُ ثَوْبَهُ فأعتنقه وَقَبّلهُ))[2] واتە: عائیشـە دایکی ئیمـانداران خـوای لێ‌ی ڕازی بێـت دەفـەرمووێ: – زەیـدی کـوڕی حاریثە لە سەفەریك گەڕایەوە مەدینە پێغەمبەری خـواش ﷺ لـە مـاڵی مـن بوو هاتە خزمەتی و پێغەمبەریش ﷺ هەستا بـە پیریـەوە چـوو، عەبایەکەشـی لەدوای خۆی را دەکێشا، لە باوەشی گرت و ماچی کرد.

٢- ڕووخۆشی و گوفتاڕ شیرینی:

هەروەها لە دەمی پێشوازی و بـە پـیرەوەچوونی میوانـەوە – قوتـابی وەك سیمایەکی هەمیشەیی خۆی تابڵی مرۆڤێکی ڕووخۆش و گوفتـار شـیرینە

---

١ – متفق عليه البخاري: ٦١٣٨, مسلم: ١٧٢٧

٢ – رواه الترمذي ٢٧٣٢و قال حديث حسن. بڕوانە (رياض الصالحين) ص-٢٩٤

لە هەمبەری دا پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((لاتحقرن من المعروف شيئاً ولـــو أن تلقى أخاك بوجه طليق))[1] واتە: لەکاری پەسند و خێرو چاکە هیــچ شتێك بێ نرخ سەیر مەکە، ئەگەر هەر ئەوندەش بێت کە بە روویەکی گەش و کـراوە بگەی بە برای موسڵمانی خۆت.

٣- تەوقە کردن:

پاش ئەوەی کە بە روویەکی خۆش و گەش و کراوەو بە گوفتار و زمانێکی شیرینەوە بە پیریانەوە دەچیت و پێشوازی لێدەکەی، کـاتی بـە یەکگەیشـتن تەوقەی لە گەڵ بکە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:((ما مـــن مســـلمان يلتقيان فيتصافحان إلا غفر لهما من قبل أن يفترقا))[2] واتـە: دوو موسـڵمان کـە بـە یـەکتر دەگـەن و تەوقـە بکـەن، بـەر لـەوەی لەیـەك جیـا ببنـــەوە لێیـان دەبووردرێ و خۆش دەبێ.

٤- لە لای سەرەوە دانیشتاندنی:

هـەروەها وا چاکـە میـوان لـە لای ســەرەوە دانیشـتێندرێ و بـۆ ئـەوێ فەرمووی لێ بکرێ، جوان و گونجاو نییە خاوەن ماڵ لە میوانەکەی وە پشـت کەوێ و لە سەرەوە دانیشێ، چونکە وا باوە لە نێو خەڵکی و پتریش لە گـەڵ ڕێز و حورمەت ڕاگرتنی میوان یەك دەگرێتەوە.

٥- خواردن و خواردنەوە پێدانی:

میوان کە دانیشت پێویستە ئاو دوایش چایە، یان شتێکی تری پـێ بـدرێ بە پێی توانای ماددی قوتابخانـەو لێوەشاوەی میـوان، ئەگـەر میوانەکـە لـە دوورەوە هـاتبوو، یـاخود کـاتی ژەم نزیـك بـوو پێویسـتە بــۆ نـان خـواردن

١ - رواه مسلم (٢٦٢٦).

٢ - رواه أبو داود: (١٤/١٢١) ٥٢١٢ .

تەكلیفی لیٚ بكریٚ.

٦- بە تەنیا بە جیٚ نەهیٚشتنی:

وا چاكە میوان بە تەنیا بە جیٚ نەهیٚلدریٚ، یا قوتابیەك یان زیاتر لەلای دانیشن و دەوری چۆل نەكریٚ، چونكە ئەو شیٚوە رەفتارە بیٚ ریٚزی لیٚ ئەفامریٚتەوەو لە گەلٚ رەوشتی میوانداریش تیٚك ناكاتەوە.

٧- دلٚ نەرەنجاندن و سەغلەت نەكردنی بە هۆی قسە و پرسیاری نابەجیٚ:

هەروەها نابیٚ میوان سەغلەت(إحراج) بكریٚ و دلی بریندار بكریٚ بە هۆی پرسیار و قسەی نابەجیٚ و نەگونجاو، ئینجا بە مەبەستی تاقیكردنەوەی بیٚ، یا هەر مەبەستیٚكی تر، نابیٚ دەمەقالیٚ و شەرەقسەی لەگەلٚ بكریٚ و دلٚ و هەست و نەستی بریندار بكریٚ، چونكە شتیٚكی تابلیٚی ناشیرین و نەگونجاوە لە گەلٚ رەوشت و شیٚوەی هەلس و كەوتی- قوتابی زانستە شەرعیەكان- تیٚك ناكاتەوەو جیاوازە لە بابای قوتابی ئەم ناوەندەیش ناوەشیٚتەوە.

٨- بەریٚزەوە بەریٚكردنی:

دوای ئەوەی میوان مۆلەتی رۆیشتنی خواست و رۆیشت، وا چاكە لەدەمی رۆیشتنی دا، قوتابیەك یان زیاتر بە پیٚی لیٚوەشانەوەی میوان لە گەلی بڕۆن و بە ریٚزەوە بەریٚ بكریٚ.

ئیٚستاش زۆر بە كورتی و گوشراوەیی جۆرەكانی میوانی قوتابخانە ئەخەینە روو، كە بریتین لە:

١- زانایانی پایە بەرز: كە بۆ سەردانی مامۆستا، یان قوتابیان، یاخود بۆ هەر مەبەستیٚكی تر سەردانی قوتابخانە-حوجرە- دەكەن.

٢- قوتابی فەقیٚیان -: بۆ سەردان و بەسەر كردنەوە، یان جیٚگرتن دیٚن.

٣- كەس و كاری فێرخوازان، بەمەبەستی سەردان و لێپرسین سەر دەدەن.

٤- خەڵکی ناسراوی دەورووبەری مەدرەسە، وەك هاوڕێیەتی و دۆستایەتی و خۆشەویستی دێنە لای قوتابیان.

٥- خەڵکی ڕێبوار و نەناسراو.

تێبینی: أ- زەرووره له هەر قوتابخانەیەکدا بۆ گفتوگۆو قسەکردن لە گەڵ میوان، قوتابیەکی چاپوك و وریا، یان چەند قوتابیی‌یەك تەرخان و دەستنیشان بکرێن، بێجگە لەوان کەسی تر بەم کاره هەڵنەستێ و خۆی لە قسان هەڵنەقورتێنێ، چونکە وەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((من حسن إسلام المرء تركه مالا يعنيه))[1].

ب- وا چاکە و پەسندە، کە خوێندکار هەر یەکێك لەو جۆره میوانانەی باسمان کرد، بە ئەندازەی هەڵگرتن و لێوەشانەوەی خۆی ڕێزی بگرێ و خزمەتی بکات، وەك پێشەوای مرۆڤایەتی محمد ﷺ فەرموویەتی: ((أنزلوا الناس منازلهم))[2].

حەوت: چۆنیەتی رەفتار کردن لە گەڵ هاوەڵ و برادەردا:

دیاره دۆست و برادەر دەوری کاریگەری هەیە لە سەر ژیان و رەوشتی مرۆڤ بە گشتی و بەتایبەت بابای خوێندکار و قوتابی، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە زوو رەوشت یان سیفەت و خوو لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر نەقڵ دەبێ و وەردەگیرێ و لەیەکەوە نزیك دەبنەوە، بۆیە زەرووره فێرخوازی زانستە شەرعیەکان- دۆست و هاوەڵی وا بۆ ژیانی دەستنیشان بکات کە

---

١ - رواه الترمذي: ٢٣١٧،٢٣١٨ .

٢ - رواه أبو داود: ٤٨٤٢

خاوەن ئامانج بێ، تاکو هاریکاری بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکەیان، خاوەنی بیروباوەڕ و ڕەوشت و خووێکی ڕەسەنیش بێت، تا کو لە پەروەردیگاریەوە نزیکی بکاتەوە و هاوکاری و هاریکاری بێت بۆ مەبەست و ئاوات و خواستەکانی، چونکە هەموویان وەك یەك نین بەڵکو هەمە جۆر و هەمە چەشنن بۆ وێنە وەك ئەوەی هەندێ لە زانایان دابەشیان کردووە بۆ ئەم سێ بەشەی خوارەوە:

١- هاوڕێ بۆ سود وەرگرتن.

٢- هاوڕێ بۆ چێژ و خۆشی وەرگرتن.

٣- هاوڕێی چاکەویست.

یەکەم و دووەمیان دۆستی کاتین بە نەمانی مەبەست و خواست و سوود وەرگرتنەکەیان، پەیوەندی دۆستایەتی هەڵدەوەشێننە، بەڵام سێیەمیان جێی گرنگی پێدانەو شایەنی دۆستایەتی کردنە، چونکە تەنها ئەویان دۆستێکی راستگۆو راستەقینەیە، لەم بارەیەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((الرجل على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل))[1] واتە: مرۆڤ لەسەر ئایینی دۆست و خۆشەویستەکەیەتی، جا با هەر یەکێك لە ئێوە سەرنج بدا داخوا دۆستایەتی کێ دەکا. هەروەها ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیبیش خوا لێی رازی بێ لەم بارەیەوە فەرموویەتی:(أصدقاؤك ثلاثة، وأعداؤك ثلاثة، فأصدقاؤك صديقك، وصديق صديقك، وعدو عدوك، وأعداؤك ، عدوك، وعدو صديقك، وصديق عدوك) واتە: دۆستەکانت سێن و دوژمنەکانیش سێن: دۆستەکانت بریتین لە : دۆستی خۆت، دۆستی دۆستت، دوژمنی دوژمنت،

---

١ - رواه أبو داود: ٤٨٣٣ والترمذي ٢٣٧٨ بإسناد صحيح.

دوژمنەکانیشت ئەمانەن: دوژمنی خۆت، دوژمنی دۆستت، دۆستی دوژمنت.[1]

پێویستە زۆر بە رێکی و جیددیەوە هەق و مافی برایەتی ئیمانی لە گەڵ سەرجەم دۆست و هاوەڵەکانی جێبەجێ بکات، بەڵام لەگەڵ هاورێی قوتابی فەقێ- یەکانی لە پێش هەموویانەوە، بەشێوەیەك قازانج و زیان و خۆشی و ناخۆشی برا قوتابیەکانی پێ وەك هی خۆ بن و وەك هی خۆ حیسابیان بکات، وەك پێغەمبەری سەروەریشمان ﷺ دەفەرمووێ: ((لایؤمن أحدکم حتی یحب لأخیه مایحب لنفسه))[2] واتە: ئیمانی هیچ کامێکتان تەواو نابێ، تاکو هەر چیەك بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش بێ.

جا پیسترین دەردو ڤایرۆسێك کە تەندروستی برایەتی رەسەن و راستەقینە ناساغ دەکات، میکرۆبی ئیرەیی(الحسد)ە، بۆیە هەقی خۆیەتی قوتابی بەرێز زۆر ئاگادار و وریای خۆی بێ نەبادا دووچاری نەخۆشی یەکی ئاوا کوشندە و زیانبەخش بێت، کە بێگومان دوایش چارەسەری ئەستەمە و کۆششی زۆری دەوێ، جا توخوا ئەگەر زانستخوازان و زانایان لە نێو خۆدا براو تەبا نەبن و قازانج و زەرەری یەکتر بە هی خۆ نەزانن، ریز لە یەکتر نەگرن لە پاشملە بەرگری لە یەکتر نەکەن و زەم و غەیبەتی یەکتر بکەن و بوغز و رِق و کینە لە یەکتر بکێشن، دەبێ موسڵمانان کە ئاوا پێشەوایەکیان هەبن، چیان بەسەر بێ و کێ دەردی مامۆستا و پێشەوایان چارە بکات و زام و برینیان تیمار بکات و ئامۆژگاری پێویستیان بکات، وەك شاعیریش دەڵێ:

(یاعلماء الإسلام یا ملح البلد ماذا یصلح الملح إذا الملح فسد)؟!!

---

١ – من أقوال الصحابة والتابعین./ ص-١٣١ و نهج البلاغة/ج٣-ص-٢٠٧

٢ – متفق علیه: البخاری: ١٣, مسلم: ٤٥

هەشت: چۆنیەتی رەوشتی خواردن و خواردنەوە و خەوتن و لەخەو هەستان.

دیارە پەیامی پیرۆزی ئیسلام پەیامێکی هەمەلایەن و گشتگیرە، تێکرای بوار و لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی گرتۆتە خۆی، هیچ بوارێك لە بوارەکانی فەرامۆش و پشت گوێ نەخستووە، تەنانەت باری لایەنی ورد و بچووکیشی لە ژیانی مرۆڤ رێك خستووە و سیستەمی تایبەت و گونجاوی بۆ دارشتووە، جا لایەنێکیش لەو لایەنانەی، کە زۆر بەتۆکمە و بە رێکیەوە باسی لێوە کراوە و روون کراوەتەوە ، چۆنیەتی رەوشتی خواردن و خواردنەوە و خەوتن و هەستان لەخەو و هتد کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، جا بۆ ئەوەی فێرخوازانی –زانستە شەرعیەکان لەم لایەنەشەوە نموونەی کردەیی ئەم چەند خاڵەی دوایی ئەخەینە روو:

یەك: خواردن و خواردنەوە:

١– ناوی خوا ﷻ هێنان و (بسم الله) کردن:

بەڵێ واچاکە و پەسندو سوننەتە، کە لە سەرەتا و دەستپێکی نان خواردنەکە (بسم الله) بکرێ چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((سم الله))[1] واتە: ناوی خوا بێنە و (بسم الله) بکە، وە ئەگەر لە سەرەتاوە لە یاد کرا، پێغەمبەر ﷺ لەم بارەیەوە دەفەرمووێ: ((إذا أكل أحدكم فليذكر أسم الله تعالى, فإن نسي أن يذكر أسم الله تعالى في أوله فاليقل: (بسم الله أوله وآخره))[2] واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە خواردنێکی خوارد با (بسم الله) بڵێ، خۆ ئەگەر لەسەرەتاوە لە یادی چوو، هەر کاتێ بیری کەوتەوە بابڵێ (بسم الله أوله وآخره).

---

١ – البخاري: ٥٣٧٦، مسلم: ٢٠٢٢

٢ – رواه أبو داود(١٠/٢٤٠،٢٤١) والترمذي.

پاشان واتە: دوای (بسم الله) کردن، ئەم دوعایە بخوێندرێ: (اللهم بارك لنا فیه وأطعمنا خیرا منه).[1]

٢- بەدەستی ڕاست خواردن:

هەروەك چۆن سوننەتە کارە چاك و بەرێزەکان بەدەستی ڕاست ئەنجام بدرێن و دەستی ڕاست لە پێشەوە بێت، وەك دەستنوێژ و غوسل و تەیەموم جل و بەرگ لەبەکردن و پێڵاو لەپێکردن و چوونەمزگەوت و سیواك کردن و نینۆك کردن و تەوقەکردن و هاتنەدەر لە ئاودەست و بەخشین و وەرگرتن تاد، بە هەمان شێوەش خواردن و خواردنەوە وا سوننەتە، وەك ﷺ دەفەرمووێ: ((وكل بيمينك..)).[2]

٣- لەبەردەم خۆ خواردن و دەست درێژ نەکرن بۆ ئەم لاو ئەولای قاپەکە:

هەروەها مرۆڤ پێویستە لەبەردەم خۆ و پێشەوەی خۆ بخوات و دەست بۆ ئەم لا و ئەو لا و ناوەڕاستی قاپەکە درێژ نەکات ، وەك خۆشەویستمان ﷺ دەفەرمووێ: ((وكل مما يليك))[3] چونکە کارێکە هەم پێچەوانەی سوننەت و ڕەوشتی پێغەمبەرە ﷺ هەمیش کارێکی قێزەون و ناشیرینە. ئەمەش لەکاتێکدا ئەم کارە ناپەسەندە، گەر چەند کەسێك لەسەر یەك قاپ بخۆن، بەڵام گەر کەسێك هەر قاپێکی تایبەتی بۆ دانرابو، بۆی هەیە دەست بگێڕێ.

٤- عەیب و ڕەخنە نەگرتن لە خواردن:

ڕەوشتێکی تری قوتابی ئەوەیە هەرگیز عەیب و ڕەخنە لە خواردن ناگرێ، بەڵکو ئەگەر ئارەزووی لێبێ دەیخوات ئەگینا بێدەنگ دەبێ، چونکە ئەمە

---

١ - أخرجه الترمذي.

٢ - متفق عليه: البخاري: ٥٣٧٦، مسلم: ٢٠٢٢

٣ - متفق عليه، البخاري: ٥٣٧٦ ،مسلم: ٢٠٢٢

ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ بووە، وەك ئەبی هورەیرە خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ: ((ماعاب رسول الله ﷺ طعاما قط, إن أشتهاه أكله, وإن كَرِهَهُ تركَهُ)).[1] واتە: پێغەمبەری خواﷺ هەرگیز ڕەخنەی لە خواردن نەگرتوە، گەر ئارەزوی لێبا دەیخوارد، گەر حەزی پێ نەکردبا وازی لێهێناوە و نەیخواردوە.

٥- پاڵنەدانەوە لەکاتی خواردن:

چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((لا آكل متكئا))[2] واتە: بە پاڵدانەوە نان ناخۆم.

٦- دەست شوشتن پێش دەستپێکرن دوای تەواو بوون و دوعای کۆتایی خوێندن:

هەروەها پەسند وایە بەر لەوەی دەست بکرێ بە خواردن و دوای لە خواردن بوونەوە و تەواو بوونیش دەست و دەم بشوشترێ، چونکە هەم نیشانەی پاك و خاوێنی‌یە، هەمیش کارێکی بەسوودە بۆ تەندروستی مرۆڤ، سوننەتیشە دوای تەواوبوون ئەم دوعایە بخوێندرێ ((الحمد لله الذي أطعمني هذا ورزقنيه من غير حول مني ولا قوة)).[3]

٧- ئەدەب و ڕەوشتی ئاوخواردنەوە:

لەم خاڵی حەوتەمەدا هەوڵ ئەدەین بە کورتی چۆنیەتی و ئەدەب و ڕەوشتی ئاو خواردنەوە بخەینە ڕوو:-

أ- سوننەت وایە ئاو بە سێ قوم بخورێتەوە: چونکە ئەنەس خوالێ ڕازی بێ دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ((كان يتنفس في الشراب

---

١ - متفق عليه، البخاري: ٥٤٠٩ ، مسلم: ٢٠٦٤

٢ - رواه البخاري: ٥٣٩٨، ٥٣٩٩

٣ - رواه أبو داود: ٤٠٢٣ والترمذي: ٣٤٥٨

ثلاثا))[1] واته: له خواردنه‌وه دا سێ جار هه‌ناسه‌ی ده‌دا، واته: له ده‌ره‌وه‌ی جامه‌که.

ب- له‌لای راسته‌وه ده‌ستپێ کردن: ئه‌گه‌ر یه‌کێك ئاو، یان هه‌ر خواردنه‌وه‌یه‌کی‌تر بگێڕێ و بدا به ئاماده‌بوانی مه‌جلیس و کۆڕ و کۆمه‌ڵێك، وا سوننه‌ته له لای راسته‌وه ده‌ست پێ بکات، چونکه ئه‌نه‌س خوای لێ رازیبێ ده‌گێڕێته‌وه و ده‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ هه‌ندێ شیری تێکه‌ڵ به ئاویان بۆ هێنا، له لای راست ئه‌عرابی‌یه‌ك دانیشتبوو لای چه‌پیشی ئه‌بوبه‌کر خوای لێی رازی بێ خۆی خواردیه‌وه ئینجا دای به ئه‌عرابیه‌که و فه‌رمووی: ((الأيمن فالأيمن))[2] واته: لای راسته پاشانیش تا کۆتایی

ج- نه‌خواردنه‌وه به زاری دۆلکه یان هه‌ر ئامرازێکی تری ئاو هێنان و ئاو تێدا هه‌لگرتن:

به‌ڕاستی خوو و خه‌سڵه‌تێکی قێزه‌ون و ناشیرینه که یه‌کێك ده‌م به دۆلکه و ئامرازه‌کانی تری ئاو و خواردنه‌وه وه‌ده‌نێ، به‌بێ به‌کارهێنانی په‌رداخ یانه جامی ئاو پێ خواردنه‌وه، چونکه ده‌بێته مایه‌ی ته‌بیعه‌ت و سروشت تێکدانی ئه‌وانی تر، پێغه‌مبه‌ری پێشه‌واش ﷺ نه‌هی کردووه له‌م کاره، وه‌ك ئه‌بو هوره‌یره -ره‌زای خوای لێبێ ده‌ڵێ: ((نهى رسول الله ﷺ أن يشرب من في السقاء والقربة))[3].

د- فوو تێدا نه‌کردنی: کارێکی چاك و پاك و په‌سند نیه، فوو له هه‌ر خواردن و خواردنه‌وه‌یه‌ك بکرێ، پێغه‌مبه‌ری خواش ﷺ ئه‌مه‌ی قه‌ده‌غه کردووه، وه‌ك ئیبنو عه‌بباس خوا لێیان رازی بێ ده‌ڵێ: ((إن النبي ﷺ

---

١ - متفق عليه، البخاري: ٥٦٣١ ، مسلم: ٢٠٢٨ واللفظ له.

٢ - متفق عليه، البخاري: ٢٣٥٢، مسلم:٢٠٢٩

٣ - متفق عليه، البخاري: ٥٦٢٣

نهى أن يتنفس في الإناء أو ينفخ فيه))[1].

هـ- به پێوه نه‌خواردنه‌وه: وا باشه و سوننه‌ته ئاو تا بكرێ به دانیشتنه‌وه بخورێته‌وه چونكه ئه‌نه‌س خوالێی ڕازی‌بێ ده‌گێڕنه‌وه كه پێغه‌مبه‌رﷺ: ((نهى أن يشرب الرجل قائماً))[2] به‌ڵام دروستیشه به پێوه بخورێته‌وه، چونكه چه‌ند فه‌رمووده‌یه‌ك له‌م باره‌یه‌وه هاتوون، بۆ نموونه: ئیبنو عباس خوا لێیان رازی بێ ده‌ڵێ: ((سقيت النبي ﷺ من زمزم فشرب وهو قائم))[3].

و- بابای ئاوگێڕ له پاش هه‌موویانه‌وه بخواته‌وه: دیسان سوننه‌ت وایه ئه‌و كه‌سه‌ی خواردنه‌وه‌كه ده‌گێڕێ دوای هه‌موان بخواته‌وه، وه‌ك پێغه‌مبه‌رﷺ ده‌فه‌رموێ: ((ساقي القوم آخرهم)) يعني شرباً-[4].

دوو: خه‌وتن و له‌خه‌و هه‌ستان:

أ- حوزیفه خوا لێی رازی‌بێ ده‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ر ﷺ كه بۆ خه‌وتن ده‌هاته سه‌ر جێ، ده‌ستی ده‌خسته ژێر كوڵمه‌ی ئه‌یفه‌رموو: ((باسمك اللّهم أموت وأحيا))، كاتێكیش له‌خه‌و هه‌ڵده‌ستا ئه‌یفه‌رموو: ((الحمد لله الذي أحيانا بعد ما أماتنا و إليه النشور))[5].

ب- له‌سه‌ر زگ خه‌وتن چاك و په‌سند نیه، چونكه خوا تووڕه ده‌كات، پێغه‌مبه‌رﷺ ده‌رباره‌ی فه‌رموویه‌تی: ((إن هذه ضجعة يبغضها الله))[6].

---

١ - رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح، الترمذي:١٨٨٨

٢ -رواه مسلم:٢٠٢٤

٣ - متفق عليه، البخاري:٥٦١٧ ، مسلم:٢٠٢٧

٤ - رواه الترمذي:١٨٩٤

٥ - رواه البخاري: ٦٣١٢، ٦٣١٤ عن حذيفة.

٦ رواه أبو داود بإسناد صحيح: ٥٠٤٠ واللفظ له.

سێ: ڕەوشتی ئیزن وەرگرتن (الأستئذان):

ڕەوشت و خووێکی تری قوتابی زانستە شەرعیەکان بریتیە لەوەی، کە بەبێ ئیزن و مۆڵەت وەرگرتن وەژوور هیچ شوێنێك ناکەوێت ، مەگەر شوێنێکی وا بێت ئیزن وەرگرتنی گەرەك نەبێ، وەك شوێنە گشتییەکان، چونکە خوای مەزن دەفەرموێ: ﴿ ياأيها الذين آمنوا لاتدخلــو بيوتــا غــير بيوتِكم حتى تستأنسوا وتسلموا على أهلها ﴾[1].

ئەمەش چەند خاڵێك بە کورتی لە بارەی ڕەوشت و چۆنیەتی ئیزن وەرگرتن:

أ- سێ جار لە دەرگەدان: وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((الأســتئذان ثلاث, فإن أذن لك, وإلا فارجع))[2] واتە: ئیزن وەرگرتن سێ جارە، ئەگەر ئیزنیان دای، ئەگینا بگەڕێوە.

ب- لە دەرز و کون و کەلەبەرەکان تەماشانەکردنی ژوورەوە: دروست نیە و کارێکی ناپەسندە کە لە کون و کەلەبەر و دەرزی دەرگاوە تەماشای ژوورەوە بکرێ، بەڵکو پێویستە لەلای ڕاستی دەرگاوە یانە لای چەپیەوە ڕاوەستێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((إنما جعل الأستئذان من أجــل البصر))[3] واتە: کە ئیزن وەرگرتن داندراوە تەنها بۆ خاتری چاوە.

ج- سەلام کردن: ڕەبعی دەڵێ: پیاوێك لەهۆزی (بەنی عامر) بۆی گێڕاینەوە جارێك لە ماڵی پێغەمبەری خوا ﷺ داوای ئیزنی کردبوو، تەنها بەوەندەی گووتبووی، بێمە ژوورەوە؟ پێغەمبەری خواش ﷺ بە

---

١ - النور/ ٢٧

٢ - متفق عليه،البخاري: ٦٢٤٥، مسلم:٢١٥٣ واللفظ له.

٣ - متفق عليه، البخاري: ٦٢٤١واللفظ له ،مسلم: ٢١٦٥

خزمەتكارەكەی فەرموو: برۆ ئەمە فێری رەوشتی ئیزن وەرگرتن بكە، پێی بڵێ با بڵێ: السلام علیکم، بێمە ژوورێ؟ پیاوەكەش گوێی لێبوو گوتی (السلام علیکم) بێمە ژوورێ، پێغەمبەریش ﷺ ئیزنی داو هاتە ژوورەوە.[1]

د- لە كاتی لە دەرگەدان گەر پێیان گوت، كێیە؟ ناوی خۆی بڵێ ، نەڵێ منم، چونكە جابیر خوا لێی رازی بێت. دەڵێ: چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ لە دەرگاكەم دا، فەرمووی: كێیە؟ گوتم: منم، فەرمووی أنا، أنا) واتە (منم، منم) وەك بڵێی پێی ناخۆش بوو[2].

چوار: ئەدەب و رەوشتی پژمین و باوێشك:

أ- پێغەمبەری ئازیز ﷺ دەفەرمووێ ئەگەر یەكێكتان پژمی، با بڵێ (الحمد لله) با براكەشی یا هاوەڵەكەی پێی بڵێ: (یرحمك الله) كاتێكیش وای پێ گوترا لە وەڵامدا بابڵێ: (یهدیکم الله ویصلح بالکم)[3].

ب- بەڵام ئەگەر (الحمد لله)ی نەگوت سوننەت نییە پێی بگوترێ: (یرحمك الله)، چونكە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی ((فإن لم يحمد فلا تُشَمِتوُهُ))[4].

ج-كاتی پژمین دەستت بخە سەر دەمت : ئەبو هورەیرە خوای بێ رازی بێ دەڵێ: ((پێغەمبەری خوا ﷺ كە دەپژمی دەستی یان جلی ئەخستە سەر زاری و دەنگی نزم دەكردەوە))[5].

---

١ - رواه أبو داود بإسناد صحيح: ٥١٧٧

٢ - متفق عليه، البخاري: ٦٢٥٠

٣ - رواه البخاري: ٦٢٢٤

٤ - رواه مسلم: ٢٩٩٢

٥ - أبو داود: ٥٠٢٩ ، الترمذي: ٢٧٤٥

د–دەربارەی باوێشکیش پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((إذا تثائب احدكم فليمسك بيده على فيه، فإن الشيطان يدخل))[1]. واتە: كاتێك یەكێكتان باوێشكی هات، با دەستی بە دەمی‌یەوە بگرێت، چونكە شەیتان دەچێتە ژوورەوە وا چاكە تا بكرێ بگێڕدرێتەوە، چونكە دەفەرموێ: ((إذا تثاءب أحدكم فليرده ما استطاع)).[2]

پێنج: ڕەوشتی قسەكردن:

فێرخوازی زانستە شەرعیەكان لە ئان و ساتی قسەكردنیش لە خەڵكی تر جیایە و شێوە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە وەك:

أ– قسەخۆش و ڕووگەشە و قسەكانی بەجێ و لەجێ وبە سوودن:

چونكە خوای مەزن دەفەرمووێ: ﴿ وقولوا للناس حسنا ....﴾[3] واتە قسەی چاك و جوان لەگەڵ خەڵكی بكەن.

بۆیە قوتابی بەڕێز كاتێ كە لە گەڵ خەڵكی دەدوێ، كامە قسەو وشەی چاكە و كامە تەعبیر جوانە و گونجاوە دەڵێ و بەكار دەهێنێ، خۆی دوور دەگرێ لەهەر وشەو قسەیەكی دڵ بریندارکەر و دڵ شكێن ، كە دەبێتە هۆی تێكدانی پەیوەندی و برایەتی نێوان دوو موسڵمان، پێشینانمان ئاوا بوون بۆیە خەڵكی تامەزرۆی بینینیان بوون و دەوریان دەدان و لێیانەوە بەهرەمەند دەبوون بۆ وێنە:

لە باس و وەسفی (عمر بن الحارث المصری) دا دەڵێن: (كان يخرج من داره فيرى الناس صفوفا يسألونه عن القرآن والحديث والفقه والشعر والعربية

---

١ – رواه مسلم: ٢٩٩٥

٢ – رواه البخار: ٦٢٢٦

٣ – البقرة/ ٨٣

والحساب) واتە: کە لە ماڵەوە دەچووە دەرێ دەیبینی خـەڵك بەچەند ریزێـك وەستاون، دەربارەی قورئان و سوننەت و شەرع و شیعر و زمـانی عـەرەبی و بیرکاری پرسیاریان لێ دەکرد.

ب- هێمن و لەسەرخۆ و نەرم و نیانە، تاڵوکە و پەلەپەل ناکات:

وەك پێغەمبەری پێشەواﷺ کە عادەتی وابووە: ((كان إذا تَكلَّمَ بكَلِمـــةٍ أعادَها ثَلاثاً حتى تُفهَمَ عنه))[1] واتە: پێغەمبەر ﷺ کە قسـەیەکی دەکـرد سـێ جاران دووبارەی دەکردەوە تاوەکو تێی بگەن و لێی حاڵی بن.

هەروەها عائیشەی دایکی ئیماندارانیش خوالێی رازی بێ دەڵێ: ((كان كلام رسول الله ﷺ كلاما فصلاً يفهمه كل من يسمعه))[2] واتە: پێغەمبـەر ﷺ قسەکانی روون و یەکەیەکە بوون و هەر کەسێك بیستبای تێی دەگەیشت.

ج- وشـە و تـەعبیری روون و ئاسـان بـۆ تێگـەیاندنی بەرامبـەری بـەکار دەهێنێ و هەوڵی دەرخستنی زانیاری و شارەزایی خۆی نادات:

خەسڵەت و رەوشتێکی تری فـێرخوازی رەسـەن ئەوەیـە، کە بـەپێی بـۆ گونجان و بۆ رەخسان هەوڵ دەدا و دەخەفتێ لە تێگەیاندنی بەرامبەرەکـەی بە شێواز و وشەو تەعبیری روون و ئاسان، چونکـە ئەمـە پیشـەی پێشـینانی صالح (السلف الصالح) بـووە، وەك (الأحجمي)، دەڵێ: (كنـت إذا سمعـت أبـا عمرو بن علاء يتكلم ظننته لايعرف شيئاً، كان يتكلم كلاما سهلاً) واتـە کـاتێك گوێم لە (أبو عمرو بن علاء) دەبوو قسەی دەکرد پێم وابـوو هیـچ نازانـێ، زۆر بە روونی و سادەو ئاسانی قسەی دەکرد. بێگومان (ابو عمـرو بـن عـلاء)یـش مامۆستای قورئان خوێنەکان و زمانی عەرەبیش بوو.

---

١ - رواه البخاري: ٩٥

٢ - رواه أبو داود: ٤٨٣٩

د- لە دەمی موناقەشە و وتووێژدا تاکە ئامانج و پاڵنەری رەزامەندی خودا و دەرخستنی هەق و راستی‌یە، هەرگیز لەهیچ کاتێکیشدا تفەنگ ناگرێتە تاریکی، بەبێ بەڵگە و شارەزایی تەواو خۆی لە قەرەی هیچ بابەتێك نادات و هەق و راستی لەکام لاوە بەدەر بکەوێ وەری دەگرێ و دەیسەلمێنێ و رەتی ناکاتەوە.

هـ- تووتی ئاسا هەرچیەك کە دەیبیستێ دووبارەی ناکاتەوە و بەرەنگاری پرۆپاگەندە و ئیسرائیلیاتە تازەکان دەبێتەوە:


رەوشتێکی تری پەسندو پێویستی خوێندکاری زانستە شەرعیەکان بریتیە لەوەی، کە زۆر وشیار و بێدارە لە بەرامبەر قسە و قسەلۆك و پرو پاگەندە و قالە و قیلی هەمەجۆر، شوێن هیچێك لە فاك و فیك و بانگەشەیەك ناکەوێ چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((كفى بالمرء كذباً أن يُحدِّثَ بكُلِّ ماسمع))[1] واتە: مرۆڤ ئەوەندەی درۆکردن بەسە، کە هەرچی‌یەکی بیست باسی بکات وبیگێڕێتەوە.

بە تایبەت ئەگەر پەیوەندی بە زانا و پێشەوا و زانست پەروەرانەوە هەبێت، ئەو کات پێویستترە، چونکە مادام ئەوان پلەو پایەیان بەرزتربێ لە خەڵکی تر، دەبێ زیاتریش حورمەت و رێزیان را بگیرێ، لەم بارەشەوە گوتراوە: (إن لحوم العلماء مسمومة) واتە: گۆشتی زانایان ژەهراویە.[2]

---

١ - رواه مسلم: ٥

٢ -ئەم بەشی پێنجەمە بە دەستکاری‌یەکەوە لە کتابی (رياض الصالحين) وەرگیراوە.



بەشی شەشەم

ئایا زانست لەگەڵ پارە و پووڵ و سامان بەراورد دەکرێ؟

دیارە زانست بریتیە لە و بەخششە پیرۆز و گران بەهایەی، کە خوای بە بەزەیی ئەیبەخشێ بە مرۆڤگەلێك لە نێو سەرتاپای مرۆڤایەتی، هۆکارێکی یەکجار گرینگ و کاریگەریشە بۆ راستەڕێ بوون و کامەران بوونی هەڵگرانی و وەر چەرخاندنی کۆمەڵ و کۆمەڵگا بەرەو ژیانێکی ئاسوودە و باشتر..

ئینجا هەڵبەتە وەك گوتراوە (چەم بێ چەقەڵ نابێت) لە نێو زانستخواز و زانست پەروەرانیش، کەسانێك هەن کە لە ماهیەت و چیەتی زانیاری و زانستخوازی حاڵی نەبوون، یانە ئەگەر حالیش بن وبشفامن، چونکە خاوەن نەفسێکی نزمن و زانا و زانستخوازی رەسەن (أصیل) نین، بازرگانی بە زانیاریەوە دەکەن، بازاڕی ڕەشی پێ گەرم دەکەن، بە ئومێدی دەستکەوتنی چەند پارەیەکی قەڵپ و ئافەرینێکی نادروست و نابەجێ، بێ ئاگا لەمە، کە زانستەکەی خۆی گران بەهاترین و بە قیمەتترین سامان و سەرمایە و دەستکەوتێکە ، هەرگیز لەگەڵ ماڵ و سامان و دەستکەوتی تر بەراورد ناکرێ و ناخرێتە تای تەرا زوویەکەوە

بۆیە دەبینین زانا ڕەسەنەکان ئامادەیی‌یان نەبووە زانیاریەکەیان بە هیچ شتێك بگۆڕنەوە و سەودا و مامەڵەی پێوە بکەن، بەڵکو ئەمە بیرو بۆچوونیان بووە.. (یەحیای کوڕی یەمان) گوتوویەتی: گوێم لە سوفیانی ثەوری بوو رەحمەتی خوایان لێ بێت دەیفەرموو: (العالم طبیب الدین والدرهم داء الدین، فإذا أجتر الطبیب الداء إلیه متی یداوي غیره ! !) واتە: زانای ئیسلام دکتۆر و

پزیشکی ئایینه و پاره و پوولیش دەردیەتی، جا ئەگەر دکتۆر خۆی دەردی بۆلای خۆی پەلکێشکرد، کەی و چۆن چارەسەری خەڵکی تر دەکات[1]؟!.

ئینجا بۆ زیاتر بەرچاو روونی و روون کردنەوەی مەبەستەکەمان ئەم چەند خاڵ و دێرەی خوارەوە دەخەینە روو:-

زانای پایەبەرز (إبن القیم) لە کیتابە بە پێز و بە هێزەکەی (مفتاح دار السعادة) دا (٤٠)چل خاڵ و لایەنی خستۆتە روو، دەربارەی گەورەیی و فەزلی عیلم بە سەر ماڵ و سامانەوە، ئێمەش هەندێکیان بە گوشراوی ئەخەینە رووی ئێوەی ئازیز، بە ئومێدی کەلك لێ وەرگرتن و لێ بەهرەمەند بوون..

یەك: عیلم و زانست بۆماوە(میراث)ی پێغەمبەرانە علیهم الصلاة والسلام ، بەلام هەرچی پارە و پوول و سامانە میراتی پادشا و دەوڵەمەندەکانە، وەك ئەم فەرموودەیە ئاماژە بەم راستی‌یە دەدات، کە دەفەرمووێ: ((إن العلماء ورثة الأنبياء، وان الأنبياء لم يورثوا دينارا ولا درهما إنما ورثوا العلم, فمن أخذه أخذ بحظ وافر))[2] واتە: بێگومان زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، دیارە پێغەمبەرانیش زێڕ و زیویان بە میرات بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو زانستیان کردۆتە میرات، جا هەر کەسێك ئەو میراتی زانستە وەر بگرێ ئەوە بێگومان پشك و بەشێکی چاکی پێ براوە.

دوو: زانیاری پاسەوانی زانا و هەڵگرانی دەکات و دەیانپارێزێ، بەلام هەندێ خاوەن ماڵ دەبێ چاوی لە ماڵ و سامانەکەی بێت و بیپارێزێ و ئاگاداری بێت، کە ئەمەشیان خۆی لەخۆیدا گرفت و خەم و خەفەتێکە، وەك گوتراوە: (العلم يحرسك وأنت تحرس المال).

---

١ - مەبەست ئەو پارەو پوولەیە کە لە رێگای نامەشروع و لەسەر حیسابی دین پەیدا دەکرێت.

٢ - رواه أحمد وأبوداود والترمذي وإبن ماجه.

سێ: ماڵ و سامان بە بەخشین و خەرج کردن کەم دەبێتەوە و بەرەو نەمان دەچێت، کەچی زانست و زانیاری، تا زیاتر ببەخشێ گەشە دەکا و زێدەتر دەبێت، زانا تا لەزانستەکەی ببەخشێ هێز و توانای زانستی بەرجەستەتر و زێدەتر دەبێ، بەهۆی راگەیاندن و گوتنەوەی و خەڵك فێرکردنی، بێگومان زەکاتی زانیاریش دوو رێگای هەیە: یەکیان فێرکردن، دووەمیان: کار پێ کردنی..

وەك هەندێ لە زانایانی پێشین (السلف) گوتوویانە: (کنا نستعين على حفظ العلم بالعمل بە) واتە: ئێمە زانست بە کار پێ کردنی دەپارێزین، هەندێکیش گوتوویانە: (يهتف العلم بالعمل فإن أجابه حل وإلا أرتحل)[1] واتە: زانیاری بانگی کردەوە دەکات، جا ئەگەر وەڵامی دایەوە دەمێنێتەوە، ئەگینا بار دەکات.

چوار: خاوەن ماڵ کاتێ کە دەمرێ ماڵ و سامانەکەی لەگەڵ ناچێ و لێی جیا دە بێتەوە هاورێیەتیەکەی دەپچرێ، بەڵام زانست و زانیاری دوای مردنیش لەگەڵ زانا بەردەوام دەبێ، لە گۆڕیشدا هاورێیەتی دەکات و کەلکی بۆ دەبێ و لەگەڵیا دەچێتە گۆڕ، بۆیە پێشینانمان دەستیان هەڵنەدەگرت لە داواکردنی زانیاری و بەڵکو هەوڵی بەردەوامیان بۆ دەدا تا ئاستێك جارێك پرسیار لە (عبدالله بن مبارك المروزی) کرا کە ئایا ئەگەر دوای مردن زیندووکرابایەوە چیت دەکرد؟ گوتی: (أطلب العلم حتى يأتيني ملك الموت مرة ثانية) واتە: دوای زانیاری دەکەوتم تا بۆ جاری دووەم فریشتەی گیان کێشان دەهاتەوە لام!.

پێنج: زانیاری دادوەر(حاکم)ە بەسەر سەروەت و سامان و دادوەری دەکات بە سەریەوە، بەڵام هەرچی ماڵ و سامانە دادوەری ناکات بەسەر

---

١ - ئەم فەرموودەیە هی ئیمامی عەلیە - خوا لێی رازی بێ -

زانستەوە.

شەش: عیلم و زانست پادشا و کاربەدەست و خەڵکی تریش پێویستیان پێی هەیە، بەڵام هەرچەندی پارەو پوول وماڵ و سامانە بەتەنها خەڵکی هەژارو نەبوو و کەم دەرامەت پێویستیان پێی هەیە، بۆیە دەبینین زانا رەسەنەکان بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ ئەوەی کە پێویست و کەم دەرامەتیش بوون، کەچی رێگای نەفس بەرزی و قەناعەتیان هەڵبژاردووە و تەنازولیان بۆ هیچ کاربەدەست و دەست رۆیشتوویێك نەکردووە، بەڵکو دانیان بەخۆیاندا گرتووە و کەسایەتی خۆیان و رێزو حورمەتی زانستیشیان پارستووە، بۆنموونە: ئیمامی شافیعی خوالێی رازی بێ لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێ:

رأيت القناعة رأس الغنى   فصرت بأذيالها متمسك

فلا ذا يراني على بابه   ولا ذا يران به منهمك

فصرت غنيا بلا درهمٍ   أمرُّ على الناس شبه الملك

واتە: بینیم کەوا قەناعەت سەری دەوڵەمەندییە، بۆیە توند دەستەو دامێنی بووم و دەستم پێوەی گرت، نەئەو دەمبینێ لەبەر دەرگای بوەستم و نە ئەویش دەمبینێ بە دەوریدا بێم و بچم، بە هۆی قەناعەتەوە بەبێ زێڕ و زیو و پارە دەوڵەمەند بووم و پاشا ئاسا بەلای خەڵکی دا تێدەپەڕم و ئەڕۆم!.

حەوت: ماڵ و سامان بە هەر یەکێك لە مرۆڤی باوەڕدار و بێباوەڕ کافر ، هەروەها چاکەکار و خراپەکارەوە بەدەست دەهێندرێ و چنگ دەکەوێ، بەڵام زانیاری بەسود بە مرۆڤێکی باوەڕدار و خواناس نەبێ بە دەست ناهێندرێ.

هەشت: دەروون پاك دەبێتەوە بە کۆکردنەوەی زانیاری، رێزدار و شەرەفمەند دەبێت بە دەستخستنی، بەڵام هەرچی ماڵ و سامانە دەروون

پـاك ناكاتـەوە و تـەواو (كـامل)ی ناكـات بـەڵكو مرۆڤ، تـا زیـاتر لەگـەڵی دا خەریك بـێ و تـێ بكۆشـێ بۆی و كـۆی بكاتـەوە، زیـاتر دەروونـی گیرۆدەی ناتـەواوی و چروكـی و رەزیلـی و تـەواوی نەخۆشـیـیە دەروونیـەكان دەبێـت، هەروەها سوربوون و خەریك بوونـی دەروون لەسـەر وەدەستهێنانی زانیـاری هێمـای رێك و پێكـی تـەواوی دەروونـە، بـەڵام ئەمـەیان بــۆ وەدەسـتهێنای سەروەت و سامان رێك نیشانەی ناتەواویەتی.

نــۆ: هەروەها پارەو پوڵ و سەروەت و سامان خاوەنەكـەی بـانگ دەكـات بۆ سەركەشـی و لاسـاری و خـۆ بەگـەورەگرتن و فـەخرو شـانازی و فـیزكردن بەسـەر خـەڵكی دا، بـەڵام زانیـاری بابـای زانـا بــانگ دەكـات بـۆ بەسـۆز و میهرەبانی و ملكەچی و هەستان بە راپەڕاندنی هەق و مافی بەندایەتی..

قوتابی بـەڕێز:

ئەگەر سەرنجێكی هەڵسو كەوتی زانایان بدەیـت زۆر بـە روونـی مەبەسـتی سەرەوەمان ئاشكرا دەبێ بۆ نموونە:..

دەگێڕنەوە جارێكیان پیاوێك لەگەڵ (الأحنف بن قیس)دا دەبێتـە مشـت و مڕی و بە (الأحنف) دەڵێ: ئەگەر قسەیەكم پێ بڵــێی دە قسـان دەبیسـتی! (الأحنـف)یـش دەڵـێ: بـەڵام ئەگـەر تـۆ دەقسەشـم پـێ بڵــێی قســەیەكم لێ نابیستی.!

دە: خۆشەویسـتی زانیـاری و داواكردنـی بنچینـە (أصــل)ی هــەمووی گوێڕایــەڵی و فەرمانبەریەكــە، بــەڵام خۆشەویسـتی مــاڵ و ســامان و بەدواداگــەڕانی ســەرچاوە و بنچینــەی تێكــڕای تــاوان و خراپــە و سەرپێچیەكانە، بۆیە مرۆڤ ئەگەر ژیاننامە و مێژووی زانایان و قوتابیانی زانستە شەرعیەكان دەخوێنێتەوە ، رووداوی سەرسوڕهێنەر و بێ وێنە: لە بابەت هەوڵ و ماندوبوون و تامەزرۆییان بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیـاری،

هەروەها خۆپاراستن و وەرع و پابەند بوونیان و ...هتد، بۆ وێنە:

أ- (جابر بن عبدالله) خوا لێی رازی بێ سەفەری کردووە بۆ وڵاتی شام، لە سەفەرەکەیدا یەك مانگ رێی بڕیوە تەنها بۆ بیستنی فەرموودەیەك لە (عبدالله بن أنس) کە ئەم فەرموودەی خوارەوە بوو کە ئەفەرمووێ: ((يحشر الناس يوم القيامة حفاة عراة غرلا))[1].

ب- هەروەها ئیمامی بوخاری بۆ زۆر لە وڵاتان گەشت و سەفەری کردووە و بەدوای زانیاری دا گەڕاوە، زیاتر لە هەزار مامۆستا شتی بیستووە، عادەتی وابووە زۆر جاران لەخەو هەڵدەستایەوە و چراکەی پێدەکرد و شتێکی بەسود یانە مەسەلەیەکی پێویست، کە بە هزر و بیریا دەهات دەینووسیەوە پاشان دەخەوتەوە، چەندجار ئەمە دووبارە دەبوویەوە، بەڵکو شەوی وابووە بیست کەڕەت ئەمەی کردووە!.

ج- دەگێڕنەوە جارێکیان پیاوێك دەچێتە لای شێخ ئەمجەد زەهاوی لە فەرمانگەکەی خۆی، داوای لێ دەکات نامەیەك بۆ کەسێك بۆ بنووسێ، تاکو کارەکەی بە ئاسانی بڕوات! شێخیش کاغەزی لەلا نابێ، بۆیە فلسێکی دەداتێ و پێی دەڵێ: بڕۆ پەڕەکاغەزێك بکڕە، کابراش دەڵێ: شێخ ئەدی ئەوە کاغەزی سپی نیە لەبەر دەمت؟ ئەویش دەڵێ: رۆڵەگیان ئەوە ماڵی دەوڵەتە و هی من نیە! جا کابرا دەچێ کاغەزێك دەکڕێ و بۆی دەهێنێ، ئەوجا نامەکەی بۆ دەنووسێ و بەپێر کارەکەی دەڕوات.

یازدە: بە زانیاری نەبێ کەس گوێڕایەڵی و فەرمانبەری خوای نەکردووە، کەچی تێکڕای ئەوانەی سەرپێچی و بێ فەرمانی خوا دەکەن بە ماڵ و سەروەت و سامانە.

---

١ صحيح البخاري: ٦٥٢٧ ، مسلم: ٢٨٥٩

بەڵێ قوتابیئازیز:

بۆیە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ پێشینانی ئەم ئوممەتە زۆر جەختیان لەسەر هەوڵدان بۆ کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی زانست و زانیاری کردووە، خەم ساردی و کەمتەرخەمی دەربارەی دەستخستنی زانستیان بەکارێکی مەترسیدار لە قەڵەم داوە بۆ وێنە:

(أبوبكر الغفاري) خوالێی رازی بێ فەرموویەتی: (ياجاهل العلم، تعلم العلم فإن قلبا ليس فيه شوق العلم كالبيت الخراب الذي لا عامر له)[1] واتە: ئەی نەخوێندەوار و بێ زانیاری هەوڵی فێربوونی زانیاری بدە، چونکە هەر دڵێك ئارەزووی زانیاری تێدا نەبێ وەك ماڵی خرابگە و کەلاوەشڕەی بێ خاوەنی مشوور خۆر وایە !.

دوازدە: خاوەن ماڵ کاتێك بە باشی باسی دەکرێ و مەدحی دەکرێ، کە خەرجی بکات چرووکی پێ نەکات و نەیهێڵێتەوە، بەڵام تاك(فرد)ی زانا بە خۆیێ ڕازاندنەوە و کارپێکردنی و ڕەنگ دانەوەی لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەیدا.

سێزدە: ئەوەی پارەو پول و ماڵ و سامانی هەیە و دەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتووە، ڕۆژگارێك دێ دەوڵەمەندیەکەی نامێنێ و لە کیسی دەچێ، بەمەش ئازارو خەفەت دەیگرێت و دڵتەنگ و ناڕەحەت دەبێت، بەڵام هەرچی دەست ڕۆیشتن و دەوڵەمەندی بە زانست و زانیارییە، بێگومان ئەمەی لەدەست ناچێ و دوو چاری خەفەت و دڵتەنگی دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتیش نابێت ، هەروەها تام و چێژ (لذة) و خۆشی دەوڵەمەندی ماڵ و سامان حاڵەتێکی کاتییە و بە سەر دەچێ و دەبڕێتەوە خەفەت و دڵتەنگیشی لێ نەکەوێتەوە، کەچی تام و چێژ و خۆشی دەست ڕۆیشتن لە بواری زانست

---

١ – من أقوال الصحابة والتابعين/ ص– ٢٨

شتێکی لەبن نەهاتوو بەردەوامە و هیـچ جۆرە ئـازار و خەفـەت و دڵتـەنگی و ناخۆشییێکی لیٚ ناکەوێتەوە.

قوتابی ئازیز:

زانیـاری ئـەوەندە بـە بـەهاو جـێی گرنگـی و بایـەخ پێدانـی زانایـان و ڕێبوارانی ڕێی خواناسین بووە، بۆیە دەبینین بە جۆرەها شـێوەی قەشـەنگ وەسفیان کردووە ولێی دواون، بۆ نموونە:

(عبدالله بن داود) خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ گوێم لە (سوفیانی ثـەوری) بوو دەیفەرموو: (إن هذا الحديث عز فمن أراد به الدنيـا وجدهـا، ومـن أراد بـه الآخرة وجدها)[1] واتـە: بەڕاسـتی ئـەم فەردوودەیـە شـکۆ و سـەربەرزییەکە، گەر کەسێك داوای دونیای پێ بکا بەدەستی دەهێنێ، هەروەها ئەوەی دواڕۆژ (الآخرة)یش پێ داوا بکا بەدەستی دەهێنێ.

(سفيان بن عيينة)یش خوا لێی ڕازی بـێ دەفـەرمووێ: (أرفـع النـاس منزلة عند الله من كان بين الله وبين عباده وهم الأنبياء والعلماء)[2] واتـە: پلـە بەرزترینی خەڵکی لە لایەن خواوە، کەسێکە لەنێوان خـواو بـەندەکانی بێـت، ئەوانیش پێغەمبەران ـ عليهم الصلاة والسلام و زانایانن. شاعیریش ڕاستی گوتووە کە دەڵێ:

ماالفخرُ إلا لأهلِ العلم إنهـــم	على الهدى لمن إستهدى أدلاّءُ
وقدر كل امرئ ماكان يحسنه	والجاهـلونَ لأهلِ العلمِ أعـداءُ
ففز بعلم تَعِشْ حيًّـا بهِ أبدًا	الناسُ مَوْتى وأهلُ العلمِ أحياءُ

١ - البحر الرائق في الزهد والرقائق/ ص- ٣٨

٢ - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەڵێ قوتابی دڵسۆز:

ئەمەیە فەزڵ و قەدرو ڕێزی زانست و زیاد لە مەش بە پێی دید و هزر و بۆچوونی ئیسلامخوازان و زانست دۆستان ، خۆشویستنی زانیاری و کۆشش کردن بۆ مەبەستی بە دەست هێنانی زانیاری، بە خواپەرستی و دینداری لە قەڵەم دراوە و ئەژمار کراوە وەکو:

أ- پێشەوا (علی بن أبي طالب) خوا لێی رازی بێ- دەفەرمووێ: (ومحبة العلم -أو العالم- دين يدان بها)[1].

ب - هەروەها دەربارەی فەزڵ و گەورەیی زانا گوتراوە: (العالم بعد وفاته ميت وهو حي بين الناس) واتە: بابای زانا لە دوای مردنیدا، کە مردووە لە نێو خەڵکی هەر زیندووە، بەڵام نەزان، لە ژیانیدا کە ماوەو زیندووە کەچی لە نێو خەڵکی دا مردووە و کەس باسی ناکات وبیری لێ ناکاتەوە. بەراستی جوان و بە جێیە چونکە سەرنجێکی زانایانی فەرموودە ناسی(علماء الحديث) یان شەرع زانان(علماء الفقه) بدەین، دەبینین ساڵەهای ساڵە لە ژیاندا نەماون و ژێر گڵ کراون، کەچی مەدح و ستایش و باس و خواسیان دونیای پڕ کردوو، لە نێو خەڵکی چۆن هەر زیندوو لە ژیاندا بن ئاوان، بە تەنها لاشەو شێوەیان لە نێوماندا نەماوە، لەنێو دڵاندا زیندوون وەك دەڵێن: (أعيانهم مفقودة وأمثالهم في القلوب موجودة).

ج- پێشەوا (علي بن أبي طالب) یش - خوالێی رازی بێ - لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکی دەربارەی بەراوردییەك لە نێوان ماڵ و سامان و زانیاریدا دەفەرمووێ: (وصنيعة المال تزول بزواله)[2] واتە: هەر دەستەکەوت و پلەو پایەو شتێك کەوا بە هۆی سامان و لە ڕێی ئەوەوە بە

١ - البحر الرائق في الزهد والرقائق/ ص-٣٦

٢ -البحر الرائق في الزهد والرقائق/ ص-٣٧

دەست بهێندرێ وەكو (خۆشەویستی ڕێز و تەقدیر ...هتد)، بێگومان لەبەر خاتری چاوی كاڵی سامان دار نیە، بەڵكو هی ماڵ و سامان و دەست ڕۆیشتنەكەیەتی ، ڕاستەوخۆ دوا بەدوای نەمان و لەدەستدانی سامانەكە ئەو ڕێز و خۆشەویستی و دۆستایەتی و چیەو چی‌یەش نامێنێ و لەدەست دەدرێ.

خوێنەری سەنگین :

ئەوەی ڕاستی بێ نەك تەنها ئەوەی سەرەوە سەرەنجامی دەوڵەمەندی و سامانداری‌یە تەنانەت جاری وا هەیە ئەوەی تا دوێنێ خزمەتكار بوو ، بەڵێ و قوربان وەڵام گوفتار بوو ، نزیكەو لەوانەیە ئیمڕۆ، كە گۆڕانكاریەك ڕوویداوە لە گوزەرانی كاكی ساماندار سڵاویشی لێ نەكا و حسابیشی بۆ نەكات، وەك هەندێ لە عەرەبان لەم بارەیەوە گووتوویانە:

وكان بَنُو عمِّي يقولونَ مرحباً   فلما رأوني مُعسِراً مات مرحبُ

واتە: تا دوێنێ ئامۆزایەكانم سڵاویان دەكردوو دەیان گووت مەرحەبا، بەڵام كاتێ باری ژیان و گوزەرانم گۆڕانی بەسەرداهات و بە هەژارییان بینیم ئەو جار سڵاوو مەرحەبایەكەش نەماو سەری نایەوە.

كوردانیش جوانیان گوتووە، كە دەڵێن: (تاكو گندۆر گندۆر بوون دۆست و كەس گەلێك زۆر بوون، كە گندۆر هاتنە قڕان دۆست و كەسیش نەمان و بڕان).

بەشی حەوتەم

هەندێ ئاگاداری و وریاکردنەوەی پێویست.

ڕێخۆشکردن:

دیارە بێگومان ڕێگای بە دەستهێنانی زانیاری جۆرەها کۆسپ و تەگەرە و لەمپەر و گرفتی هەمە جۆری لە بەردەمە و ڕاستەشەقامێکی بێ گرفت و گرێ و گۆڵ نیە، بۆیە بە پێویستمان زانی لەم بەشەی حەوتەمەدا هەندێ ئاگاداری و وریا کردنەوەی پێویست و زەروور بخەینە ڕوو، هەرچەندە ئەو شتانەی کە مەترسیدار و زیانبەخشن بۆ سەر پرۆسەی زانستخوازی و لێ سڵەمینەوەو خۆڵێ پاراستنیان گەرەکە، هەرچەندە زۆرن و لەم دەرفەتە کەمەدا ناتواندرێ هەژمار بکرێن و باس لە هەموویان بکرێن و گشتیان بخرێنە ڕوو، بەڵام هەر چۆنێك بێت هەوڵدەدەین گرنگتریان بخەینە ڕووی ئێوەی بەڕێز و سەنگین بە ئومێدی لێوە ئاگادار بوون و تێنەکەوتن و پێوەگرفتار نەبوونیان.

یەك: قسەکردن بەبێ زانیاری و شارەزایی:

بەراستی کارێکی یەکجار دزێوو مەترسیدار و نابەجێیە کەوا ئەهلی زانست چ وەك قوتابی و فێرخواز، یان مامۆستاو فێرکار، خۆی لە قەرەی باس و بابەت و مەسەلەیەك بدات، کە نایزانێ و شارەزایەکی ئەوتۆی لە بارەیەوە نیە و بانگێشەی زانایی بکات و دان نەنێت بە نەزانین و ناشارەزایی خۆیدا وەك ئەوەی پرسیاری لە بابەت هەر مەسەلەیەکەوە لێ بکرێت بێ دوو دڵی و سڵەمینەوە وەڵام بداتەوەو فەتوای قەبە قەبە دەر بکات! بێ گوێدانە مەرجی هەبوونی زانیاری شارەزایی لە بارەیەوە و پرسیارکردنیش لە کەسانی لە خۆی زاناتر و شارەزاتر، یان هاوئاستەکانی بەکەمی و ناتەواوی

بۆخۆی لێك بداتەوە، بەم هۆیەوە لەوانیش نەپرسێ و (شەلم کوێرم ناپارێزم) دروشمی بێ! چونکە ئەم خەسڵەت و خوە بەدوو ناقۆڵاو قێزەونە، هەم دەورو کاریگەریەکی نەگەتیف (سلبی) دەبێت لەسەر پرۆسەی خوێندن و نێو کۆمەڵ هەمیش لەلای پەروەردیگار، ئەم کارە دزێوە بە گوناح و تاوانێکی زل و زەبەلاح هەژمار دەکرێ خوا پەنامان بدات

خوێنەری ئازیز :

جا بۆ ئەوەی وریاتر و بەرچاو روونتربێت، وتەو هەڵوێستی بەشێك لە زانایانمان لەم بارەیە بۆ هەڵبژاردی:

(عبدالله بن مسعود وابن عباس) خوا لێیان رازی بێ فەرموویانە: (من أفتى الناس في كل مايسألونه عنه فهو مجنون)[1] واتە: هەرکەسێك فەتوا بدات بۆ هەموو ئەو شتانەی خەڵکی پرسیاری لێ دەکەن لە بارەیانەوە ئەوە شێتە و بەشێت لە قەڵەم ئەدرێ .

(أبو حصين الأسدي)یش رەحمەتی خوالێی بیێت دەڵێ: (أن أحدهم ليفتي في المسألة، ولو وردت على عمر لجمع لها أهل بدر)[2]. واتە: هی وا هەیە فەتوا لەبارەی مەسەلەیەك دەدات، گەر هێنرا بوایە بەردەم پێشەوا عومەر رەزای خوای لێ بێ هەموو ئەهلی بەدری بۆ کۆ ئەکردەوە ئینجا فەتواو بڕیارەکەی دەدا.

هەندێ لە زانایانیش گووتویانە: (لا أدری نصف العلم) واتە: نازانم نیوەی زانست و زانیاری.

هەروەها زانای پایە بەرز (أیوب) –رەحمەتی خوای لێ بێت – ئەگەر یەکێك پرسیارێکی لێ دەکرد دەیگوت: (أعد، فإن أعاد السؤال كما سأله عنه

---

١ – توجيهات ضرورية لطالب العلم/ ص- ٥٩

٢ – هەمان سەرچاوەی پێشوو.

أولاً أجابه، وإلا لم يجبه) واتە: دووبارەی بکەوە، ئینجا ئەگەر بە شێوەی جاری یەکەم دووبارەی بکردبایەوە وەڵامی دەدایەوە، ئەگینا بێدەنگ دەبوو وەڵامی نەدەدایەوە !.

بێگومان ئەم کارەی نیشانەی تێگەیشتوویی و زیرەکی و وریایی بووە، چونکە چەندەها کەڵك و سوودی ناوازە و نایابی پێوەیە بۆ وێنە:

پێشەوا (ابن القیم) رەحمەتی خوای لێ بێ لە کیتابە بەهێزو پێزەکەی (اعلام الموقعین) ٢/١٦٦، هەندێ کەڵك و سوودی ئەم کارەی خستوونەتە روو، لەمانە:

أ- مەسەلەکە بەم دووبارە کردنەوەیە زیاتر روون و ئاشکراتر دەبێت، بە هۆی چاك لێ حاڵی بوون لە ناوەڕۆکی پرسیارەکە.

ب- دەگونجێ پرسیار بێژ (سائل) ەکە جۆرە کەم تەرخەمی و خەم و ساردیەکی لە پرسیار کردنەکەدا کردبێ، شتێکی وای پشت گوێ خستبێ و باس نەکردبێ کە بڕیارەکەی تەواو پێ بگۆڕێ، جا ئەگەر دووبارەی کردەوە روون دەبێتەوە و ئاشکرا دەبێت.

ج- جاری وایە وا ڕێك دەکەوێ بابای پرسیار لێکراو لە سەرەتاداو لە دەمی پرسیارکردنەکەدا بیری لای خۆی نیەو لە پرسیارەکە بێ ئاگایە و حاڵی نەبووە، بەڵام دوای دووبارە کردنەوەکە چاکتر گوێ دەگرێ و وشیار دەبێتەوە.

د- لەوانەیە بەمە ئاشکرا ببێ ، پرسیار بێژ چەواشەی کردبێ و مەسەلەکەی گۆڕیبێ زیادو کەمی تێدا کردووە، یان تەنیا سیناریۆیەکە دای رشتووە بۆ مەرامێك و لە واقیعدا ئەسلەن بوونیشی نیە، کە ئەو کات پێویست بە وەڵام دانەوەش ناکات[1].

---

١ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص/٥٩-٦٠

دوو: هەوڵدان بۆ خۆ بە زاناو شارەزا ناساندن ونیشاندان:

قوتابی خۆشەویست:

دوور بکەوە و وریا بـە گیرۆدەی دەردوو نەخۆشـی و ڤایرۆسـی نـەداران و دەسـت نەڕۆیشـتووانی بـواری زانیـاری نـەبیت و ڕێبـاز و ڕێگـای ئـەوان نەگرێتەبەر بـۆ مـەرامی – خـۆ بـە زانـا و شـارەزا ناسـاندن و نیشـاندان– بـە شێوەیەك هـەندێ بابـەت و مەسەلەی دیاریکراوی زانسـتی ساز و ئامـادە و ئەزبەر(حفظ) بکەی هەر کە گەیشتی بە کۆڕ و مەجلیسێك و سێ چوار کەست بـە دەوری خۆتـەوە بینـی، دەسـتبەجێ هــەوڵی وورووژاندنیـان بـدەی بـە مەبەست و مەرامی سەرەوە، چونکـە ئـەم کـارە تـابلێی کـارێکی ناشـیرین و نەنگ و نارێك و زیانبەخشە، بە تایبەت ئەگەر خـەڵکی حەقیقـەت و ماهیـەتت بزانێ!.

فێرخوازی بەڕێز و ڕەوشت بەرز:

بە درێژایی مێژوو بە پێی هەڵسەنگاندن و بەدوا داچوون و تاقی کردنـەوە دەرکەوتووە و ئاشکرا بووە ئەگەر دامان نا خەڵکانێك بۆ ماوەیـەکیش بتوانـن بە هۆی فریـودان و چەواشـەکردنی جـەماوەر بژیـن و مـەدار بکـەن، حەتمـەن ڕۆژێك دێ ئەم فریودان و چەواشەیەش نامێنێ و کۆتایی پێ دێت و دەمامکی ساختەکاری و درۆینـی لا دەچێـت و ڕووی حەقیقـەت و سـاغی و ڕاسـتی بـۆ هـەموو لایـەك دەردەکـەوێ و ئاشـکرا دەبـێ جـا ئەگـەر بابـای فریـودەر لـە حەقیقەتەوە کەسێکی نەزان و کەم دەرامەت و نەدار بوو لە هەمبەر زانیـاریدا ، ئـەوا بـۆ هـەموو لایـەك ڕوون دەبێتـەوە و دەناسـرێ و دەردەکـەوێ! لـە کۆنیشـەوە پێشـینان گوتوویانـە: (تستطیع أن تخدع بعض النـاس بعـض الوقت، ولكن لاتستطیع أن تخدع كل النـاس كل الوقـت). واتـە: دەتوانیـت

ماوەیەك هەندێ خەڵكی فریو بدەی و فێڵیان لێ بكەی، بەڵام ناتوانیت هەموو کات فێڵ لە تێكڕای خەڵكی بكەی و چەواشەیان بكەی!.

سێ: ترس و دڵەڕاوكێ لە هەمبەر هەنگاونان.

یەکێکی تریش لەو خوو خەسڵەتانەی، کە وەك كۆسپێكی ڕێگر لە بەردەم پێشڤەچوونی بواری زانیاریيە شەرعیەكان تەماشا دەكرێ و پێویستە قوتابی خۆی لێ بوێرێ و دووركەوێتەوە، بریتی‌یە لە (ترسان و بڕوا بە خۆ نەبوون لە هەنگاونان) كە سەرەنجام زیانێكی یەكجار گەورە دەگەیەنێ بە زانستخوازان و ڕێبوارانی ڕێبازی زانیاری. ترسان لە هەنگاو نان و ڕەنج كێشان بۆ وەرگرتن و بەدەستهێنانی زانیاری یان زانستێك لە زانستەكان یان ترسان و نەوێران لە ڕاگەیاندنی وشەی ڕەوا.

چونكە خوێندكاری ڕەسەن دەبێ بوێر و چاونەترس بێ لە هەمبەر ئاستەنگ و كۆسپەكانی ڕێ و فەردێكی ئارامگر و خۆڕاگر و ڕێبوارێكی پشوودرێژ بێ.

هەڵبەتە كەسێكیش ژیان و بەسەرهاتی پێشینانی نەخوێندبێتەوە، كە چەند بە ئارام و خۆڕاگر و بە سەلیقە بوون لە پێناو وەدەستهێنانی زانست و زانیاری لە بەرامبەر دوژمنانی سوننەت و ستەمكار و زۆرداران و نەزان و نەفامان لێمان حاڵی نیە و چاك لە نیاز و مەبەستمان تێناگات!.

ئێمە دەتوانین ترس و نەوێرانی قوتابی دابەش بكەین بەسەر سێ قۆناغی جیا جیادا:

١- قۆناغی سەرەتایی:

بێگومان ئەوەی لەم قۆناغەدا قوتابی دەترسێنێ ولێی بۆتە تارمایی و مۆتەكە و دەترسێ سەرچاوەو پەڕتووكە گەورەو درێژەكانن لە تێكڕای بابەتا و زانستە جیاجیاكان..

ئەم ترسەش دەتواندرێ بنبڕ و ریشەکێش بکرێ لە رێگای خوێندنی سەرچاوە و کیتابە کورتەکان.

بۆ نموونە:

لە سەرەتادا قوتابی لەخوێندنی کیتابێکی وەکو (تفسیر القرآن العظیم إبن كثیر) لە زانستی تەفسیر و (صحیح البخاری، صحیح مسلم) لە فەرموودە (جمع الجوامع) لە أصول الفقه (ملا جامی ، البهجة المرضیة) لە نحودا و(مغني المحتاج، تحفة) لە فیقهدا و ...تاد. دەترسێ، بەڵام دەتواندرێ ئەمە چارە بکرێ و رێگە چارەی بۆ دابندرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە پێشدا کیتاب و سەرچاوە کورتەکان لە تێکڕای زانستەکان بخوێندرێ وەکو: (زبدة التفسیر من فتح القدیر، جلالین بەبێ حاشیە–) لە زانستی تەفسیر (ریاض الصالحین، بلوغ المرام) لە فەرموودە (الوجیز في أصول الفقه) و هتد .

٢– قۆناغی ناوەندی:

دیارە قوتابی زۆر جار دوای ئەوەی قۆناغێکی بڕی و ئاستێکی زانستی بەدەست هێنا و لە میانەی ئەم کارەیدا دوو چاری گرفتێکی تر دەبێتەوە کە بریتی‌یە لە ترسی لەبیرچوون. هەڵبەتە ئەم جۆرە ترسەش بە شوێن کەوتن و بە کرداری کردنی زانیاری بنەبڕ و چارە دەکرێ و قوتابی لێی رزگار دەبێ، وەك هەندێ زانایان لەم بارەیەوە فەرموویانە: (من أراد أن لاینسی الحدیث فلیعمل به) واتە: کەسێك بیەوێ فەرموودەی لەبیر نەچێتەوە با کاری پێ بکات!.

٣– قۆناغی کۆتایی:

لە کۆتایی رێگاو کات و زەمەنی کەوتنە سەرشانی ئەرکی ڕاگەیاندنیش دا فێرخواز دیسان گیرۆدەی ترس دەبێتەوە، ئەویش ترسانە لە ستەم و زۆری

زۆرداران و چاوسورکردنەوەکانیان، یان لە پلان و داوو تەڵەکەکانی خراپەکار و ئیبلیسەکانی جنۆکەو و ئادەمی ، بە وەپێشنان و پیشاندانی تەماعی دونیایی هەوڵدان بەمەرەمی گۆڕینی و لادانی..

فێرخوازی دامەزراو:

دەرمانی ئەم ترسەش تەنیا پشت بەستنە بەخوای مەزن و دلۆڤان (التوكل على الله) و دامەزراوی‌یە وەك دەفەرمووێ: ﴿ فاصدع بما تؤمر وأعرض عن الجاهلين, إنا كفيناك المستهزئين﴾[1].

لە کۆتاییدا دەڵێم:

حەقی خۆیەتی لە لایەن لایەنی پەیوەی‌ندار چاوێك بە میتۆد (المنهج) و پرۆگرامی ناوەندەکانی زانستەشەرعیەکان دابخشێندرێتەوە و دەستکاریەکی گونجاو و لە باری لەگەڵدا بکرێ بە شێوەیەك سەرلەنوێ بە شێوازێکی تازە و رێك و تۆکمەدا برژێندرێتەوە و چاکسازیەکی تەواوی تێدا بکرێ، تالەم هەل و مەرج و ئان و سات و سەردەمەی ئێستادا قوتابیانی ئەم ناوەندە زانستە شەرعیەش شان بەشانی سەرجەم ناوەند و مەڵبەندە زانستی و ئەکادیمیەکانی تر هەنگاو بنێن و دوانەکەوێ بە میتۆد (المنهج)ێکی گشتگیر و هەمەلایەن و لەبار و گونجاو پێ بنێنە گۆرەپانی کار و چالاکی و گۆڕانکاری بەرچاو بخوڵقێنن و پلە و نمرەی چاك بەدەست بهێنن لە پێشڤە بردنی ئاستی زانیاری و پێشکەشکردنی خزمەتێکی فرە و هەمەجۆر بە گەل و نیشتمانیان، کە پێویستە لەم بەرنامە و پرۆگرامە نوێیەدا ئەم چەند خاڵەی خوارەوەی تێدا رەچاو بکرێن:

أ- سەرجەم زانستە شەرعیەکان وەکو: (تەفسیر و فەرموودە و زانستەکانی قورئان و فەموودەناسی و عەقیدە و فقە و هتد.) و زانستە

---

١ - الحجر/ ٩٤- ٩٥.

ئالیەکان وەکو: (نەحو و صەرف و بەلاغە و منطق و هتد.) وە زانستە هاوچەرخەکان وەك: (مێژو و ماتماتیك و گەردوون ناسی و سروشت ناسی و هتد.) لەخۆگرتبێ و گرینگیان پێ درابێ.

ب- سەرچاوە زانستیەکان بەپێی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی و.تاد دابەش بکرێن، واتە: قۆناغبەندیان تێدا بکرێ چی تر بە سیستەمی هەڕەمەکی کار نەکرێ!.

ج- پێویستە گشت سەرچاوەکانی تێکڕای قۆناغەکان لە لایەن دەستەیەکی پسپۆڕ (المتخصص) هەڵبژێردرێن و دەستنیشان بکرێن و هاوکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەڵبژاردنی سەرچاوەی پاك و ساغ و ڕاست و بەڵگەدار ئاسان و شیاو.

د- هەروەها پێویستە چی تر بە ناڕەوا لە نێوان زانیاریی‌یە ئامرازەییەکان و شەرعیەکان هەدەف و وەسیلە تێکەڵ بەیەك بکرێن و بەجیا پێناسە بکرێن و خەڵکی تێدا سەرگەردان بکرێن و زانیاریە شەرعیەکان بە پەراوێز بکرێن!.

چوار: زێدەڕۆیی لە شەرم و شەرمنی.

قوتابی وا هەیە ئەوەندە شەرمنە تەنانەت ناتوانێ و شەرم دەکات پرسیار لە مامۆستاکەی بکات، یان ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات و زانیاریەکەی بە دەوروبەر ڕا بگەیێنێ!

بۆیە لەدەرئەنجامی ئەمەدا خۆی بێبەش دەکات لە زۆر بابەت و زانستی هەمەجۆر و بەر بڵاو و زیانێکی فرەش لە خۆی دەدات..

پێغەمبەری ڕەوشت بەرزیش ﷺ لەم بارەیەوە نموونە بە ئافرەتانی ئەنصار دەهێنێتەوە، کە شەرم و حەیاو حەشمەت نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم هەوڵدانیان بۆ شارەزایی پەیداکردن لە ئاینیان! وەك دەفەرمووێ: ((رحم الله

نساء الأنصار لم يمنعهن الحياء أن يتفققهن في دينهن))[1].

هەروەها (مجاهد)یش ـ رەحمەتی خوای لیٚ بێت ـ دەڵێ: (لايتعلم العلم مستح ولا مستكبر)[2] واتە: نە شەرمن و نە خۆ بە گەورەگر زانیاری فێر دەبێ.

خوێنەری بەرێز:

وریا بە بەهەڵە لە مەسەلەکە حاڵی نەبی ئێمە، کە باس لە شەرم و حەیا دەکەین ئەوە ناگەیەنێ کە شەرم و حەیا بە شێوەیەکی گشتی کارێکی سەلبی‌یە و ئەبێ خۆی لیٚ دوورە پەرێز بگری،نا، نەخێر ئێمە ئەوەمان گەرەك نیە، بەڵکو ئێمە مەبەستمان ئەو جۆرە شەرم وشەرمنی‌یە، کە لە سنورو چوارچێوەی شەرعی و سروشتی خۆی تەجاوز دەکات و دەترازێ و دەرئەنجامێکی خراپ و نەخواستراوی لیٚ ئەکەوێتەوە و زیان بە فێرخواز دەگەیێنێ ! .

(إبن القيم) رەحمەتی خوای لیٚ بێت گوتوویەتی: (وللعلم ست مراتب: أولها حسن السؤال، الثانية: حسن الأنصات و الأستماع، الثالث: حسن الفهم، الرابعة: الحفظ، الخامسة: التعليم، السادسة: وهي ثمرته، العمل به ومراعاة حدوده)[3] واتە: زانیاری شەش پلەی هەیە: یەکەم جوان پرسیارکردن، دووەم: بەرێکی گوێ‌لیٚ گرتن و خۆ بێ دەنگ کردن، سێیەم: چاك تێگەیشتن، چوارەم: لەبەرکردن، پێنجەم فێرکردن، شەشەم، ئەمەیان بریتی‌یە لە بەرهەمەکەی کە کارپێ کردن و چاوەدێری و پاراستنی سنوورەکانیەتی بێگومان پلەی یەکەم و دووەم بەراشکاوی تەواو ئاماژە بە پابەندبوون بە ئەدەب و شەرم و حەیاوە دەکەن.

---

١ - رواه البخاري.

٢ - الجامع في طلب علم الشريف/ص- ١٨٨

٣ - توجيهات ضرورية لطالب العلم، من (مفتاح دار السعادة/ ص-١٨٤).

پێنج: پەلەکردن لە فتوادان و کیتاب دانان.

پێویستە قوتابی پەلەنەکات لە فتوادان و نووسین و کیتاب دانان، بەڵکو زەرورە بەر لەوەی بەم کارە هەستێ هەوڵ و تەقەلا بدات و رەنج بکێشێت بۆ خۆپێگەیاندن و ساز و ئامادەکردن بە مەبەست و مەرامی هەستان بەم کارە قورس و پڕ مەسئولیەتە و بەدەستهێنان و نیشاندانی توانست و لێهاتوویی و شایستەیی خۆی!.

چونکە ئەنجامدانی ئەم کارە هەم لەباربردنی هزر و بیر و توانست و توانایە، کە پێش هاتنە بەرهەم و پێگەیشتنی، کە هەندێ لە زانایان بە (الأجهاض الفكري) ناوزەدی دەکەن، هەمیش خۆ کوناهبارکردن و تاوانبار کردنە ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: ((من أفتي بغير علم، كان إثمه على من أفتاه))[1] واتە: کەسێك فەتوای بە هەڵە و بێ زانیاری بۆ بدرێ تاوانەکەی لەسەر ئەو کەسەیە کە فەتواکەی بۆ داوە.

ئیمامی (مالك)یش ـ رەحمەتی خوای لێبێت ـ گوتوویەتی: (من سئل عن مسألة فينبغي له قبل أن يجيب فيها أن يعرض نفسه على الجنة والنار، وكيف يكون خلاصه في الآخرة ثم يجيب فيها)[2] واتە: گەر کەسێك لە بارەی مەسەلەیەکەوە پرسیاری لێکرا ، پێویستە بەر لەوەی وەڵام بداتەوە بەهەشت و دۆزەخ و چۆنیەتی خەلاس بوون لە دواڕۆژ بهێنێتە بەرچاوی، ئینجا پاش ئەمە وەڵام بداتەوە ! ؟.

١ - رواه أبو داود عن أبي هريرة بإسناد حسن.

٢ - الجامع في طاب علم الشريف/ص-٢٢٢، (اعلام الموقعين/ج٤ ص-٢١٨)

شەش: هەڵە و کەم و کورتی زانایان کردنە بیانوو پاساو:

پێویستە بابای فێرخواز کاتێ کەم و کوڕی و ناتەواوی، یان بۆچوونێکی هەڵە و سەهو ساتمەکردنی زانا و پێشەوایانی ئیسلامی بەرچاو دەکەوێ، بەمە دڵخۆش و خۆشحاڵ نەبێت و نەیکات بە بیانوو پاساو بۆ خۆی و دڵی خۆی بەمە نەداتەوە!.

چونکە بەڵگە هێنانەوە بە هەڵخلیسکان و ساتمەکردنی زانایان تا بڵێی کارێکی هەڵە و نادروست و نابەجێیە، چونکە زانا و چاوساغ و پێشەوایانی ئیسلامیش وەك هەر تاکێکی تری کۆمەڵگا مرۆڤن، دەگونجێ هەڵە و کەم و کورتی و ناتەواویان هەبێ و دوچاری هەڵەی زانستی و کرداری (العلمي والعملي) ببن، وەك پێغەمبەری پێشەوا ﷺ دەفەرمووێ: ((كل بني آدم خطاء وخير الخطائين التوابون))[1] واتە: تێکڕای ئادەمیزادەکان هەڵەکارن و چاکترین هەڵەکارانیش تۆبەکارانن کەواتە نابێ و ناگونجێ کەس بەبێ هەڵە تێبگەین و چاوەڕوانی بێ هەڵەیی و ناتەواوی لەهیچ مرۆڤێك بکەین و کەس بە (معصوم) بزانین.

(ذوالنون المصري) دەربارەی ئەوانەی بەڵگە بە هەڵە و پەڵەکانی زانایان دەهێننەوە و لە راستەشەقام لادەدەن گوتوویەتی: (جعلوا قليل زلات السلف حجة أنفسهم، ودفنوا كثير مناقبهم)٢ واتە: کەمێك لە هەڵە و ساتمەکردنەکانی زانایانیان کردووەتە بەڵگەی خۆیان، کەچی زۆرێك لە چاکە و پیاوەتی و جوامێرییان شاردۆتەوە و باسیشیان ناکەن!.

---

١ - أخرجه الترمذي وابن ماجه.

٢ - توجيهات ضرورية لطالب العلم/ص- ٦٢.

خوێندكاری بەڕێز:

زەروورە تۆ وەكو قوتابیەكی – زانستە شەرعیەكان لە بەرامبەر هەڵە و ناتەواویەكانی زانایان هەڵسو كەوت بكەی و هەڵوێست دەربڕی و ویژدان بكەیتە سەنگی مەحەك و بەكاری بێنی، تاكو هەرزەكارانە و ئارەزومەندانە بڕیار دەرنەكەی و بەهەڵەدا نەچی!.

جا ئێمە وەكو هاریكاركردنێك و یارمەتی دانێك چەند ڕێنمایەكت لەم بارەیەوە پێشكەش دەكەین، تاكو بەرچاو رونانەتر و ژیرانەتر لە هەمبەر ئەم مەسەلەیەدا هەڵس و كەوت بكەی و هەڵویستی راست و دروست و بەجێ هەڵبژێری:

١– تاكە مەبەست و پاڵنەرت بۆ وروژاندنی هەڵە و هەڵخلیسكانەكە راستكردنەوەی مەسەلەكە بێت و بەس،مەرام و مەبەستی تری لە پشتەوە نەبێ و حەشار نەدرابێ.

٢– پێویستە هەڵە و گۆڕین و لادان (إنحراف) تێكەڵ بە یەكتر نەكرێن و لە یەكتر جیا بكرێنەوە و نەخرێنە تای تەرازوویەكەوە، چونكە هەندێ هەڵەو ساتمەكردن جێی ئومێدی و لێخۆشبوون و لێبووردنن بەو پێیەی، كە ئەنجامدەرەكەی تەواو راستی و رەوایی مەسەلەكەی لە لا روون و ئاشكرا نیە و كەمترخەمی و ساختەیی تێدا نەكردووە، بەڵام هەرچەندی لادان و خۆ گۆڕینە بە تاوان و جەریمەیەكی زل لە قەڵەم ئەدرێ و قابیلی چاوپۆشی لێكردن و لێبووردن نیە، چونكە بابای لاڕێ(منحرف) لایەنی راستیەكە دەرك دەكاو دەیناسێ، كەچی لێی لادەداو پەنا دەباتە بەر بەڵگەو پاساوی لاواز و پێچەوانەو دژ لە گەڵ بەڵگەی بەهێز و راست و بەجێ بۆ مەرامی تایبەتی خۆی و بێ پەروا مومارەسەی دەكات!

٣- هەر کاتێك شتێکت بۆ ساغ بووەوە، کە ئەمە هەڵخلیسکانە، یان بۆچوونێکی هەڵەیە، یان لاوازە یان فەتوایەکی بێ بەڵگەیە لە لایەن زاناو پێشەوایانەوە، پێویستە دەسبەجێ و بێ دوو دڵی و راوەستان پشتی تێبکەی و کاری پێ نەکەی، چونکە هەر ئەم هەڵوێست و رەفتارە دەستەبەری ئەوەیە دووچاری ڤایرۆسی لادان و هەڵخلیسکان و ساتمە کردن نەبیت.

لە کۆتاییدا دەڵێم:

فێرخوازی ژیر و لێزان و بێدار و بە ویژدان ئەو فێرخوازەیە، کە هیچ کات هەڵەو کەم و کورتی زانا و پێشەوایانی پسپۆڕی بوارێك لە بوارەکان ناکاتە پاساو و ئاستەنگ نە بۆ لادان و هەڵەکارییەکانی خۆی، نە بۆ کەڵك و بەهرە وەرنەگرتن لە بەرهەم و کەلەپوور و چاکەو خێری زاناو پێشەوایان، بەڵکو رێك بە پێی ئەم بنەماو پرەنسیپە تەعامول دەکا کە دەڵێ: ((خذ ماصفا ، دع ما كَدَرَ)) واتە: ئەوەی ساف و ساغ و دیار و روونە بیگرەو دەستە بەری بکە، واز بێنە لەوەی کە شڵوێ و لێڵە !.

هەروەها بەهۆی هەڵەو کەم و کورتیەکانەوە کاریان بەکەم نەزانێ و تۆمەت و پڕو پاگەندەی جۆراوجۆریان ناخاتە پاڵ و بۆ هەڵنابەستێ و پەلە ناکات لە حوکم دان بەسەریانەوە، بەڵکو تا بۆی بکرێ و بلوێ رێی تێ بچێ عوزر و پاساویشیان بۆ دەهێنێتەوە، قەناعەتیشی بەم حەقیقەتە هەیە کە دەڵێت:((من فضائل الرجال أن تُعَدَّ معايُبُهُمْ)) واتە: لە چاکەو جوامێری پیاوان ئەوەیە کە عەیب و هەڵەکانیان بژمێردرێن.

حەوت: بە وەرگرتنی کەمە شارەزایی و زانیارییەك قەناعەتکردن.

یەکێکی تریش لەوانەی کە پێویستە زانستخوازان خۆی لیٚ دوور بگرن و لە خۆی نەوەشێننەوە و نزیکی نەکەون، قەناعەتکردنە بە بە وەرگرتنی کەمە شارەزایی و زانیاریەك، نابێ قوتابی هەر کە بڕە زانیاریەکی بەدەست هێنا، یان بڕوانامەیەکی زانستی وەرگرت، ئیدی دوای ئەمە پاڵی لیٚ بداتەوەو چی تر نەگەڕێ و داوای زانیاری پتر نەکات، بەبیانووی ئەوەی گوایە بەو بڕە زانیاریە بەڕی خۆی لە ئاوێ دەردێنێ و ئەوەندەی بەسە و پێویستی بە چی تر نیە، ئیتر هەوڵدان و بەردەوام بوونی زیاتری بۆ چییە!

بەڵام ئەوەی راستی بێ هەر فەردێك بەم شێوەیە بیر بکاتەوە تابلێی هەڵەیە و لە بیرکرنەوەکەیدا ساتمەی کردووە، چونکە هەمومان دەزانین کە پێغەمبەر ﷺ سەرەڕای هەبوونی پلەی بەرزی پێغەمبەرایەتی لە بواری زانیاریش لە چلەپۆپە و لووتکەی هەرە بەرز دا بووە، کەچی هێشتاش خوای پەروەردیگار پێی ئەفەرمووێ: ﴿وَقُل ربِّ زدني علماً﴾[1] واتە: بڵێ: پەروەردیگارم زانیاریم بۆ زیاد بکە.

دیارە وەك دەڵێن: زانست دەریایەکی بێ بنەو سەرەتای هەیە، بەڵام کۆتایی نیەو بێ کۆتایە! پێغەمبەری سەروەریش ﷺ فەرموویەتی: ((منهومان لا يشبعان: طالبُ علمٍ وَطالِبُ دُنيا))[2]. واتە: دوو ئارەزوومەند تێر نابن: داواکاری زانست و داواکاری دونیا.

(إبن عبد البر) گوتوویەتی: (قتادة) فەرموویەتی: (لو كان أحدٌ يكتفي من العلم بشئ لاكتفى موسى– عليه السلام– ولكنه قال: ﴿ هل أتبعك على أن

---

١ –طه/١١٤

٢ – رواه البزار وصححه الألباني في (صحيح الجامع) ج٥/ص–٣٧٤.

تعلمني مما عُلِّمتَ رُشداً﴾[1].

خوێنەری ئازیز:

ئینجا ئەگەر سەرنجی قسە و گوفتار و حاڵ و چۆنیەتی هەڵس و کەوتی هەندێ لەزانایان بدەی لە بارەی ئارەزوومەندی و بەردەوامبوون و هەوڵدانیان بۆ وەدەست هێنان و دەست خستنی زانیاری، سەرسام دەبیت و واقت وڕدەمێنێ! بۆ نموونە:

أ- (ثعلب) کە زانایەکی پسپۆڕی زمانی عەربییە لە بارەی (إبراهیم الحربی) دەڵێ: ((مافقدتُ إبراهیم الحربي من مجلِسِ نحوٍ أو لُغةٍ خمسین سنة))[2] واتە: ماوەی پەنجا ساڵ دەبێ هیچ کۆڕێکی رێزمان یان زمانی عەرەبی نەبووەو نەم بینیوە کە (إبراهیم الحربي) تێدا بەشدار و ئامادە نەبێ.

ب- جارێك پرسیاریان لە (عبدالله بن المبارك المروزی) کرد: ئەگەر دوای مردن زیندوو کرابایەوە چیت دەکرد؟ لە وەڵامدا گوتی: (أطلبُ العلم حتی یأتیني ملك الموت ثانیةً)[3] واتە: دوای زانیاری دەکەوتم تا بۆ جاری دووەم فریشتەی گیان (روح) کێشان دەهاتەوە لام.

ج- (أبو زرعة) گوتوویەتی: (کان أحمد بن حنبل یحفظ ألف ألف حدیثاً)[4] واتە: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل- رەحمەتی خوای لێ بێ- هەزار هەزار فەرموودەی لەبەر بوو- واتە ملیونێك -!.

---

١ - الجامع في طلب علم الشريف/ص-١٨٢، من جامع بيان العلم/ج١-ص ٩٥-١٠٠

٢ - معالم في طريق طلب العلم/ص-٢٨١

٣ - هەمان سەرچاوەی پێشوو/ص- ٢٨٠

٤ - توجيهات ضرورية لطالب العلم/ص-١٤، من صفة الصفوة ٢/٣٣٧

د- (سليمان بن شعبة)يش گوتوويەتی: (كتبوا عن أبي داود أربعين ألف حديث، وليس معه كتاب)[1] واتە: ئەبوداود بێ ئەوەی كیتابی پێ بێ چل هەزار فەرموودەیان لێیەوە نووسییەوە !.

هـ- هەروەها گوتراویشە: ((العلم ثلاثة أشبار، من دخل في الشبر الأول تكبر ، ومن دخل في الشبر الثاني تواضع، ومن دخل في الشبر الثالث علم أنه مايعلم))[2] واتە: زانیاری سێ بستە، ئەو كەسەی چووە نێو بستی یەكەم خۆی بە گەورە گرت، ئەوەی چووە نێو بستی دووەم بێ فیز بوو، ئەوەی چووە نێو بستی سێیەم زانی كەوا هیچ نازانێ!.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين
وصل اللهم على محمد النبى الأمي، وعلى آله وصحبه وسلم

٢٠ / جمادي الثانية / ١٤٢٣ ك
٢٩/ ئاب / ٢٠٠٢ ز

٥

١ - هەمان سەرچاوەی پێشوو/ ص- ١٥
٢ - حلية طالب العلم/ ص- ٥٧

ناوەرۆك

بەشی سێیەم

بەشی چوارەم

بەشی پێنجەم

بەشی شەشەم

بەشی حەوتەم